ژماره: ٥٦ - ٥٥

# یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٣٩٣


کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٤ - ٢٣



کار و چالاکی ٢٤ - ٣٧



وتارەکان ٣٩ - ٤٩


بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی لاوان بکەن www.lawan.com


خاوەن ئیمتیاز: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سەرنووسەر: وریا

بەڕێوەبەری نووسین: شکۆفە قادر سووری

دەستەی نووسەران: ترووسکە سادقی، ژیوار ڕەسووڵی، سامان فەقێ نەبی

هاوکارەکانی ژمارە: عەلی لەیلاخ و هاوڕێ ئیبنی عەباسی

دیزانی ناوەوە و بەرگ: سمکۆ ئەمین سەردەشتی

تایپ: برایم بێهرووزی، سیامەند شێخەپوور

# کۆنگرەی حەوتەمی
# یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

گەلاوێژی ۲۷۱۴ی کوردی

## سەر وتار

حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٨ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی بە بەشداری دەیان ئەندامی کۆنگرە و سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک خالید عەزیزی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات و بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە و کاک جەلیل گادانی و هەروەها نوێنەری ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسی و ئاکادێمییەکان ، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێك بێدەنگی بۆ بەرز ڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی شەهیدان، دەستی بەکارەکانی کرد .

پاشان پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی لاوان لەلایەن مەنسوور سەممار، سکرتێری پێشووی ئەو ڕێکخراوەیە پێشکەش کرا.

دواتر سامان فەقێنەبی، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتەکانی پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێورەسمی کردنەوەی کۆنگرەی حەوتەمی لاواندا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن کاك حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرا.

پاش دوو ڕۆژ گفت و گۆی ڕاشکاو لە کەشێکی تەواو دێموکراتیکدا کۆمەڵێك بڕیار و ڕاسپاردەی نوێ بۆ قۆناغی داهاتووی خەبات و تێکۆشانی لاوانی ڕۆژهەڵات دەرکرا.

حەوتەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا بەڕێوەچوو، کە گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەو بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشبووە، وایکردووە کە لەهەموو لایەکەوە دەرفەتی زێرین بێتە پێش، و هاوکات قەیرانی گەورەشی لێ چاوەڕوان دەکرێ. بەڵام وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی ناوچەکە کە زۆربەیان ئەگەری خوڵقانی کارەساتی مرۆیی لێدەکرێت، لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چالاکییە ژینگە پارێزی و ئەدەبی و وەرزشییەکانیاندا خاو نەبوونەتەوە، و چەندین قارەمانییەتیان لەئاستی ئێران و بگرە جیهانیشدا تۆمارکردووە، هاوکاتیش بەشێوەیەکی خۆڕسك هاوخەمی ماددی و مەعنەوی خۆیان لەژێر ئەو سەرکوت و گوشارە زۆرەی ڕژیمی ئێران بۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان گەیاندووە.

ئاکامی هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێوارەی ڕۆژی ٩ی خەرمانان بەڕێوەچوو:

بەڕێوەبەرانی ئەسڵی:

١- پێشەوا عەلیپوور ٢- ترووسکە سادقی ٣- ئارەزوو عەزیزی
٤- سمکۆ ئەمین سەردەشتی ٥- شادی ئەحمەد پوور ٦- کارزان شەباهەنگ
٧- ئامانج زیبایی ٨- محەممەد میر خزری ٩- ئومید مودەبێری

جێگرەکان:

١- هاوڕێ ئیبنی عەباسی ٢- شەپۆل زارعی ٣- مستەفا دادیلی ٤- جەماڵ ئەکبەری

دواتر ئەندامانی ئەسڵی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوان بە بەشداری هەرکام لە بەڕێزان: کاك مستەفا مەعرووفی نوێنەری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاك سامان فەقێ نەبی سکرتێری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم و کاك مەنسوور سەممار هەڵبژاردن بۆ سکرتێری ڕێکخراو بەڕێوە چوو و پێشەوا عەلی پوور لەلایەن ئەندامانی ئەسڵی کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەنگی متمانەی پێدرا و بە سکرتێری یەکیەتیی لاوان هەڵبژێردرا.

شایانی باسە بەهۆی کۆمەڵێك تێبینی وەك تێپەڕ بوونی کاتی کۆنگرە و ڕاوەستانی پەروازەکانی هەرێم لەسەر ئەو دۆخە نالەبارەی کە داعش دروستی کردبوو لاوانی دەرەوەی وڵات نەیانتوانی بەشداری کۆنگرە بکەن و هەر بۆیەش کۆمیتەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی حەوتەم بە پێویستی زانی کە مافی لاوانی دەرەوەی وڵات لە جێی خۆیدا بدرێت و لاوان لە هەندەران وەك بەشێکی هەمیشەیی یەکیەتی لاوان بەردەوام بن لە کار و چالاکیدا. بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاردرا کە لاوان لە دەرەوەی وڵات کۆنفرانسی گشتی پێك بێنن و سەهمی خۆتان لە بەڕێوەبەری لاواندا کە بریتییە لە دوو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری و یەك جێگر، دیاری بکەن و بڕیار و ڕاسپاردەکانیان وەك بەڵگەنامەی کۆنگرە بنێرنەوە کوردستان و هەروەها هاوکاری و پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کۆمیتەی بەڕێوەبەری لاوان لە کوردستاندا هەبێ.

سەرنووسەر




# پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

میوانە بەڕێزەکان!
لاوانی تێکۆشەر!
ئەندامانی بەشداری کۆنگرە!

خۆشحاڵ و سەربەرزم بەوەی کە لاوانی دێموکرات توانیویانە لەکاتی خۆی دا کۆنگرە ببەستن. بەم بۆنە پیرۆزە و هەروەها بەم هۆیە کە من راسپێردرام کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوان بکەمەوە دەستخۆشانە بە کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەڵێم کە ئەم گەورەیییان بەمن بەخشی و پیرۆزبایی لە ئێوە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی لاوان دەکەم کە بەشداری ئەم کۆنگرەن و ئێوە میوانانی خۆشەویستیش بەخێربێن بۆ مەراسیمی کردنەوەی کۆنگرەی لاوان.

ئەوە سەربەرزییەکی گەورەیە بۆ یەکیەتیی لاوان کە کردویەتیە نەریتێکی جوان لە کۆنگرەکانی دا دوا لە سکرتێرەکانی پێشووی ئەم رێکخراوە یا لەو کەسانەی کە ساڵانێکە خزمەتیان بە یەکیەتیی لاوان کردووە، وەك رێزگرتنێك دەرفەتی کردنەوەی کۆنگرەیان پێداوە و بەم شێوە رێزیان لە زەحمەت و تێکۆشانی ئەوان گرتووە، ئەگەرچی زۆر لەمن بە تەمەن تر و بە ئەزموونتر لێرە بوونیان هەیە و خزمەتیان زیاتر لەمن بە یەکیەتیی لاوان کردووە لەو دەرفەتە کەڵك وەردەگرم و ماندوونەبوونیان لێ دەکەم و هیوای ژیانێکی پڕ لە خۆشیان بۆ بەئاوات دەخوازم و دەڵێم، من قوتابی قوتابخانەی یەکیەتیی لاونم و وەك شاگردێکی بەوەفا گوێڕایەڵی مامۆستاکانم بووم و زۆر بە باشی وانەکانی ئەم قوتابخانەیان لێ فێر بووم و ئەو وانانەم کردۆتە تووشەی رێگەی ژیانم و لەو فێرگەیەدا گەلێك ئەزموون وەدەست هێناوە. و لە سەفەری ئەم کاروانەی خەبات دا ئیفتخاری ئاشنایەتی لەگەڵ زۆر دۆست و رەفیقم بەنەسیب بوو کە ببمە هاوکارو هاوبیریان و لەگەڵ ئەوە تێکۆشەرانە دا جیا لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانمان وانەی ژیانیشیان لێ فێر بووم. هەر لەم رێگەیەدا زۆر ئازیز و خۆشەویستم لەپێناو گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە و بەختەوەر سەریان نایەوە و چوونە نێو کاروانی نەمرانەوە ئەرکی ئەم هاورێیانەشم لەو هاوسەفەرییەدا کەوتە سەرشان و تا گەیشتن بە مەنزڵگەی مەقسوود و شادکردنی روحی ئەوان لەم کاروانەدا درێژە بە خەبات دەدەم. هەر لە سۆنگەی یەکیەتیی لاوانەوە لەخزمەت رێبەرانی حیزبی دێموکرات دا دەرسی ئەخلاق، کرداری مرۆڤ دۆستانە و خۆشەویستی گەل و نیشتیمان فێربووم. کەوابوو ئازیزان یەکیەتیی لاوان هەر بۆ من سەنگەری خەبات و چالاکی نواندن و ئەزموون پێکەوەنان نەبوو، ئەو قیمەتە گرانبەهایانەشی نەسیبی من کردووە و تا لەژیاندا مابم بە ئیفتخارەوە چاو لە یەکیەتیی لاوان و داهاتووەکەی دەکەم.

بەشداربووانی خۆشەویست !

یەکیەتیی لاوان وەکوو یەکەم رێکخراوی مەدەنی گەنجان کە نزیك حەوت دەیە لەمەوبەر لەپێناو کاناڵیزە کردنی هێزو ئیرادەی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە، هەرچەندە ئامانجی سەرەکی ئەم یەکیەتییە دروست کردنی کلتوورو شعورێکی دێموکراتیکی نەتەوەییە کە خزمەت بە چارەسەری ئاشتییانەی دۆخی کورد دەکات و لەو پێناوەدا هەوڵ بۆ ئاراستە کردنی هێزی لاوان بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی دەدات و لەم خانەیە چالاکی دەنوێنێ، بەڵام لەبەر ئەو هۆیەش کە عەقڵانییەتی حاکمیەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا عەقڵانییەتێکی دژە مرۆیی و دژە ئازادییە، یەکیەتیی لاوان لە رێبازی خۆی جیا لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، بەشداری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی دا بە حەقێکی رەوا زانیوە و ئەرکی خۆی لەم پێناوەشدا بەڕێوە بردووە.

لاوانی هێژا و خەباتکار !

بە سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و یەکیەتیی لاوان بەتایبەتی، بە سڵاو لەبنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بەسڵاو لە خۆڕاگری ئەو لاوە لەخۆ بردوونەی کە هەرئێستا دژی زوڵم و ستەمی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن و لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدان، بە سڵاو لەو لاوە بوێر و جیابیرانەی کە بە بەشداری چ راستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ ریزەکانی

شۆڕش دەڕازێننەوە، بە سڵاو لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی هەمیشەیی یەکیەتیی لاوان، کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەمەوە.

ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە !

ئێوە لە ساتەوەختێك دا کۆنگرە دەگرن کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پاشەکشە بە سەرەڕۆیی و ئیستبداد دەکرێ، ڕۆژانە مەرگ یا لەنێوچوونی حکومەت یا دیکتاتۆرێك دەبینین، لەئارا دا ئەوە هەمووی هەوڵ و هیمەتی گەلانی ژێر دەستەیە دژی زوڵم و ستەم.

ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ جیهانی ئێستای ئێمە بەرەو دێموکراسی زیاتر هەنگاو دەنێ، گەرچی شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی بوونەتە دەسپێکی شۆڕشێکی نوێ لەناوچەکەدا و مۆژدەی ئازادی زیاتریان بۆ گەلانی ئەم ناوچەیە بەدیاری هێنا و فەسڵێکی تازەیان لە شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان بە پێشەنگی گەنجان لەو وڵاتانە هێنایە گۆڕێ و لاوان بوونە بزوێنەری سەرەکی ئەم حەرەکەتە مەدەنیانە، ئەم شێوە ڕاپەڕینانە بوونەتە نموونەیەکی باش کە ئێمەش کەڵك لەوانە وەرگرین و لەهێز و ئیرادەی لاوانی خۆمان دڵنیا بینەوە کە دەتوانن پێشەنگی زۆر ئاڵ وگۆڕ لە ئێران دان و دەبێ هەموو هەوڵمان ئەوەبێ کە بە گڕ و تینێکی زۆرترەوە ڕوو بەڕووی مەسەلەکان ببینەوە و لە جاران باشتر درێژە بە خەبات و ئەرکی خۆمان بدەین.

ئەم سەرکەوتنانە لەو شکڵ و شێوە خەباتدا گەرچی هیوای زیاترمان پێدەبەخشێ لەهەمان کاتدا ئەرکی زیاتریشمان دەخاتە سەرشان.

کیژان و کوڕانی ئەندامی کۆنگرە !

وەزعییەتی ناوچەکە و بارودۆخی ئێستای دیکتاتۆرەکان ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چی دیکە ناتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدا لەئاکامدا ئەم ڕژیمە یان گەلانی ئەم وڵاتە شەریکی بەڕێوەبردن دەکا و مافیان دەپارێزێ، یان دەبێ بڕوا و هاوشێوەی ڕژیمەکانی میسر، لیبی، تونیس ماڵئاوایی لە حاکمییەت بکات. بۆیە ئەم وەزعییەتەی ئێران کە دروستی کردووە لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی ڕۆژئاواش یەك ناگرێتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پشتیوانی نێونەتەوەیی لێ کەم دەبێتەوە، ئەمەش ئەرکی ئێوە لەم کۆنگرەیەدا قورستر دەکات ئەرکی ئێوەیە بەرنامە و پلانی باش بۆ داهاتووی ڕێکخراوەکەتان دابڕێژن و لە ئاکامی ئەم کۆنگرەیەدا بڕیار و ڕاسپاردەیەکی باشی لێ بکەوێتەوە و بەڕێوەبەری داهاتوو ڕاسپێرن کە ئەرکەکانی خۆیان بەباشی بەڕێوەبەرن.

ئێوە دەتوانن هاوکار و هاوخەباتی لاوانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بن و وەك هەمیشە پشتیوانی لە بزووتنەوەکانی لاوان، خوێندکاران و ژنانی کوردستان بن و پێشەنگی یەکریزی و یەك گوتاری لەنێوان لاوانی کورد دابن.

ئەرکی ئێوە زیاتر کارکردن و پەیوەندی کردنە بە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەبێ هەموو هەوڵەکانتان وەگەڕ خەن کە ئەم پەیوەندییانە زۆرتر بێ و ڕاستەوخۆ ئەوان لە کار و کردەوەکانی خۆتان ئاگادار کەنەوە و لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەهەمبەر پلانەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو بەڵایانەی کە بەسەریان دێنێ ئاگادارکەنەوە، لە کۆتاییدا ئێوە جگە لە بەڕێوەبردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، هەوڵ بدەن ئەم شۆڕشە بەرینتر کەنەوە و زیاتر بەها بە ئینتما نیشتمانییەکان بدەن.

لەکۆتاییدا بۆ ئێوە بەشداران لەش ساغی و بۆ یەکیەتیی لاوان سەرکەوتن بەئاوات دەخوازم.

هەر شاد و سڵامەت بن.

مەنسوور سەممار





# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی بەستنی حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەندامانی بەرێزی کۆنگرە!
ئامادەبووانی بەرێز!
لاوانی تێکۆشەری کوردستان!
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەلومەرجێك دا کۆنگرەکەی دەبەستێ کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە بە گشتی و عێراق و هەریمی کوردستان بە تایبەتی بە دۆخیکی زۆر هەستیار دا تێپەر دەبن و ئەم رووداوانە کاریگەریی زۆریان لە سەر چارەنووسی نەتەوەکەمان وبزاڤی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان و ئاسۆی دێموکراسی وئازادی و ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە دا دەبێ. هەڵسەنگاندنی ئاوا بارو دۆخێك لەو هەلومەرجە دا پیویستی بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی ورد لە هەموو بوارەکان دا هەیە. هیواداریـن ئەمە و زۆر تەوەری دیکە کە پەیوەندییان بە خەبات و تیکۆشانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وئێرانەوە هەیە لە بەرنامەی کاری کۆنگرەکەتان دا بێننە بەر باسو بریاری گونجاویان لە سەر بدەنو لە ژێر ڕووناکایی و رێنوینیەکانی کۆنگرە دا بەستێن بۆ داهاتووی کار و تیکۆشانتان خۆش بکەن و کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی بێنێ .

لە چەند سالی رابردوو دا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست شاهیدی چەندین رووداوی گرینگ بووین بە تایبەتی راپەرین و شۆرشی دژ بە دیکتاتوری لە وڵاتانی عەرەبی وەك تونس ،لیبی و میسر کە بوونە هۆێ رووخانی دیکتاتوری و هاتنە سەر کاری حکوومەتێکی دیکە و ئالوگۆری دەسەلات و حوکمرانیی نوێ لەو وڵاتانە دا. هەر چەند ئاڵوگۆرەکان ئاکامە چاوە ڕوانکراوەکانیان لێ نەکەوتۆتەوە، بەلام هەڵگری پەیامێکی ئاشکرا و روون بوون بۆ سەرەرویی و دوژمنانی ئازادی و دێموکراسی لە ناوچە کە دا. جاریکی دیکە مێژوو ئەوەی سەلماندەوە کە هەر کات هەر گەل و نەتەوەیەك ئیرادە بکا ، بە سەر بە هێزترین دە سەلاتەکان دا سەر دەکەوێ .
هەر وەها لە سێ ساڵی رابردوو دا ،ئاگاداری شەر و کاوڵکارییەکانی وڵاتی سوریەین کە لە لایەن دیکتاتوریی بەشار ئەسەدەوە دژ بە خەلکی ئەوێ بەرێوە دەچێ ، لە ئاکامی شەر و سەرکوتی بێڕەحمانە دا بە سەدان هەزار کەس ئاوارە و دەربەدەر و ماڵوێران بوون. ژومارەی کوژراوەکان لە مێژە لە سەد هەزار کەس تێپەڕیوە و سەدان هەزار کەسیش نەقوستان و بریندار بوون. شەڕ وماڵوێرانییش هەروا بەر دەوامە. شەر و پێکدادانەکانی نێوان ئیسرائیل و حەماس،کێشە و ئالۆزییەکانی لیبی ولە هەموویان مەترسیدارتر شەڕی نێوان توندڕەوە شیعە و سوننیەکان کە بە ناوی ئایین گەورەترین تاوان دژی یەکترئەنجام دەدەن. لەم چەند مانگەی دوایی دا فەسلێکی خوێناویی دیکە دەستی پی کردوە. ۹ /۲۰۱٤/٦ دەستپێکی ئەو شەڕە خوێناوییە بوو کە بە هێرشی چەکدارەکانی تاقمی تیرۆریستی دەولەتی ئیسلامی لە عێراق وشام(داعش)بۆ سەر موسڵ و چەندین شار و ناوچەی دیکە دەستی پێکرد و ئەرتشی عێراقی تووش شکست و پاشەکشە کرد و لە ئاکام دا سەدان هەزار کەس لە عەرەب و کورد و مەسیحی لە ترسی گیانی خۆیان ئاوارە و دەر بەدەر بوون و روویان لە هەریمی کوردستان کە تەنیا شوێنی ئارام وسەقامگیری عێراق بوو کرد. دەستبەسەرداگرتنی رووبەرێکی زۆرلە عێراق، هەلی بۆ تیروریستانی داعش رەخساند کە دەولەتی ئیسلامیی خۆیان رابگەیەنن. کوردیش لەو هەلە مێژووییەی کە بۆی هەڵکەوتبوو، کەڵکی وەرگرت و تەواوی ناوچە کوردستانییە بەزۆردابڕێنراوەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆێ و هێزی پێشمەرگەی لێ جێگیر کرد

و خەلك و ناوچەكەی لە دەستدرێژیی تیروریستان پاراست. بەلام ئەم وەزعە زۆری نەبرد كە دەولەتی ئیسلامی سەرمەست لە سەركەوتنەكانی، دژایەتی و دوژمنایەتیی خۆی لە گەل دەسەلاتی هەریمی كوردستان و خەلكی كورد نیشان دا و هێرشێكی بەرین و بەربلاوی بۆ سەر ناوچەكانی شەنگال ،رەبیعە ،زوممار ،گوێر ومەخمور و چەندین ناوچەی دیكە دەست پێ كرد و دوور لە هەر پرەنسیب و ئوسولێكی ئەخلاقی و ئینسانی پەلاماری خەلكی بێدیفاع و ژن و مندالی بێتاوانیان دا و دەستیان كرد بە كوشتن و بە دیل گرتنی پیاو و ژنی ئێزیدییەكان، تەنانەت كردنیان بە جارییە و بە نەرخێكی هەرزان فرۆشتیانن. لە ماوەی دوو مانگی رابردوو دا شاهیدی تاڵترین رووداوەكانی مێژووی هاوچەرخ بووین كە ویژدانی مروڤایەتی هەژاند وئەمجارە بە ناوی خەلافەتی ئیسلامیەوە ، لاپەرەیەكی رەشی دیكە لە مێژوو دا دەرحەق بە خەلكی بێ دیفاعی كوردستان تۆمار كرا .ئەم رووداوانە كارەساتیكی ئەوەندە گەورە و ترسناك بوون كە ولاتە ڕۆژئاواییەكانیش نەیان توانی لە ئاستیان بێدەنگ بن ، هەر بۆیە لە ماوەیەكی كەم دا بریاری هاوكاریی مرۆیی و سەربازییان دا و بۆ پشتگیریی حكوومەتی هەریمی كوردستان و خەلكی پەلاماردراوی ناوچە كوردنشینەكانی شەنگال و رەبیعە و زوممار لە دژی درندەترین هێزی خوێنرێژ بە ناوی داعش بە كردەوە دەست بە كار بوون و لە رێگای فرۆكە شەڕكەرەكانیانەوە بنكە و مۆلگەكانی ئەو جینایەتكارانەیان بۆمباران كرد و بە هاوكاریی هێزی پێشمەرگەی كوردستان زبرێكی زۆر قورسیان لێ وەشاندن و تووشی پاشەكشەیان كردن.

لە گەل دەستپێكی رووداوەكان، حیزبی دێموكراتی كوردستان هەلوێست و روانگەی خۆی لە پەیوەندی لە گەڵ باروودۆخی كوردستان و هێرشی داعش بۆ سەر هەرێم و ناوچەكە دەربڕی و ئامادەیی خۆی بۆ هاوكاری و پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە وئەزموونی هەرێم وەك ئەركێكی نیشتمانی و نەتەوەیی راگەیاند و تەنانەت هێزی پێشمەرگەی خۆی بۆ چوونە بەرەكانی شەڕ ئامادە كرد. لە رۆژهەلاتی كوردستانیش لە گەڵ ئەوەی خەلْك، لە لایەن رێژیم و بەكرێگیراوەكانی كۆسپ لە سەر ریگایان دروست دەكرا بەلام هیچ شتیك نەیتوانی لەمپەر بێ لە سەر دەربڕینی هەست و سۆزی نەتەوەیی و یارمەتیەكانیان.

ئەو هەست وبەرپرسایەتییە نیشتمانی و نەتەوەییە، پەیامێكی تازەیە بۆ بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی لە هەموو بەشەكانی كوردستان لەم دۆخە لە خەبات و تێكۆشان لە پێناوی وەدیهێنانی دێموكراسی وئازادی و مافە نەتەوایەتیەكان دا كە سەركەوتن لە گرەوی وشیاری و هەست بە بەرپرسایەتی كردنی رێبەرایەتی كورد وهاوكاری و یەكگرتوویی هەمووهێز و لایەنە سیاسیەكانی كورد دایە.تەنیا بە یەكگرتوویی و هاوپەیوەندیی نەتەوەیی، ئەو هەل و دەرفەتە مێژوویە دەقۆزرێتەوە وبە قازانجی دۆخی نەتەوەیی كەڵكی لێ وەر دەگیرێ.

ئالۆزییەكانی رۆژهەلاتی ناوەراست و ناوچەكە لە گەڵ ئەوەی بەرهەمی كێشە لە میژینە چارەسەرنەكراوەكان و ململانێیە نیوخۆیێیەكانن، بەلام گومان لەوە دا نیە كە كۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی بالای هەیە لە خۆتێهەڵقوتاندن و دەست خستنە نێو قەیرانەكان بۆ بردنە پێشی سیاسەتە ناوچەیێەكانی خۆی، بە تایبەتی لە سوریە ،فەلەستین وعێراق، ئاگری ئەم شەرانە خۆش دەكا، بۆ ئەوەی لە لایەكەوە كۆمەلگەی نێودەولەتی ئەوەندە سەرنج نەداتە بەرنامە ناوكییەكانی ئێران و بە پرسەكانی دیكەی ناوچەكەوە سەرقاڵ بێت، لە لایەكی دیكە ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەی سنوورەكانی ئێران و بە ڕێگای هاوپەیمانەكانی دا، ململانیی خۆی لە گەڵ دەولەتانی دیكە بباتە پێش. ئەوە لە كاتیك دایە كە كۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ولات دا رووبەرووی قەیران گەلێكی زۆری سیاسی ، ئابووری وكۆمەلایەتی بۆتەوە و لە چارەسەركردنیان دا داماوە.گرانی، بێكاری ،ئیعتێاد، فەسادی مالی،گرتن و ئازار و ئەشكەنجە و ئێعدامی لاوان و جیابیران بەردەوامە و رۆژ بە رۆژ پەرە دەستینێ و بەرۆكی كۆمەڵگای ئێران و كوردستانی گرتوە ولەو نێوە دا لاوان گەورەترین قوربانیانی ئەم قەیرانانەن.

بەشدارانی بەڕێزی حەوتەمین كۆنگرەی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی رۆژهە لاتی كوردستان!

لە ماوەی ئەم ٣٥ سالەی دەسەلاتی رەشی كۆماری ئیسلامی دا، لاوان هێزی سەرەكی و دیاری نێو بزووتنەوە و چالاكییە سیاسی و مەدەنی و كۆمەلایەتییەكان بوون و هیچ كات و ساتیك لە ئەركە نیشتمانی و نەتەوەیەكانیان غافل نەبوون و لە ریزەكانی شۆڕش و لە سەنگەری بەرگری دا ئامادە و گیان لە سەر دەست بوون. لە قۆناغی ئیستاش دا ئەرك و بەرپرسایەتییەكانیان قورس و گرینگە و نەتەوەكەمان لە رۆژهەلاتی كوردستان لە هەموو كاتێك زیاتر پێویستی بە وشیاری و ئامادەیی و هاتنە مەیدانی لاوان هەیە بۆ ئەوەی نەخش و دەوری كاریگەریان لەو تێكۆشان و بزووتنەوانە دا هەبێ كە چارەنووس وئایندەی نەتەوە و نیشتمانەكەمان، بە سەركەوتنی ئەوانەوە، بەستراوەتەوە. پێكهاتنی كۆنگرەی لاوان لەم هەلومەرجە دا دەبێ هەلگری پەیامی خۆ ئامادەكردن و خۆ رێكخستنی لاوان بۆ رووبەروو بوونەوە و بە دەستەوە گرتنی جلەوی ئەو بارودۆخە بێ كە پێشبینی دەكرێ. ئەوەش بە بێ بوونی بەرنامە و پلانی نوێ كە وەلامدەری ئەم دۆخە بێت نایێتە دی. بۆیە چاوە روان و هیواداریـن لاوانی دێموكرات وەك چۆن لە هەموو قۆناغەكان دا لە ریزی پێشەوەی خەبات و تێكۆشان دا بوون،لەم هەلومەرجەش دا بە هیوا و گەشبینی و بڕوا بەخۆ بوونەوە، كاروبار و باس و بابەتەكانی كۆنگرە بە باسی زیندوو و ئالوگۆڕی راشكاوانەی بیروڕا، دەوڵەمەند بكەن، بڕیارِ و راسپاردە و ڕێنوێنیی بە سوود بۆ تیكۆشانی داهاتوو، پەسەند بكەن. هەم بەستێن و بوار بۆ كاری هاوبەش لە گەڵ ڕیكخراوەكانی دیكەی لاوان لە ڕۆژهەلاتی كوردستان، ئامادەتر بكەن، هەم نێزیكبوونەوە لە چاوەڕوانی و تێكۆشان و كێشەكانی لاوان لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی كوردستان بكەن بە ئەركی لەمەو دوای خۆیان.

دلنیاشتان دەكەین رێبەریی حیزبی دێموكراتی كوردستان وەك هەمیشە پشتیوان و هاوكار و یارمەتیدەرتان دەبێ.

سە ركەوێ كۆنگرەی حەوتەمی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی رۆژهەلاتی كوردستان

دەفتەری سیاسیی

حیزبی دێموكراتی كوردستان

١٣٩٣/٦/٨ی هەتاوی٢٠١٤/٨/٣٠ی زایینی

# ڕاپۆرتی سیاسی ــ كۆمەڵایەتی پێشنیاركراوی كۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بۆ كۆنگرەی حەوتەمی لاوان!

لاوانی خۆڕاگر!
خەڵكی خەباتگێڕی كوردستان!
ئەندامانو لایەنگرانی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی ڕۆژهەڵاتی كوردستان!
بەشدارانی بەڕێزی كۆنگرە!

بە تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر كۆنگرەی شەشەمی لاواندا بۆ جارێكی دیكە لاوانی تێكۆشەرو ئازادی خواز بە هەوڵو هیممەتیان لاپەڕەیەكی دیكەیان لە مێژووی ئەم ڕێكخراوەدا تۆمار كردو سەلماندیان كە یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەگەڵ هەموو ئاستەنگەكانی بەردەم تێكۆشانیدا درێژە بەكاری ڕێكخراوەیی دەدا. ئەگەرچی دوو سال بۆ كارو تێكۆشان ماوەیەكی زۆر نییە، بەڵام خێرایی ئاڵوگۆڕە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكانی ئەم دوو ساڵە لە زۆر ڕووەوە جێگای لێ وردبوونەوەو هەڵوێستە كردنن لە ماوەی كۆنگرەی شەشەم بۆ كۆنگرەی حەوتەمدا گەلێك ئاڵوگۆڕ ڕوویان داوە كە بۆ ئێمە جێی سەرنجن كە بەم شێوەیە لەم ڕاپۆرتەدا هەڵسەنگاندنیان لەبارەدا دەكەین:

ئەگەر بمانهەوێ باسێكی كورت لەسەر خودی گەنجان و كاریگەری و ڕۆڵی ئەوان لەسەر بزاڤە كۆمەڵایەتییەكان بێنینە گۆڕێ، خۆی ئەو باسەش زۆر چەمكو دەستەواژەو هەروەها تێڕوانینو لێكدانەوەو شرۆڤەی سیاسی، كۆمەڵناسی، دەروونناسیو تەنانەت لە هەندێك بابەتدا ئابووریش لەخۆ دەگرێ. دەتوانین بڵێین بە گشتی ئەو بزاڤانەی كە گەنجان پێكی دێنن یا تێیدا بەشدارن هەموویان بە شێوەیەكی یەك دەنگ خوازیاری مافە بنەڕەتییەكانی خۆیان لە بوارەكانی كۆمەڵایەتی، كولتووری، سیاسیو ئابووریدان كە هەمووی ئەم مافانە وەك مافی «جەهانشمول «و گشتگیر دەبێ لە ژیانی ڕۆژانەی هەر مرۆڤێكدا بوونی هەبێو هەر مرۆڤێك لێیان بەهرهمەند بێ .هەموو ئەو مافانە كە ئێستا لە گۆڕەپانی كێبەركێی گەنجانو دەسەڵاتدارانی كۆنەپارێزو نەریتخوازدا لە ئارا دایە بە گشتی لە جاڕنامەی گەردوونی مافەكانی مرۆڤ پەسەندكراوی ساڵی ١٩٤٨ی نەتەوە یەكگرتووەكان، كۆنڤانسیۆنەكانی مافە مەدەنیو سیاسییەكانو پەیماننامە پەسند كراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكاندا هاتووە. هەر ئەو جاڕنامەو كۆنڤانسیۆن و ئەو جاڕنامانەی مافی مرۆڤن كە دەوڵەتان واژۆیان كردوەو دەروەست بوونی خۆیان بۆ پابەندبوون بەو یاسایانە و جێبەجێ كردنیان ڕاگەیاندوە.

ئەمڕۆ بزاڤی گەنجان یەكێك لە ئەكتیڤترین بزاوتە كۆمەڵایەتییەكان لە هەڵبڕینی دەنگی ئێعترازو نارەزایەتی لە هەمبەر نایەكسانی كۆمەڵایەتی، ئابووری و یاسایی لەسەر ئاستی هەموو جیهانە.كەباسی لاوانی جیهان دەكەین، بێگومان لاوانی ڕۆژهەڵاتی كوردستانیش دەگرێتەوە، زێدەڕۆیی نیە، ئەگەر بڵێین لاوانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەنێو گەرووی دڕندەترین و دژەكوردترین دەسەڵاتی فاشییەتی مەزهەبی جیهاندا زۆرترین پەیامی سیاسیی و مەدەنیان بەگوێی جیهان داداوە.

لاوانی ڕۆژهەڵات پێیان ناوهتە گۆڕەپانە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكان بەرینەوە. ئەمرۆ خەباتی مەدەنی بەپەیامی سیاسیی لەنێو گەنجانی ڕۆژهەڵات لەدایكبووەو، هاوكات ڕۆژانە لەداهێنانیش دەكات. پاراستنی سروشتی ڕۆژهەڵات وەكوو خاكی باب و باپیران و قۆزتنەوەی دەرفەت بۆ پشتیوانیكردنی بەربەرینی كورد لەپارچەكانی دیكەی كوردستان، دوو پەیامی گەورەن، كە ماهییەتی خەباتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی كوردستانی لەخۆیدا هەڵگرتووە، شوناسێكی نەتەوەیی لە جولە سیاسی و مەدەنییەكانی لاوانی ڕۆژهەڵاتدا بەردەوام خۆی نوێ دەكاتەوەو، هەمیشەش ئەو پەیامە بۆ نوخبەی سیاسیی و هێزە سیاسییەكان دووپات دەكەنەوە.

هاوكات لەلایەكی دیكەوە ئەگەرچی كۆماری ئیسلامی ئێران لەهەموو ڕێگەیەكەوە هەوڵ دەدات، گەنجانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەكاری دیكەوە سەرقاڵ بكات و، هەستە نەتەوەییەكانیان یان لەبیر بباتەوە، یانیش دەرفەتی بیركردنەوەیان پێنەهێڵێت، بەڵام هەمیشە ئەو گوشارەی دیكتاتۆرییەتی كۆماری ئیسلامی دەرەنجامێكی پێچەوانەی بۆیان هەبووە، واتا هەتا گوشارەكان زۆرتر بوونە، جولەی شوناسخوازی لاوان پتەوتر بووە، ئەوەش خۆی لە كارە ڕێكخراوەیی و ئەنجومەنە ئەدەبییەكان و قۆزتنەوەی دەرفەت بۆ هاودەردیكردن لەگەڵ پارچەكانی دیكەدا دەبینێتەوە.

زۆر كەس باس لەوە دەكا كە تۆڕە كۆمەڵایەتییە مەجازییەكان یان بە واتایەكی دیكە «میدیای نوێ» لە دروست بوونو پێشەوەچوونی ئەم حەرەكەتانەدا ڕۆڵی سەرەكیو یەكلاكەرەوە دەگێڕن. سەرەڕای ئەوەی كە ئەم كاریگەرییە ئەرێنییە بە ڕاست دەزانین بەڵام دەمانەوێ ئەم بیرۆكەیە بێنینە گۆڕێ كە لە شۆڕشی نوێی گەنجان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، لە ئێران، توونس، میسر، سووریە، ڕۆژهەات، باكوورو ڕۆژئاوای كوردستاندا، شتێكی زۆر گەورەتر لە میدیای نوێ، شتێكی زۆر گەورەتر لە تەكنۆلۆژیا بوونی هەیە كە شەقام دەكاتە گۆڕەپانی هێنانە ئارای ویستەكانی كۆمەڵگە. كێ لە شەقامەكانی دیاربەكرو قامیشلوو و لە ناخی حەرەكەتە مەدەنییەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە مەریوانو سنە ئەم ویستەی هێناوەتە گۆڕێ؟ بێشك وەڵامی ئەو پرسیارە جیلی گەنجو توێژی لاوی كۆمەڵگەیە. ئەگەرچی كۆماری ئیسلامی ئێران سیستەمێكی فیلتەرینگی بەهێزی داناوەو هاوكات قسە لەئینتێرنێتی ئێرانیش بۆ لەقاڵبدانی دونیای مەجازی دەكات، بەڵام لاوانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ئەو بەربەستەیان شكاندووەو تۆرێكی بەربەرینی كۆمەڵایەتیان دروستكردووە. ئەمرۆ دەكرێ بەكەمترین كات گوێبیستی قسەی دڵی لاوان لەتۆرە كۆمەڵایەتییەكان بیت، و سەردێرە شوناسخوازانەش بەدیوارە زۆربەی گەنجانی ڕۆژهەڵات لە تۆرە كۆمەڵایەتییەكاندا دەبیندرێت. ئهم شته گهورهیه كه بوونی هەیە« ویژدانێكی نوێی شارومهندی» و «جولەیەكی شوناسخوازانەیە «كە ئیتر نایهەوێ

سووکایەتی، سەرکوت، گەندەڵیو ناکارامەیی کۆمەڵایەتی و سیاسی قەبووڵ بکا و، لەنێو ئەو سیستەمە پۆلیسی و دیکتاتۆرەدا لەداهێنانی گەیاندنی پەیام ناوەستێت، و کۆماری ئیسلامی ئێران هەر دەرگایەك لە گەنجانی رۆژهەڵات دادەخات، لەشوێنێکی دیکە دەروازەیەك دەکرێتەوە. هەر ئەوەشە وایکردووە دڵقایم بین بەو هێزە شاراوەو دینامیکەی ئایدیاییەکی نەتەوەیی هەیە.

لە پێناسەکردنی پرسەکاندا و دۆزینەوەی فۆنکشێنو کارکردیی ئیجابیو باش بۆ چارەسەرکردنیان بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دۆخی نەتەوەیی ئێمە و گەنجانی ئێمە دۆخێکی جیاوازترو تایبەتیترە. هاوکات ئەرکێك کە دەکەوێتە سەرشانی لاوی کورد لە هەمبەر شەپۆلی هێرشی داگیرکەر ئەرکێکی قورسترو پێویستی بە کاری زیاتر، دەروەست بوونی زێدەترو خەباتێکی فرەڕەهەندی نەپساوەیە کە لە نەبوونی بەشداریی گەنجاندا هیچ کات ناتوانێ بە» سەر مەنزڵی مەقسوود «بگا.

داگیرکەرانی کوردستان باش لەوە تێگەیشتوون کە لەنێو جیلەکانی یەك بە دوای یەکی کۆمەڵگەی کوردیدا چەشنێك لە میراتگریی شۆڕش بوونی هەیە و هەوڵەکانی ئەم نەتەوەیە بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە مافە مرۆیی، مەدەنیو نەتەوەییەکان بەردەوام لە جیلێك بۆ جیلێکی دیکە دەگوازرێتەوەو هەر جارەش جیلێك بە داخوازی نوێترو سەردەمیانەتر، بیرۆکەی نوێترو ئاوەزو رامانی ئەمڕۆییتر پێی ناوەتە گۆڕەپانەکە و زۆر جار دوژمنانی گەلی ئێمە و داگیرکەرانی کوردستانی دەستەوەستان کردوە .بەو هۆیەش دوژمنان بێکار دانەنیشتوونو لەهەر دەرفەتێك بۆ زیان گەیاندن لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێمەو خستنە مەترسی ئاسایشی نەتەوەییمان خۆیان نەبواردووە دەتوانین بڵێین بە درێژایی مێژووی بوونی دەوڵەت ـــ نەتەوەی مۆدێڕن نە تەنیا چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، بەڵکوو مانو مەوجوودییەتی ئەو گەلە بەرەوڕووی مەترسی یەکجار زۆر تا سەر سنووری نەمان کراوەتەوە، هەر لە تواندنەوەی فەرهەنگی، ژینۆسایدو کارەساتی کۆمەڵکوژی وەکوو ئەنفالو هەڵەبجەو شەنگال لە باشوورو دەرسیم لە باکوورو قارنێو قەڵاتان لە رۆژهەڵاتو...، لەم ساڵانەی دواییشدا پیلانێکی دیکەی دوژمنانی گەل کە کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئورگانیزەی کردوەو خەریکە بەڕێوەی دەباو بە ژینۆسایدی سپی ناسراوە کە هەمان کەڵك وەرگرتن لە مادده هۆشبەرەکانە بۆ خستنە داوی گەنجانو بێ کاریگەر کردنی رۆڵو دەوریان لە پرۆسەی گۆڕانو پێشەوەچوونی دۆزی نەتەوەیی کورددا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لاوانی رۆژهەڵات یەکەم خوێندنەوەیەکی ناحزبیان لە ناسیۆنالیزم هەیە، کە ئەوەوە دەرفەتێکی زێرینەو لەپارچەکانی دیکە بەدی ناکرێت، هاوکات لەناسیۆنالیزمدا گەنجانی رۆژهەڵات چاکسازی کۆمەڵایەتی و پێگەیاندنی مرۆییان نەخستۆتە دوای قۆناغی رزگاری، بەڵکو لەئێستەوە دەستیان پێکردووەو، لەباشترین زانکۆکاندا دەخوێنن و هیچ ساڵێکیش نەبووە لاوێکی رۆژهەڵاتی قارەمانییەتێکی لەگۆڕەپانە وەرزشییەکانی جیهاندا بەدەست نەهێنابێ، ئەوە دەرفەتێکی گەورەیەو بێگومان لاوان خۆیان لەرۆژهەڵات بەو خوێندنەوەیە لە کوردایەتی گەیشتوون و، ئەوەش بۆ داهاتوو سەرمایەو دەستکەوتێکی گەورە دەبێ.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش بەشێوەیەکی گشتی مەترسییەکی گەورەو جیدی و بەردەوام لەسەر تاکی کوردی بەگشتی و لاوی کورد بەتایبەت هەیە، مەترسیی دابڕان کەوادەکات لەجێگەی بەیەکەوە لەبەرامبەر دوژمناندا سیاسەت بکەین، بەڵکو بەرامبەر بەیەکتر سیاسەت بکەین و بەداخەوە نموونەی خوێناوی زۆریشمان هەیە، ئەو مەترسییە کاتێك زۆرتر دەبێت، کەدەبینین کورد نیشتمانەکەی پارچەپارچەکراوەو تەنانەت هەوڵی پارڤەکردنی کەسایەتی تاکی کوردیش لە لایەن داگیرکەر دراوەو هەوڵی توانەوەی فەرهەنگی سیاسیـ کۆمەڵایەتی نەتەوەییان دراوە. تاکی کورد تەنانەت لە پرسی هاووڵاتی بوونو شارۆمهندی دەوڵەتە ناوەندییە تۆتالیتێرەکانی زاڵ بەسەر کوردستانیشدا وەك شارۆمەندو هاووڵاتی پلە دوو و پلە سێ سەیر کراوە. هەربۆیەش بەبێ دیاری کردنی مافی چارەنووسو بەبێ هەبوونی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ، ناتوانرێ کۆتایی بەم کێشانە بێو لە بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دایە کە ماددەی سێهەمی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ واتە هەر تاکێك شیاوی ژیان، ئازادیو ئاسایشی فەردییە دێتە دیو ئەمە خۆی دەستپێکی مسۆگەربوونی شتێکی گەورەترە کە هەمان ئاسایشی نەتەوەیی نێو لێ دەنێن. ئەزموونی باشووری ئازادو حکوومەتی هەرێم توانیویەتی زۆر خاڵی لاوازی نەبوونی دەوڵەت بۆ کورد بە تایبەت لە یەك دەیەی رابردوودا پڕ بکاتەوەو ببێتە مەکۆیەك بۆ هەموو گەنجانو لاوانی چالاکڤانو ئازادیخوازی کورد، لەمەو بەدواوەش دەبێ ئەم چەشنە هەوڵانە چڕوپڕتر بەڕێوە بچنو هیوادارین لە بەهاری کورددا کە بەڕێوەیە و پێمان وایە سەرەتای بەهارەکەمان لە قامیشلیو کۆبانیو عەفرین دەبێ، هەر کام لە ئێمە و تاك تاکی ئێمە دەبێ دەرکی ئەو دۆخە ئەستەمو هەستیارەو ئەو دەرفەتە مێژووییە بکەین کە بۆ کورد رەخساوەو هەر کام لە ئێمە بەش بە حاڵی خۆمانو بە پێی توانا و مەجالی خۆمان بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجە مرۆییو نەتەوەییەکانمان لە خۆمان مایە دابنێینو نیشان بدەین کە نەتەوەی کورد لەسەر دەستی گەنجانی بە وزەو خاوەن پوتانسیەل و خوێندەوارو لەخۆبردووی خۆی دوای دەرسیمو هەڵەبجە و ئەنفال و قارنێ و قەڵاتان، دوای شەڕو بەرخۆدانو چەكو شاخ، دەتوانێ بۆخۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکاو کەس ناتوانێ پێش بە بەهاری کوردان بگرێ.

### دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانو کوردستاندا

سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێرانو رۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دەستەوملانی دەیان جۆر کێشە یان خەساری کۆمەڵایەتییە، بەڵام لەو نێوەدا توێژی لاوان لەگەڵ گرفتی جیدیترو قووڵتر بەرەوڕوویە. ئەگەرچی کەمتر لێکۆڵینەوەی زانستیو سەربەخۆ لە بارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی لاوان کراوە، بەڵام گەورەترین گرفتی لاوان لە ئێراندا دەکرێ لە دوو چوارچێوەی بەرتەسك بوونی دەرفەتی گەشەکردنو بێکاریدا پۆلێن بکرێن کە هەردووکیان تۆقی دەیان گرفتی کۆمەڵایەتی بە ملی لاواندا دەکەن. دەسەڵاتی سیاسیو ئیداری ئێران بەر لە هەموو شتێك دەیەوێ توانا و پوتانسیەلی رووناکبیری، سیاسی، ئابووری، پەروەردەیی، هونەریو تەنانەت وەرزشی لاوان لە چوارچێوەی بازنەی پێوەرەکانی ئەو حاکمیەتەدا بەرتەسك بکاتەوەو هەر کەس نەیەوێ لەو چوارچێوەیەدا بێ، تووشی هەڵاواردنو بەهرەمەند نەبوون لە کۆمەڵە ئیمتیازێك دەبێ کە بە کەڵك وەرگرتن لێیان هەم دەتوانێ رێگەی داهاتووی بە بڕیارو دڵخوازی خۆی

هەڵبژێری‌و هەم پلەی سەرکەوتن ببڕێ. لەلایەکی دیکەوە کاتێک تووشی ئەو هەڵاواردنە دەبێ، چەند بژاردەیەکی کەمی لەبەردەم دایە کە یان دەبێ خۆی لەو کۆمەڵگایە دوور بکاتەوەو بەرەو چارەنووسێکی نادیار بڕوا، یان دەبێ تەسلیمی کۆمەڵێک بەها و چوارچێوە بێ کە باوەڕی پێیان نییەو حاڵەتی سێیەمیشی ئەوەیە کە خۆی لە بێ موبالاتی دا و چارەنووسی خۆی بە قەدەرێکی ناڕوون بسپێرێ کە هەرسێک حاڵەتیش لە تواناکانی کەم دەکاتەوە. کێشەی بێکاریش یەکێکی دیکە لە گرفتە سەرەکی‌یەکانی توێژی لاوانە. مرۆڤ لە تەمەنی لاوێتی‌دا بە شێوەیەکی جیددیی تێکەڵاوی پرسی ئابووری‌و بازاڕی کار دەبێ، چونکە هەم بۆخۆی دەیەوێ هەوڵەکانی سەردەمی مێرمنداڵی ببینێ‌و هەمیش لەو تەمەنەدا پێویستی بەوە دەبێ بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ. بەپێی ئامارەکان، نزیکەی دوو میلیۆن‌و نیو لاوی ئێران بێکارن بەو مانایە کە لە حەوتوودا یەک کاتژمێریش کاریان نییە کە لەو نێوەدا ٤٣ لەسەدیان لانی کەم چوونەتە زانکۆ و لانی‌کەم شەهادەی فەوقی دیپلۆمیان هەیە. ئەو ڕێژە زۆرەی بێکاری هۆکاری سەرەکی چەندین خەساری کۆمەڵایەتی‌یە. وەکوو لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسی‌یەکان دەریان خستووە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی ناهەنجاری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و تاوانەکانی وەکوو دزی، ئازاردانی جسمی‌و ڕەوانی خەڵکی دیکەو... هتد، بێکاری‌یە. هەروەها یەکێکی دیکە لە دەرهاویشتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی بێکاری لاوان، بازرگانی کردن‌و بەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکانە. ژمارەیەکی زۆر لەو لاوانەی بێکارن‌و ناتوانن بژێوی ژیانی خۆیان‌و بنەماڵەکانیان دابین بکەن ڕوویان لە بازرگانی کردن بە ماددەی سڕکەر کردوە کە سەرەڕای ئەوەی کە داهاتێکی بۆیان هەیە، بەڵام فاکتەرێکە بۆ پیادەکردنی ڕۆڵێکی نەرێنی‌و تێکدەر لە کۆمەڵگادا، بەو مانایە کە لاوێک دەی توانی ڕۆڵی ئەرێنی‌و کاریگەر بۆ بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا بگێڕێ خەریکە بۆ سڕکردنی کۆمەڵگا هەوڵ دەدا. هەروەها ئەو کەسانەی گیرۆدەی ماددە سڕکەرەکان دەبن دەبنە هۆکارێک بۆ نائەمنی کۆمەڵایەتی، تواندنەوەی هێزو کاریگەری خۆیان‌و کۆمەڵگا، لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی بنەماڵەکان‌و لەباربردنی هەموو ئەو پوتانسیەلەی تێیان دایە بۆ خزمەت کردنی خەڵک‌و هاونیشتمانەکانیان. جگە لەو خاڵانەی کە بە کورتی ئاماژەیان پێ‌کرا و بەزۆری پێوەندی‌یان بە دەسەڵاتی سیاسی‌یەوە هەبوو، لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتی‌یەکان‌دا زۆرجار لە لایەن خودی کۆمەڵگا و سیستمی بچووکتری وەکوو بنەماڵەکانیش، کۆسپ دەخرێتە بەردەم پشکوتنی ئیستیعدادو شارەزایی‌و لێوەشاوەیی لاوان‌و بە تایبەت ژنانی لاو کە ڕێگرییان لێ‌دەکرێ بە تابعی بزوێنەربوونی پڕۆسەی گۆڕان بەپێی فاکتەرە مۆدێڕنەکان هەوڵ بۆ گۆڕینی نەریتە ماوە بەسەرچووەکانی کۆمەڵگاکانیان بدەن. هەر لەسەر ئەو بنەمایانە هەوڵ دەدەین کورتە ئاماژەیەک بە هەرکام لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانە بە هێندێک ئامار کە لە لایەن خودی داموو دەزگاکانی حکوومەتەوە بڵاوبوونەوە، بکەین؛

قەیرانی بێکاری:

وەک بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە بێکاری، گرانی‌و چوونەسەری نرخی شتوومەک بەرهەمی سیاسەتە چەوتو هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی‌یە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ درێژەدانی گەمارۆ ئابوورییەکان لە لایەن ڕۆژئاواو ئورووپاوە بۆ سەر ئێران‌و هەروەها بە فیڕۆدانی سامانی وڵات لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە هۆکاری گرانی‌و چوونەسەری نرخی کەل‌وپەل‌و بێکارییین کە دەتوانین بڵێین بەرەو قۆناغی قەیران دەچێ. هەروەک عادل ئازەر بەرپرسی ناوەندی ئاماری ئێران بە هەواڵنێری مێهر دەڵێ؛ «ئەگەر ڕێژەی بێکاری گەنجان‌و لاوان کە ببێتە دوو هێندەی ڕێژەی بێکاری سەرتاسەری، ئەوە بەو مانایەیە کە لە ڕوانگەی ڕێژەی بێکاری‌یەوە کەوتووینە ناوچەی قەیرانزاوە. نزیک بە ٧٠ لەسەدی حەشیمەتی ئێران لە ژێر ٣٥ ساڵەوەن. ناوەندی ئاماری ئێران ڕای گەیاندوە کە ڕێژەی بێکاری گەنجان لەسەدا ٢١٫٨ە کە تەقریبەن دوو هێندەی ڕێژەی مام ناوەندی بێکاری لە ئێرانە. ئەو ڕێژەی بێکاری‌یە لە پارێزگایەک بۆ پارێزگایەکی‌تر جیاوازەو پارێزگا سەرسنوورەکان وەک کوردستان لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاترە. بەگوێرەی ناوەندی ئاماری ئێران ١٢٫٢٪ی دانیشتوانی ئێران بێکارن‌و پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرزترین پلەکانی بێکارییان لە ئێراندا هەیە.

ناوەندی ئاماری ئێران، کە تاکە ناوەندی فەرمی‌یە بۆ ڕاگەیاندنی ئاماری بێکاری لە ئێران، ڕای گەیاندوە ڕێژەی بێکاری لەو وڵاتە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو ٠٫١٪ دابەزیوەو بۆتە ١٢٫٢٪.

بەگوێرەی ئاماری ئەو ناوەندە «١٧٫٣ لەسەدی خەڵکی پارێزگای ئیلام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێکارن، کە بەرزترین پلەی بێکاری لەنێو سەرجەم پارێزگاکانی ئێران دایەو بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشتریشەوە ٢٪ بەرزتر بۆتەوە».

هەر بەگوێرەی ناوەندی ئاماری ئێران ڕێژەی بێکاری لە پارێزگاکانی کرماشان ١٦٫٢٪، سنە ١٤٪ و ورمێ(ئازەربایجانی ڕۆژئاوایی) ١١٫١٪ـە.

ساڵانە نزیکەی ٨٠٠ هەزار کەس تێکەڵ بە بازاڕی کاری ئێران دەبن، بەڵام حکوومەتی ئێران توانای دابین کردنی دەرفەتی کاری بۆ هەموو ئەوانە نییە. چالاکوانانی کرێکاری دەڵێن؛ لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کاریان هەبووە، بەهۆی داخرانی کارگەکانەوە، کە ئەنجامی گەمارۆ نێودەوڵەتی‌یەکانە، کارەکانیان لە دەست داوەو هاتوونەتە ڕیزی بێکارانەوە.

کارناسانی ئابووری دەڵێن؛ ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ بێکاری بنبڕ بکا، دەبێ ساڵانە زیاتر لە یەک ملیۆن هەلی کار بڕەخسێنێ، بەڵام ئەم وڵاتە لەم ساڵانەی دوایی‌دا لە خۆشبینانەترین ئامارەکان‌دا تەنیا ٥٠٠ هەزار دەرفەتی کاری ڕەخساندوە. ئەوە لەحاڵێک دایە کە بەپێی لێکدانەوەی بانکی ناوەندیی کۆماری ئیسلامی ئێران، داهاتی نەوتی دەوڵەتی «مەحموود ئەحمەدی‌نژاد» لە ماوەی ٦ ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی‌دا نزیکەی ٦٠٠ میلیارد دۆلار بووە، لەحاڵێک‌دا گشت داهاتی نەوتی ئێران لە ماوەی ٣٦ ساڵ بەدوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی تا دەوڵەتی نۆهەم، نزیکەی ٥٠٠ میلیارد دۆلار مەزندە کراوە. بە مانایەکی‌تر لە ماوەی ئەو شەش ساڵەدا، بە تەنیایی داهاتە نەوتی‌یەکانی دەوڵەتی «ئەحمەدی‌نژاد» زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلار لە گشت داهاتە نەوتی‌یەکانی ئێران لە ماوەی ٢٦ ساڵ بەدوای شۆڕشی گەلان لە ئێران زیاتر بووە. وێڕای ئەم داهاتە لە شوێن فرۆشتنی نەوت، دەوڵەتی نۆیەم ڕای گەیاندوە؛ وێڕای ٦٠٠ میلیارد دۆلار داهاتی نەوت لە ماوەی ئەو ٦ ساڵەدا، کەچی یەک دۆلار لە سندوقی پاشکەوتی دراوی ئێران‌دا نییە. ئەوە هێندێک لەو ئامارانەن کە حکوومەت خۆی بڵاوی

کردوونەوە لەحاڵێکدا ڕەنگە زۆر لەوە زیاتر بن دەنا ناگاتە قۆناغی قەیران. بۆوێنە ساڵی ٢٠٠٥ بلاڤۆکی «لێکۆڵینەوە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(میس)» ڕێژەی بێکاری لە ئێرانی ٤٠٪ ڕاگەیاند، بەڵام ئێران ڕێژەی بێکاری هەر ئەو ساڵەی ١٢٪ ڕاگەیاندبوو. ئەوە بەو مانایەیە کە ئامارەکانی حکوومەت خۆی زۆر جێگای باوەر نین، چونکە زۆر لەوە زیاترن. دەرەنجامی ئەو قەیرانی بێکارییە دەبێتە هۆکاری کۆچ کردنی هێزی خوێندەوارو شارەزاو نوخبە کە بە هەڵاتنی مێشکەکان بەناوبانگە. کاتێك کە حکوومەت هیچ جۆرە دەرفەتێکی کاری بۆ گەنجان نەرەخسێنێ، بە ناچار وڵات بەجێ دێڵنو ڕوو لە وڵاتانی بیانی دەکەن کە دەرکەوتووە لە ماوەی ئەو ٣٥ ساڵەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا قەیرانی هەڵاتنی مێشکەکان زیاتر لە ١٥٠ میلیارد دۆلاری زیان بە ئابووری ئێران گەیاندوە.

ئێعدامو دەست بەسەرکرانی لاوان:

لاو بەو توێژە چالاكو ئەکتیڤەی کۆمەڵگا دەوترێ کە هەمیشە گۆڕانخوازو نوێخوازە، هەربۆیە بە بەردەوامی سەفی پێشەوەی هەموو بوارەکانی ژیانی بۆ خۆی تەرخان کردووەو بەهۆی ڕادیکاڵ بوونیشیەوە هەمیشە بۆتە نوێگەی خەباتو بەرخۆدان. ئەمانەو کۆمەڵێك سیفاتی دیکە بوونە هۆی ئەوە کە سەرنجی دەسەڵاتداران بە لای خۆیاندا ڕابکێشن، بە تایبەت دەسەڵاتدارە تۆتالیتێرو دیکتاتۆرەکان. کۆماری ئیسلامی یەك لەو دەسەڵاتانەیە کە بیرو فکریان لەگەڵ توێژی لاو یەك ناگرێتەوە، چونکە هیچ بڕوایەکیان بە بنەماکانی ئازادیو مافی مرۆڤ نیە. هەربۆیە کوشتنو لە سێدارەدانی لاوانو چالاکانی سیاسیو فەرهەنگیو سەرکوتی هەر دەنگێکی ئازادی خوازیو ماف خوازی پیشەی هەمیشەیی ڕێژیمی ئاخوندی بووە بە تایبەت لاوانی ئازادی خوازو نیشتمانپەروەری کوردستان.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا(٢٧ مارس) ئێرانو عێراق بە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاماری ئێعدام لە جیهان ناو دەبات. بەپێی هەواڵەکانو بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی؛ ئاستی ئێعدام لە کۆمەڵێك وڵات بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ١٥٪ بەرز بۆتەوەو سەدان کەس زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو ئێعدام کراون.

سالیل شەتی، سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوە وێڕای بە خراپ وەسف کردنی ئەو پرسە لە وڵاتانی ئێرانو عێراق وتی: ئەو وڵاتانە لە بەشی هەڵەی مێژوو دانو لەڕاستیدا زیاتر پەراوێز دەخرێن. شەتی دەڵێ: تەنیا کۆمەڵێکی بچووك لە وڵاتان زۆرترین ڕێژەی ئێعدام بەڕێوە دەبەنو ئەوان ناتوانن پێش بە پێشکەوتنی گشتی سەبارەت بە ڕاگرتنی ئێعدام بگرن. لە مانگی ڕەشەممەی ٩٢ وتەبێژی کۆمیساریای بەرزی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای گەیاندبوو؛ لە ساڵی ٢٠١٣ لانی کەم ٦٢٥ کەس لە ئێران ئێعدام کراون. لە هەمان کاتدا بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ئێعدامانەی بە فەرمی ڕانەگەیەندراون، ئەگەری ئەوە هەیە زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە ئێران ئێعدام کرابن. تەنیا لە ساڵی یەکەمی دەوڵەتی ڕووحانیدا ٨١٤ کەس لە ئێران ئێعدام کراون کە بە بەراورد بە ساڵی پێشوو(١٣٩١/٥/١٢ تا ١٣٩٢/٥/١٢) لەسەدا ٤٧ زیادی کردووە کە لەم ڕێژەیە زیاتر لە ١٠٠ کەسیان هاووڵاتی کورد بوون. ئەو ئێعدامانە لە ئێران بە گشتیو کوردستانەکەی بە تایبەتی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هیچ جۆرە ئازادییەکی دەربڕین نیەو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر مافی مرۆڤ لە ئێراندا بە جێگای ئەوەی کە بەرەو باشتر بچێ کەچی بەداخەوە ڕووی لە خراپتر بوونە، ئەوە سەرەڕای ئەوە کە چەندەها کەس لە سەرسنوورەکان بە خاتری وەدەست هێنانی پارەوە نانێك بۆ بژێوی خۆیانو بنەماڵەکانیان بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم دەکوژرێن.

ئێعتیاد:

کێشەی ماددە هۆشبەرەکان بە شێوەیەکی گشتی کێشەیەکی جیهانیە، بەڵام بەداخەوە ئەو بەڵا ماڵوێرانکەرە ئێرانو کوردستانیشی گرتۆتەوەو کۆماری ئیسلامی ئێران سەرەڕای ئەوەی کە پردی پێوەندی هەناردە کردنی ئەو ماددەیەیە بۆ وڵاتانی دیکە، وڵاتەکەی خۆشی کردوە بە یەکێك لە بازاڕە گەورەکانی بەکارهێنانی ئەو ماددەیە.

ئەوە لەحاڵێك دایە کە سەرانی ڕێژیم خۆیان ئەو ماددەیە لەنێو لاوانو گەنجاندا بڵاو دەکەنەوە واتە حکوومەت بۆخۆی یەکێك لە بڵاوکراوە سەرەکییەکانە تاکوو بەکارهێنەرانو تەنانەت خەڵکی ئاسایی دیکەش زۆر بە سانایی بتوانن دەستیان پێی ڕابگا. دەستڕاگەیشتن بە ماددە هۆشبەرەکان لە ئێراندا بە شێوەیەك سانایە وەکوو بۆ میوە کڕین بچی. لەم ساڵانەی دواییدا کۆماری ئیسلامی لەگەڵ باندێکی مافیایی لە ڕێگای سپای پاسداران، نیروی ئینتیزامیو ناوەندی بەناو بەربەرەکانی لەگەڵ ماددەی هۆشبەر، دەستیان دایە بەرهەم هێنانی ماددەی هۆشبەری سەنعەتی لە تەواوی ئێرانو بە تایبەتی ناوچە کوردنشینەکان. نموونەی هەرە بەرچاو شاری ورمێ(رضائیە)، پیرانشار، سەقز، سەردەشت، سنە و زۆر شاری دیکەش وەها ناوەندیکیان لێ داناون بۆ تێوەگلانی گەنجانو لاوان، چونکە کۆماری ئیسلامی پێی وایە کە لەو ڕێگایەوە دەتوانێ بیرو هزری نەتەوەیی لەنێو لاوانی کورد بسڕێتەوە، واتە ئێعدامو دەست بەسەرکرانی لاوانی تاقی کردوەوە تێیدا سەرکەوتوو نەبوو، دەی هەوێ ئەم ڕێگایەش تاقی بکاتەوە، بەڵام لاوی کورد بەوەها باگەڵێك بە چۆك دانایەو سەلماندووشیەتی، ڕەنگە لەو نێوەدا کەسانی نەفس نزمو پارە پەرەستو پیاوی خۆی پەیدا ببنو بۆ ماوەیەك ئەو کارە چەپەڵە بکەن، بەڵام لە نیهایەتدا هەر ڕووبەڕووی شکست دەبێتەوە.

ئایدز:

ئیدز نەخۆشییەکی گیرۆ و کوشندەیەو کۆمەڵگای ئێرانیش لەو مەترسییە بێبەش نیە، بەڵام سەرەڕای ئەوە کە ئەو نەخۆشییە لە جیهاندا بەرەو کەمی دەچێ هەنووکە لە ئێراندا ژمارەی تووش بووان ڕوو لە زیادبوونەو کارناسانی ئەو بوارەی نیگەران کردوە. ئەویش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی وەك لەش فرۆشی، ئێعتیادو...، کە کۆماری ئیسلامی هۆکاری سەرەکییە لە بڵاوبوونەوە، چونکە هەر ئەوە کە خۆی هۆکارە بۆ بڵاوکرنەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگادا و لەو ڕێگایەشەوە سروشتییە کە ڤایرۆسی ئایدز زیاتر بڵاو دەبێتەوە وەك لە ڕێگای بەکارهێنانی کەلوپەلی هاوبەشی تەزریقی لەنێو مۆعتادەکاندا (٦٨،٦٪). دیارە ئەو جۆرە سیاسەتانەی زیاتر لەو ناوچانە بەکار دێنێ کە بە قەولی خۆی دژبەری زیاتری لێن وەك کوردستان.

لە پارێزگای کوردستان ٤٧٦ هاووڵاتی ئالوودە بە ڤایرۆسی «ئێچ، ئای، ڤی»ن کە ٣٣ کەسیان ژنو ٤٤٣ کەسیشیان پیاوان.

پارێزگای کرماشان بە ٣٣٠٠ کەس لە روانگەی ژمارەی تووشبووان بە ئایدز لەنێو پارێزگا کوردنشینەکاندا لە پلەی یەکەم دایە کە لەم نێوەدا ٢٩٧ کەسیان ژنو ٣٠٠٣شیان پیاوانن. نزیك بە ٧٥ لەسەدی تووشبووان بە ڤایرۆسی ئایدز لە نێوان تەمەنی ١٥ بۆ ٤٩ساڵی دان کە وەك گرووپێکی چالاكو تەنانەت گوازەرەوەی ئایدزیش دەژمێردرێن.
بە شێوەیەکی گشتی لە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان(کرماشان، ورمێ، ئیلامو سنە) سەرجەم ٤٢١٢ هاووڵاتی تووشی نەخۆشی ئایدز بوون کە ٣٧٥٣ کەسیان پیاو و ٣٥٩شیان ئافرەتن. دیارە ئافرەتان چونکە کەمتر دەچن بۆ تاقیگا و پشکنین دەکەن لە چاو پیاوان کەمتر دیارترن.
بە شێوەیەکی گشتی ئاماری تووشبووان بە ڤایرۆسی HIV لە ئێراندا ئەوە دەردەخا کە هەنووکە ٢٧ هەزار کەسی تووشبوو بەم ڤایرۆسە هەنو ٧٠ هەزار کەسیش لە تووشبوونیان بەم ڤایرۆسە بێخەبەرن. دەتوانین بە گشتی ئەوە بڵێین کە هەر مانگەی زیاتر لە ١٦٠ کەس لە ئێراندا تووشی نەخۆشی ئایدز دەبێ کە زیاتر لە ڕێگای پێوەندی سێکسی یەوەیە.

**بەرزبوونەوەی تەمەنی هاوسەرگیری، تەڵاق، خۆکوژیو هەڵاتنی کچان لە ماڵەوە:**

ئەمانەش لەو کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتیانەن کە داوێنگیری کۆمەڵگای وڵاتەکەمان بۆتەوەو کورد وتەنی؛ گەنجەکانمان دەستو پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەن. یەك لەوانە چوونەسەری تەمەنی هاوسەرگیرییە کە دەتوانین هۆکارەکەی بگەڕێنینەوە بۆ بێکاری، ئێعتیاد، چوونەسەری نرخی کەلوپەل، کۆچی لاوان بۆ هەندەران، دانانی مارەیی زۆرو خەرجی زۆر لە کاتی زەماوەنددا، زۆر بوونی ڕێژەی تەڵاق کە دەبێتە هۆی چاوترسێن کردنی گەنجان لە پێك هێنانی ژیانی هاوبەشو... هتد. هەر لەسەر ئەو بنەمایە کۆمەڵگای ئێران وای لێهاتووە کە تەمەنی هاوسەرگیری لای هەردوو ڕەگەز خۆی لە بەرزبوونەوە بدا بۆوێنە؛ زۆرترین تەمەنی ژن هێنان لای پیاوان لە نێوان ٢٥ بۆ ٢٩ ساڵو ئی ئافرەتانیش ٢٠ بۆ ٢٤ ساڵ تۆمار کراوەو تەمەنی ڕەبەنیش ٤٩ ساڵە واتە ١١ ملوێنو ٢٠٠ هەزار گەنج لە تەمەنی هاوسەرگیری دان کە تا ئێستا ژیانی هاوبەشیان پێك نەهێناوەو هەروا تەنیا و ڕەبەنن، یان بە واتایەکیتر حەشیمەتی پێك نەهێنەرانی ژیانی هاوبەشی ١٠ ساڵ بەرەوژوور لە ئێراندا ٢٣ ملوێن کەسە کە لەم ڕێژەیە ١٣ ملوێنیان پیاو و ١٠ ملوێنیشیان ئافرەتانن. ئەوە بۆتە دیاردەیەك کە تەنانەت ڕێبەری لێ وەدەنگ بێو بە فەرمی داوا لە گەنجەکان بکا کە بە هیچ شێوەیەك پشت لە ژیانی هاوبەش نەکەن، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بڕوا حەشیمەتی ئێران بەرەو پیری هەنگاو دەنێ.
لە پەنا ئەم دیاردەیەدا کە حکوومەت خۆی زیاتر دەخیلە، بەرەڕووی دیاردەیەکیتر دەبینەوە بە ناوی تەڵاق یان جیابوونەوە کە بە پێی ئاماری ڕەسمی حکوومەت لەهەر ٥ زەواج یەکیان بەرەو جیابوونەوە دەچێ، دیارە هەر بەپێی ئەو ئامارانە لە شارە گەورەکاندا لە هەر ٣ زەواج یەکیان بەرەو جیابوونەوە دەڕوا. لە ساڵی ١٣٩١دا ١٥٠ هەزارو ٣٢٤ جیابوونەوە ڕوویان داوە یانی ڕۆژانە ٣٨١ ژنو مێرد لە یەکتر جیابوونەتەوە، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی دواتردا(١٣٩٢) گەیوەتە ١٥٨ هەزارو ٧٥٣ حاڵەت کە گرینگترین هۆکارەکانیان هەڵاوسان، خیانەت، کێشەی سێکسی، دەخاڵەتی بنەماڵەکان، ئێعتیادو دەستکورتی بووە. بە گوێرەی ئەو ئامارانە سێ لە چواری ئەو تەڵاقانە(٧٠٪) ژنان خوازیاری جیابوونەوە بوونو ٤٪یش پیاوانو، ٢٦٪شیان بە ڕەزامەندی هەردووك لا بووە. ئاماری چوونەسەری ٤٪ی تەڵاق لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٩٣ی هەتاویدا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە زۆرترین تەڵاقە تۆمارکراوەکانی لە لایەن ژنان(١٤،٥٪) و پیاوان(١٦،٢٪)ەوە سەربە تەمەنی ٢٧ تا ٢٩ ساڵن. هەروەها بە گوێرەی ئۆرگانی تۆمارکردنی بەڵگەکانی وڵات، لە ساڵی ٩١دا ٧٩١ هەزارو ٦٥٦ بابەتی هاوسەرگیری تۆمار کراوە لەحاڵێکدا ئاماری ساڵی ١٣٩٠ ٨٧٤ هەزارو ٧٨٢ بابەتی هاوسەرگیری تۆمار کراوە. ئەوە بەو مانایەیە کە ساڵ بۆ ساڵ پێك هێنانی ژیانی هاوبەش بەرەو کزی چووەو دەچێ.
خۆکوژی، ئەو دیاردەیەیە کە لە هەموو جیهاندا باوەو زیاتر لەنێو چینی هەرزەکاران(هەر دوو ڕەگەز)دا ڕوو دەدا، ڕەنگە لەنێو ئەو کێشە بچووكو گەورە کۆمەڵایەتییانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، زۆر دیارو بەرچاو نەبێ، بەڵام ئەم دیاردەیە هەیەو ئاماری خۆکوژی لەنێو ژنانو گەنجانی وڵاتەکەماندا لە بەرزبوونەوە دایە بە تایبەتی لە کوردستاندا کە خەمۆکی، بێکاریو گوشاری دەروونیو...، بۆتە هۆکاری چوونەسەری ئەم دیاردەیە لەنێو کوڕانو کچانی نیشتمانەکەماندا.
لە پاش چینو هێندوستان، ئێران سێهەمین وڵاتە کە ئاماری خۆکوژی ژنان تێیدا لە بەرزبوونەوە دایە. تەنانەت دزەی کردۆتە نێو خوێندکارەکانو لەنێو وانیشدا ڕووی لە بەرزبوونەوەیە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پاش تەواوبوونی خوێندن، دەکەونە بازاڕی بێکاری بە شەهادەی بەرزەوە کە لە ئاکامدا خەمۆکی بەرۆکیان دەگرێو خۆکوژی بە تەنیا ڕێگاچارە دەبینن. دیارە لە سایەی سەری ڕێژیمی ئاخوندییەوە لەم دیاردەیەشدا کوردستانەکەمان پشکی شێری بەرکەوتووەو لە چاو پارێزگاکانی دیکە پارێزگای کرماشان، ئیلامو سنە بەرزترین ڕێژەی خۆکوژییان تێدا تۆمار کراوە(دیارە خۆکوژی ڕێگای زۆرن وەك خۆسووتاندن، حەب خواردن، خۆهەڵواسین، چەقۆ، خنکاندن، سیلاحو...).
ئەو هەموو کێشە کۆمەڵایەتیو ئابوورییانە دیاردەیەکی دیکەشی لێکەوتۆتەوە بە ناوی هەڵاتن. بەداخەوە ئەو کیشانە ڕێگا خۆشکەر بووە کە منداڵەکان بە تایبەتی کچان بۆ ڕزگاربوون لەو بارە دەروونییە خراپە شەقام وەك ماڵی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام بەداخەوە بە جێگای ئەوەی کە چارەسەرێك بێ، تووشی دەیان کێشەی گەورەو نەخوازراوی دیکە دەبنەوە. بە گوێرەی ئامارە ڕەسمییەکانی حکوومەت ساڵانە ١٥٪ بە کچانی هەڵاتوو زیاد دەبێ کە زۆربەیان تووشی داوی باندەکانی قاچاخی دەبنەوە کە بەداخەوە ئەوە یەکێك لە ڕێگاکانی کڕینو فرۆشتنی کچانو ژنانە کە ساڵانە ٨ میلیارد دۆلار داهاتیان بۆ باندە مافیاکان هەیە. ئەم دیاردەیەش بەداخەوە بە زۆری لە پارێزگای لۆڕستان، کرماشان، هەمەدان، خۆڕاسانو...، بەرچاو دەکەوێ کە هۆکارەکەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کلتووری، کێشەی بنەماڵەیی، ئاستی گوزەران لەنێو شارە گەورەکانی وەك تارانو... .

# بڕیارنامەی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی پتر لە پێناو ئەرکە نەتەوەییەکاندا بدا و لەم بارەوە هۆشیاری زیاتر بداتە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ بدا بە بەشداری چالاکانەتر لە فێدراسیۆنە کوردستانی و ئێرانییەکان ڕۆڵی سەرەکی لە بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی لاوان بگێڕێ و ئەم فێدراسیۆنانە بکاتە تریبونێکی باش لە پێناو هاوپێوەندی نێوان لاوانی کوردستان و ئێران .

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هەوڵبدا ئاڵقەی پێوەندی لە گەڵ لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرفراوانتر بکا.

- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ گرینگی زیاتر بە ڕاگەیاندنی خۆی بدا و کەڵکی پێویست لە شێوازی سەردەم وەرگرێ لە پێناو بەهرەمەندی لاواندا.
- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بایەخی زیاتر بە تەشکیلاتی خۆی بدا و لەم ڕووە دەبێ گرینگی زیاتر بە ڕۆڵ و کاری کۆمیتە و پۆلەکانی ئەم یەکیەتییە وەك بنەمای ڕێکخستنی لاوان بدا.
- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە گرینگییەوە چاو لە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتانی دەرەوە بدات و دەبێ ئەم پێوەندییە بەرفراوانتر بکات .
- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە کردنەوەی دەورە جۆراوجۆرەکان لاوانی کورد زیاتر لە ڕوی ڕۆشنبیری و زانستی و تەکنیکییەوە پەروەردە بکا.
- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هەوڵبدا ڕۆژی دامەزراندنی خۆی لە ماوەی نێوان کۆنگرەی حەوتەم تا هەشتەم دیاری بکا.
- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لە بەرامبەر کێشە و گرفتەکانی لاوانی کورد خۆی بە بەرپرس بزانێ و لەم ڕێگەیەوە بۆ یەکریزی و هاوپێوەندی نەتەوەیی لاوانی کورد هەوڵی زیاتر بدا .
- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە گرینگییەوە بڕوانێتە کار و تێکۆشانی ڕێکخراوکانی تایبەت بە ژنان و لاوان و خوێندکاران و گروپە ژینگە پارێزییەکان و چالاکانی مەدەنی.
- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ گرینگی زیاتر بە ژنان و کچانی ئەندام لەم ڕێکخراوە دا بدا و لە کاروباری لاواندا بەشداریان پێ بکا.

سڵاو لە هەموو شەهیدانی کوردستان بە تایبەتی ئەو لاوە شەهیدانەی کە گیانی خۆیان کردە پردەپازی ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەیان!

سڵاو لەو لاوە بەهەستو نیشتمانپەروەرانەی کە هەنووکە لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا چاوەڕوانی مەرگ دەکەن!

سڵاو لە هەموو لاوێکی بەوەفا و شۆڕشگێڕی مەیدانی خەباتو قوربانی!

کۆمیتەی گشتیی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خەرمانانی ٢٧١٤ی کوردی(١٣٩٣)
ئاگۆستی ٢٠١٤ی زایینی











# پەیامی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لاوانی چوارپارچەی کوردستان

گۆڕانکارییە خێراکانی کوردستان و ناوچە و جیهان بەگشتی وایکردووە لاوانی هەرچوارپارچەی کوردستان بەوریایی و هەستیارییەکی تەواو مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکەن، خەباتی ڕەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان و پرسی چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد لەباکوور و هەروەها گۆڕانکارییە خێراکانی باشووری کوردستان هیوایەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە، هیوایەك لەگەڵ هێنانە ئارای یەکگرتوویی کورد ترسی لێکدابڕانی زیاتر هێزە کوردییەکانیشی‌لێدەکرێ.

ئێمە وەکوو لاوانی ڕۆژهەڵات ڕێز لەتایبەتمەندی پارچەکانی دیکە دەگرین و هەروەها ڕێز لە بڕیار و جوغرافیای بڕیاردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەگرین، بۆیە نەك هەر پێویستە، بگرە زەروورەتێکی مێژویی و چارەنووسسازە کەلاوانی هەرچوارپارچەی کوردستان کار بۆ پتەوکردنەوەی ڕوحی یەکگرتوویی و یەکدەنگی هەرچوارپارچەی کوردستان بکەن و ئەگەری لێکدابڕانی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان لەبلۆکبەندی ناوچەییدا بۆ ئاستی مەحاڵ دابەزێنن. ئەوەش بە نیشتمانپەروەری و گوشاری لاوانی هەرچوارپارچەی کوردستان بۆ سەر ئەو پارتە سیاسیانە دەکرێت کە بەرژەوەندییە حزبییەکانیان دەخەنە پێش بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان.

ئێوەی لاوانی چوارپارچەی کوردستان هەوێنی گۆڕانکارییە گەورەکانن، و هەربۆیەش ئەوە ئێوەن کە دەتوانن شەقامی کوردی لەو دەرفەتانە بەئاگا بێننەوە و لە مەترسییەکانیش ئاگاداریان بکەنەوە. ئەگەر هەموومان بە خەباتێکی میللی دێموکراتیك لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەتایبەتمەندی پارچەکانی کوردستان بانگەشە بۆ یەکدەنگی و یەکگرتوویی بکەین، دڵنیاین داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر دەستی ئێمەی کورد بەرەو دێموکراتییەت و مەدەنییەت و یەکترقەبووڵکردن دەڕوات و لەو حاڵەتەشدا سەربەخۆیی کوردستان .واقیعێکی حاشاهەڵنەگر دەبێت

کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتی لاوانی
دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢٧١٤/٠٦/٠٩



# پەیامی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەو بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشبووە وایکردووە، کەجوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەهەموو لاوە بەرەوڕووی دەرفەتی گەورە و هاوکات هەوێنی قەیرانی گەورەش ببێتەوە. قەیرانەکانی قۆناغی ئێستای ناوچەو کوردستان بریتین لە، یەکەم: ئێران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و مەزهەبییەکانی خۆی و بەرفراوانکردنی هەژموونی شیعەی خۆی ڕەنگە هەموو سەرەڕۆییەکی بگرە خوێناویش بکات. دووەم: پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان وادەکات گوشارە ئەمنی و کلتورییەکان زیاتر بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پەیڕەو بکرێت و سەرەداوەکانی ئەو گوشارانە ئاشکرا و ڕونن. سێیەم: ئەگەرچی سالآنێکە بەئاگاداری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەندێك تاقم وگروپی مەزهەبی سەلەفی لەرۆژهەلآت کاردەکەن، بەڵام پەڕینەوەی سەلەفییەتی تەکفیری چەکدار هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ ڕۆژهەڵات. چوارەم: جوڵەی سیاسی پارچەکانی دیکە و تەرکیزی میدیایی جیهان بەو پارچانە میحوەریەتی پرسی ڕۆژهەڵاتی کەم ڕەنگ کردۆتەوە. پێنجەم: گۆڕانکارییەکانی عێراق و تورکیا و بگرە سوریاش لەبەرژەوەندی سیاسەتەکانی ئێراندا نین، هەربۆیەش دەبێ چاوەڕێی بەرتەسکردنی سەرجەم چالاکییە سنووردارەکانی ئێستای وەکوو ژینگەپارێزی و ئەدەبی و ڕۆژنامەوانییەکانیش بین.

هاوڕێیان و لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو قەیرانە هەنووکەیانەش کەدەبێ چاوەڕێیان بین و پێویستە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، بەڵام دەرفەتی گەورەش هەیە و دەکرێ هەوێنی بزوتنەوەیەکی جیدی بن. یەکەم: لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەکوو هەمیشە ئاستی شعووری نەتەوەییان لەهەڵکشاندایە، و لەبەرامبەر هەموو جوڵە و پیلانێکی نێودەوڵەتی و وڵاتانی داگیرکەردا دژکردەوەیەکی بەپەلە و مانادار دەکەن، کە لە ماوەی رابردوودا بەدەیان جار بینراوە. دووەم: سەرقاڵبوونی ڕاگەیاندنە جیهانییەکان بەپرسی کورد لەئێمە دەخوازێت کە پرسی کوردانی ناو جوغرافیای ئێرانیش لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکان باس بکەین. سێیەم: هەبوونی ململانێی مەزهەبی لە ناوچەکەدا وادەکات کە جیهان ڕووی مەدەنییەت و شارستانی و باوەڕبوونی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ چەمکە مۆدێرن و دێموکراتیکەکان هەست پێ بکات، و دەکرێ کاری جیدی بۆ بکرێ. چوارەم: هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان بەتایبەت و شەقامی ڕۆژهەڵات بەگشتی لەهەمبەر پارچەکانی دیکە بە بێ ئۆپۆرتۆنیستی سیاسی و جوغرافی، ماهیەتی ویست وخواست و ناخی لاوی ڕۆژهەڵاتی بۆ ئێستا و مێژوو دیاری دەکات. پێنجەم: لاوانی ڕۆژهەڵات داینەمۆی داهێنانە مەزنەکانن، و پۆتانسییەلی ئەوەیان هەیە قەیرانەکان بکەنە دەرفەتێکی مەزنی سیاسی و کلتوری و مەدەنی، هەر بۆیە دەرگای داهێنان لەو قۆناغەدا ئاوەڵایە.

لاوانی شۆڕشگێری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هەمووی ئەوانە وادەکات ئێمە وەکوو یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکیتر بەرخۆدان و هەستە زانستییە پاکە شۆرشگێرانەتان وەبیر بهێنینەوە و داواش بکەین زۆر بەهەستیاری مامەڵە لەگەڵ قۆناغی ئێستای کوردستان و ناوچەکە بکەن و لەهیچ جۆرە میکانیزمێکی سیاسی و مەدەنی و ڕۆشنبیری بۆ قۆزتنەوەی هەلەکان لە بەرژەوەندی خەباتی ڕەوای رزگاریخوازی نەتەوەکەمان سڵ نەکەنەوە.

کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی لاوانی<br>
دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان<br>
٢٧١٤/٠٦/٠٩



## ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان !
ئەندامانی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان !
دۆستان و لایەنگرانی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ڕێکخراو و دامەزراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان !

لەڕێکەوتی ٨-ی خەرمانان بەبەشداری دەیان ئەندام حەوتەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی بەکارەکانی کرد. و بە شانازییەوە پێتان ڕادەگەیەنین کە لە ٩-ی خەرمانان کۆنگرەکەمان بەسەرکەوتووی کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا. هاوکات لەو کۆنگرەیەدا و لەکەشێکی تەواو دێموکراتیك و لەسەر بنەمای گفتوگۆیەکی ڕاشکاودا کۆمەڵێك بڕیارو ڕاسپاردەی نوێ بۆ قۆناغی داهاتووی خەبات و تێکۆشانی لاوانی ڕۆژهەڵات دەرکران.

هاوڕێیان !
حەوتەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا بەڕێوەچوو، کە گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەو بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشبووە، وایکردووە کە لەهەموو لایەکەوە دەرفەتی زێڕین بێتە پێش، و هاوکات قەیرانی گەورەشی لێ چاوەڕوان دەکرێ. قەیرانەکان خۆیان لە « سەرەڕۆی ئێران بۆ پاراستنی هەژمۆنی سیاسی-مەزهەبی» و «زیادکردنی گوشارەکان بۆ چالاکییەکانی لاوان» و «پەرەسەندنی سەلەفییەتی تەکفیری بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان» و « پەراوێزخرانی پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەرامبەر گۆڕانکاریی پارچەکانی دیکەی کوردستان»-دا دەبینێتەوە. بەڵام لە ناخی ئەو قەیرانانەدا دەرفەتی گەورەش هەن کە بریتین لە «سەرقاڵبوونی ڕاگەیاندنە جیهانییەکان بەپرسی کورد» ، «بەرزبوونی شعوری نەتەوەی لاوانی ڕۆژهەڵات»، «ڕێزگرتنی ڕۆژهەڵات لە تایبەتمەنی سیاسی و جوگرافی پارچەکانی دیکەی کوردستان» و « دەرکەوتنی ڕوخساری شارستانی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.»
بەڵام وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی ناوچەکە کە زۆربەیان ئەگەری خوڵقانی کارەساتی مرۆیی لێدەکرێت، لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چالاکییە ژینگە پارێزی و ئەدەبی و وەرزشییەکانیاندا خاو نەبوونەتەوە، و چەندین قارەمانیەتیان لەئاستی ئێران و بگرە جیهانیشدا تۆمارکردووە، هاوکاتیش بەشێوەیەکی خۆڕسك هاوخەمی ماددی و مەعنەوی خۆیان لەژێر ئەو سەرکوت و گوشارە زۆرەی ڕژیمی ئێران بۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان گەیاندووە.

بەڕێزان !
هەر لەسەر بنەمای ئەو دەرفەت و قەیرانانەدا یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتووی هەموو پارچەکانی کوردستانی لەمەڕ پرسە چارەنووسسازەکان بە زەرووڕەتی مێژوویی دەزانێت، و پێیوایە لاوانی کوردستانی گەورە دەبێ، هەوڵ و گوشارەکانیان چڕبکەنەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی یەکگرتووی گوتاری پارچەکانی کوردستان، دابڕانێکی مەترسیداری پارتە سیاسییە کوردییەکانی لەسەر بنەمای بلۆکبەندی ناوچەیی لێنەکەوێتەوە. هەربۆیەش یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخوازێت لاوانی چوارپارچە، پارتە سیاسییەکان لەو دابڕانە کارەساتبارە ئاگاداربکەنەوە.

## پەیامی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان

خەباتی میللی دێموکراتیکی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگری کۆمەڵێك چەمکی وەکوو ڕزگاریخوازی و دێموکراسی و مەدەنییەت و بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەیە، ئەگەر لە قۆناغەکانی پێشوودا ئەوە دەوڵەتە زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان بوون کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبەتی سیاسی خۆیان باسیان لەو چەمکانە دەکرد و مانایان پێدەدا، ئەمڕۆ لەجیهانی ئۆرگانیزەکردنی چەمکەکاندا ئەوە ڕێکخراوەکانن کە بەردەنگی خۆیان لە دەوڵەتەوە گۆڕیوە بۆ ڕای گشتی جیهانی.
هەمووی ئەوانە لەلایەك و هاتنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان جا بەهەر پاساوێك بێت بۆ ناوچەکە و باشووری کوردستان، دەخوازێت کە ڕێکخراوەکانی تایبەت بەلاوانی ڕۆژهەڵات لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا بن.

بەڕێزان ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پرسی لاوان !
قۆناغی ئێستای خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی دەخوازێت کە پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەگەریش لەڕووی تەشکیلاتی یەك نین، بەڵام لەڕووی هەڵوێستە هەنووکەییەکاندا یەکگرتوو بن، و ئەو بەربەستەش بە یەکگرتووی ڕێکخراوەکان دەشکێندرێ. لەلایەك هاوتەریب نەکردنی گوتاری ڕێکخراوەکان لەگەڵ پارتە سیاسییەکانیش وادەکات کە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان ، سەرجەم لاوانی ڕۆژهەڵات بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئینتیما و باوەری سیاسی و تەشکیلاتی وەکوو بەردەنگ وەربگرێت، ئەوەش کاریگەرییەکی ئەرێنی زۆری دەبێ.
هەربۆیەش مادام دیاردە کۆمەڵایەتی و کلتوری و سینفییەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات لە ماهییەتدا وەکوو یەکن، ئێمەی لاوان دەبێ بەیەك گوتارو بەرنامە هەنگاو بۆ بنبڕکردنیان بهاوێین.

کۆنگرەی حەتەمی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢٧١٤/٠٦/٠٩

هاوڕێیان !

خەباتی میللی دێموکراتی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان چەمك گەلی وەکوو رزگاریخوازی، دێموکراسی، مەدەنییەت و پێکەوەژیانی هەڵگرتووە. ئەو چەمکانەی کەچیتر هی وڵاتە زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکان نین، بەڵکو خاوەنی راستەقینەی ئەو چەمکانە رێکخراوەکانن کە بەردەنگی خۆیان لە دەوڵەتەوە گۆریوە بە رای گشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەربۆیەش پەیوەندیگرتنی رێکخراوەکانی لاوان بە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە پێویست دەزانێت.

لەلایەکی دیکەشەوە قۆناغی ئێستای خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی دەخوازێت کە پارتە رۆژهەڵاتییەکان ئەگەریش لەرووی تەشکیلاتی یەك نەبن، بەڵام لەرووی هەڵوێستە هەنووکەییەکاندا یەکدەنگ بن، ئەو بەربەستەش بە یەکگرتووی رێکخراوەکان دەشکێندرێت. لەلایەکی دیکەشەوە مادام دیاردە کۆمەلایەتییەکان و گیروگرفتە کلتوری و سینفییەکانی لاوانی رۆژهەڵات لەماهییەتدا یەکن، ئێمەی لاوانیش دەبێ بەیەکدەنگی و بە بەرنامەی هاوبەش هەنگاویان بۆ هەڵگرین.

بەڕێزان !

لەکۆتاییدا سەری رێز بۆ سەرجەم ئەو شەهیدانە دادەنوێنین کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا لەریزی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان خەباتیان کردووە.

سەرکەوتوو بێ خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

سەرکەوتوو بێ یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

٩-ی خەرمانانی ١٣٩٣-ی هەتاوی







# پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی کۆتایی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوان

ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

لاوانی شۆڕشگێر و نیشتمان پەروەری کوردستان!

بەشانازییەوە پێتان ڕادەگەیەنین کە کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتی لاوان لە کەشێکی ئازاد و دێموکراتیکدا و بە پەسەند کردنی کۆمەڵێك بڕیار و ڕاسپاردەی نوێ بۆ قۆناغی نوێی خەبات و تێکۆشان، کۆتایی پێهات.

حەوتەمین کۆنگرەی لاوان لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە گۆڕانکارییەکانی ناوچە و ئەم وڵاتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش بووە، ڕێکخراوەکەمانی زیاتر بۆ ئەم قۆناغە ئەرکدار کرد و لەم پێناوەشدا کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتی لاوان هەوڵ دەدا گوتاری خەبات لە ڕۆژهەڵات زیاتر لە هەموو کات پراکتیزە بکات.

بەڕێزان!

لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندوویانە کە میراتگرێکی بەوەفای پێشەوامان قازی محەمەد و کۆماری کوردستانن و ئێستاش لەهەموو جوڵەیەکی لاواندا نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ خاك و خەڵکی کوردستان دەبینرێت. لاوانی ڕۆژهەڵات خاك و ژینگەی کوردستانیان خۆش دەوێت، هەربۆیە ڕێکخراوەی ژینگە پارێزی خۆڕسك پێکدەهێنن بۆ ئەوەی شاخ و دەشت و تەنانەت ئاژەڵەکانی سەر خاکی کوردستانیش بپارێزن. لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵێنیان بەمێژوو و کۆماری کوردستان داوە، کە لەهەموو دۆخێکی داخراو و مەترسیداری ئێرانیشدا زمان و کلتوری وڵاتەکەیان بپارێزن، هەر بۆیەش ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی ڕۆژهەڵات بەردەوامن لەپاراستنی زمان و کلتورو ئەدەبیاتی کوردستان. لاوانی نیشتمانەکەمان سنوورە دەستکردەکان کاریگەریان تێناکات و خەمی منداڵێکی شەنگالی دەیانگریێنێت و بزەی ئامەدییەك ڕووگەشیان دەکات. لەلایەکی دیکەش جیلێکی نوێی لاوانی ڕۆژهەڵات پێگەیشتوون کە پرسیار لەسەر ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی نەتەوەکەیان و پێشڕەوانی بزاڤی ڕزگاری نەتەوەکەیان لە ڕۆژهەڵات دەکەن و بەوەڵامی کەمیش ڕازی نابن.

هەمووی ئەوانە وادەکات کە ئێمەی ئەندامانی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکمان قوورستر بێت و بە دڵنیاییەوە ئاسۆمان ڕوونتر دەبێت. ئێمە هەوڵ دەدەین لەئاست ئەو ناسیۆنالیزمە مەدەنییەدا بین کە لاوانی ڕۆژهەڵات لەتاریکترین ژینگەدا و لەبچووکترین دەرفەتدا ئاماژەکانی بۆ ئێمە دەنێرن.

هاوڕێیان!

لاوان وەك هێزی سەرەکی کۆمەڵگا و پێشڕەو لە گۆڕانکارییەکاندا، هەنووکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکیان لە جاران قورسترە و ئەگەر جاران لاوان تەنیا لە پرسە نەتەوەییەکاندا دەوری ئاوانگاردیان هەبوو، ئەوە ئێستا ئەرکیان قورسترە و دەبێ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆمەڵێك دیاردەی قێزەونی وەکوو بانگەشەی گرووپە جیهادیە تەکفیرییەکان و بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان بکەن کە لە سایەی سیاسەتی دووژمن کارانەی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە ئاراوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش دڵنیاین کە هەروەکوو چۆن لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ئەو گەلەکۆمەیەی کە لەکۆمار کرا و پێشەوایان لەسێدارەدا، دوای ئەوەی ڕژێمی تاریکی لەقاڕنێ و قەڵاتان کۆمەڵکوژی دەستپێکرد و نیەتی سڕینەوەی کوردی لەرۆژهەڵات هێنا، دوای ئەوەی ڕێبەرانی دیموکراتی شەهید کرد و لەم ساڵانەشدا دوای ئەوەی سیستماتیك ماددەی هۆشبەری بەسەر کوردستاندا بڵاوکردەوە و دوای دەیان پیلانی دیکەش، لاوانی ڕۆژهەڵات چۆکیان دانەدا و ورەیان دانەبەزی و هەموو ڕۆژێك بیانوییەکیان بۆ خەبات دروستکرد، ئەمجارەشیان ڕێگە نادەن سەلەفییەتی تەکفیری و ماددەی هۆشبەرو بەسیستەمکردنی جاشایەتی فیکری و جەستەیی کاریگەریان تێبکات، ئێمە زۆر لەوە دڵنیاین کە لاوانی ڕۆژهەڵات پێشەنگی خەباتێکی گەورەن، ئێمە هیچ شکمان نییە کە لاوانی ڕۆژهەڵات بەو جوڵانەیان خەریکە بەدەیان و بگرە سەدان جار ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو ئەگەرێك نیشانی ئێمە دەدەن، دڵنیا بن پەیامەکەتان لای ئێمەیە، و ئەمڕۆ یان سبەی داوا ڕەواکانتان جێبەجێ دەکەین و لە ئیلام و کرماشان و سنە و مەهاباد یەکتر دەبینینەوە.

میوانە بەڕێزەکان!

یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەسالەتێکی مێژوویی هەیە و لە پێناو بەجێ گەیاندنی ئەم ڕەسالەتە مێژوویە، کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوەکەمان دەست پێشخەر دەبێ لە وەسەر یەکخستنەوەی لاوانی دێموکرات و یەکگرتنی هەموو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان لە ڕۆژهەڵات و هەوڵ دەدەین کە بە تێکشکاندنی ئاستەنگ و لەمپەرەکان، پردی پێوەندی لە نێوان لاوانی دێموکرات و سەرجەم ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان لە ڕۆژهەڵات پێك بێنین.

بەڕێزان!

یەکیەتی لاوان بە چاوی ئومێدە دەڕوانێتە خەباتی لاوان لە پارچەکانی تری کوردستان و بەرگری لاوانی ڕۆژئاوا لە خاکی نیشتمان لە بەرامبەر گرووپە تەکفیریەکاندا بەرز دەنرخێنێ و هەروەها پشتگیری خۆی لە پرۆسەی ئاشتی لە باکووری وڵات ڕادەگەیێنێ کە ئەمەش















ئاکامی بەرخۆدانی بێ وچانی لاوان بوو کە دەبێتە هەوێنی ئاشتی. لە باشووری کوردستان نەتەوەکەمان چاوەنواڕی دوورە دیمەنی سەر بەخۆییە و لاوان بە هێزی لە بڕان نەهاتوویان لە بەرامبەر هێرشی تێرۆریستەکاندا لە سەنگەری بەرگری لە نیشتمان دان و ئەمە لە لایەن یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بایەخەوە سەیردەکرێ و چاوەڕوانین ئەم هەلانەی کە لە پارچەکانی تری کوردستان پێك هاتووە ببێتە دەرفەت بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لاوان لە پارچەکانی تر ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرن و پشتگیریان بکەن .

ئامادە بوانی بەڕێز!
لێرەدا جێی خۆیەتی کەئەم وتەی دکتۆر سادقی شەرەفکەندیتان بیر بێنینەوە کە دەفەرموێ: «با لاوانی کورد، کوڕ و کچ باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێردەستی دا چەندە بێقەدر و قیمەتە و لەبەرامبەردا،هەڵمژینی هەوای پاك و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵڕفێنە»

سڵاو لە هەموو شەهیدانی کوردستان سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد.

کۆمیتەی گشتیی بەڕێوەبەری
یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی
کوردستان
٢٧٠٤/٠٦/١٣

# پەیامی پیرۆزبایی رێکخراوەکانی لاوان و قوتابیان بۆ کۆنگرای حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

**گرووپی کاری لاوان و قوتابیانی پارتی ئازادیی کوردستان**

بۆبەڕێز: دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەی حەوتەمی
یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

بەبۆنەی پێکهێنانی حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیەکەتانەوە بەناوی خۆمان و سەرجەم ئەندامانی گرووپی کاری لاوان و قوتابیانی پارتی ئازادیی کوردستانەوە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی بەرێزتان و گشت ئەندامانی یەکەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامانی کۆنگرەکەتان دەکەین .یەکەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا حەوتەمین کۆنگرەی خۆی پێك دێنێ کە کوردستان و ناوچەکە بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەرێ و پرسی کورد بەگشتی و نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان بەتایبەتی، سەرەڕای دەسکەوت و پێشکەوتنەکانی لەگەڵ کۆمەڵێك کێشەو گیروگرفت بەرەورووە. بۆیە لەم کات و ساتەدا پتەوکردنی ریزی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر پێویستە و دەبێ هاوکاری لەنێوان رێکخراوەکانی دا هەبێ. دووبارە وێڕای دەست خۆشی و ماندوو نەبوونیتان لە ئەرکەکانتان دا ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین و هیواداریـن بڕیارو راسپاردەکانی ببێتە هۆی زیاتر لێك نزیك بوونەوەی سەرجەم رێکخراوەکانی لاوانی کوردستان.

بەسپاسەوە
گرووپی کاری لاوان و قوتابیانی
پارتی ئازادیی کوردستان
٢٠١٤/٨/٢٨

**رێکخراوی لاوانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

بۆ بەرێز:دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان
سڵاوێکی گەرم

خۆشحاڵین بەبۆنەی سازدانی حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتییەکەتان بەناوی لاوانی پارتی سەربەخۆیی کوردستانەوە پڕبەدڵ پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەو سەرجەم ئەندامانی یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین ،هیواداریـن کە کۆنگرەکەتان بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێ بێت و ئامانج و بڕیارو راسپاردەکانی لە خزمەتی زیاتری لاوان دا بێت. دووبارە پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

بەسووپاسەوە
رێکخراوی لاوانی
پارتی سەربەخۆیی کوردستان
٢٠١٤/٨/٢٨

**لاوانی رێکخراوی یاری کورد- یارسان**

بەرێزان:هەیئەتی ئامادەکاری گۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان
سڵاو و رێز

وێڕای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن لە بەستنی گۆنگرەکەتان...ئاواتەخوازین بڕیارو راسپاردەو پەیامەکانی کۆنگرەکەتان لە ئاستی ئەو دۆخە نوێیەدا بێ کە ناوچەکە و کوردستان و ئێران پێیدا تێپەڕ دەبێ....ئەم بارودۆخە و پرسی کوردو روداوەکانی ئەم دواییانە و داهاتووی کوردستان پێویستی بە یەکرِیزی و تەبایی و بەهێزکردنی رۆحی کوردایەتی و هەستی نەتەوایەتییە... بۆیە داواکارین چۆنیەتی وەڵام دانەوە بەو پرس و دۆخانە و بە پرسی لاوانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و گیروگرفت و نەهامەتییەکانی و زیاتر بەشداری و رۆڵگێڕانی لاوان؛ باس و خواس و تەوەرەکانی کۆنگرەکەتان بێت.
بەهیوای سەرکەوتن .

بەحورمەتەوە
لاوانی
رێکخراوی یاری کورد- یارسان
٢٠١٤/٨/٢٨

### ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەو

پەیامی ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەو
بە بۆنەی حەوتەمین کۆنگرەی
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وێڕای سڵاوو ڕێز،

بە بۆنەی حەوتەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەتان، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین‌و هیواداریـن ئـەم کۆنگرەیـە ببێتـە هـۆی بـەردەوام بوونـی کارو چالاکیـی دڵسـۆزانەتانو وەك هەمیشـە بـە سـەربەرزی لێـی بێنـە دەر.

وەك دەزانیـن ئەمسـاڵ جیـاواز لـە ساڵانی ڕابـردوو تایبەمەندیی گرنگی هەیـەو لـە هەنگاوێکـی کتوپـڕدا زۆربـەی هاوکێشـە سیاسـییەکانی ناوچەکـە تووشـی گۆڕانـکاری بووەتـەوە؛ بـە تازەیـی تـۆڕی داعـش‌و مەترسـییەکانی ڕێگـەی بـۆ دەسـتێوەردان لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان خـۆش کـردووە لاوانی کـوردی لـەو بەشـەی کوردسـتان کردووەتـە ئامانـج. ئـەم ئاڵوگـۆڕەش هـەر وەك ئاڵوگـۆڕە سیاسـییەکانی تـری ناوچەکـە لاوانو سـەربەخۆییانی نەتەنیـا خسـتە پەراوێـزەوە، بەڵکـە بووەتـە مەترسـییەکی جـدی بـۆ سـەریان.

بۆیـە هەسـتیاریی قۆناغەکـە، بەرپرسـایەتییەکی زیاتـر دەخاتـە سەر شانی هەمووماناو جێی خۆیەتی لـە ڕێوڕەسـمو کۆنگرەکانیشـدا بـە وردی بـاس بکرێـتو هەوڵـی دۆزینـەوەی ڕێوشـوێنی شـیاوی بـۆ بدرێـت.

وێـڕای پیرۆزبایـی دووبارەمـان بـە بۆنـەی حەوتەمیـن کۆنگـرەی یەکیەتیـی لاوانـی دێموکراتـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، پێداگریـی دەکەینـەوە لـە سـەر کاری هاوبەشو درێژەدان بـە لێك تێگەیشـتنی زیاتـرو بەربلاوتـرو کاری هاوبەشـی بـەردەوام.

ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەو
٧ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی

### ناوەندی خەباتی کوردستانی ئێران

بۆ بەرێز: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
سڵاوێکی دۆستانە

بەبۆنـەی بەسـتنی حەوتەمیـن کۆنگـرەی ڕێکخـراوە تێکۆشـەرەکەتان گەرمتریـن پیرۆزباییتـان پێشـکەش دەکەیـن هیواداریـن کارەکانـی کۆنگرەکەتـان بەسـەرکەوتوویی و بـە ئامانجـی هەرچـی زیاتـر خزمـەت کردنـی لاوانـی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات بـە ئەنجـام بگەیەنـن.

بێگومـان ئێـوە لـە کاتێکـدا کۆنگرەکەتـان دەبەسـتن کـە ڕەوشـی ناوچەکـە بـە گشـتی کوردسـتان بـە تایبەتـی لـە دۆخێکـی ناجێگیردایـە و ئێـران لـە ئێسـتادا لـە هـەر کاتێکـی دیکـە زیاتـر لـە پیـلان گێـڕی دایـە و چاوەڕوانـی ئـاڵ و گـۆڕی بنەڕەتـی لـە ئێـران و کوردسـتان لـە هەمـوو کاتێك زیاتـرە و ئـەمـەش ئەرکی لاوانە، کە لە ئەگەری هەر ئاڵ و گۆڕێکدا ئامادەگی قۆسـتنەوەی ئـەو هەلەیـان بەسـوودی نەتەوەکەیـان هەبـێ. و باوەڕمـان وایـە کـە بـە هـەوڵ و مانـدوو بوونتـان بڕیـاری شـیاو و جێگـای پەسـەند بـۆ داهاتـووی لاوان دێننـە ئـاراوە.

ئێمـە وەك ناوەنـدی لاوانـی خەباتـی کوردسـتانی ئێـران وێـڕای دووپـات کردنـەوەی دۆسـتایەتی و هـاوکاری لەگـەڵ ڕێکخـراوە تێکۆشـەرەکەتان دووپاتـی دەکەینـەوە کـە ئامـادەی هـەر چەشـنە هـاوکاری و دۆسـتایەتییێکین لەگـەڵ هەمـوو لاوانـی کوردسـتان بـە مەبەسـتی بـەدی هێنانـە مافـە نەتەوایەتییەکانمـان.

دووبـارە پیرۆزبایـی لـە سـەرجەم ئەندامـان و بەشـداربووانی کۆنگرەکەتـان دەکەیـن.

ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران
دەستەی بەڕێوەبەری
٥ی خەرمانانی ١٣٩٣

### یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بۆ بەڕێز/ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وێڕای سڵاو

بـە بۆنـەی بەسـتنی کۆنگـرەی نوێـی ڕێکخراوەکەتـان، لـە لایـەن یەکیەتیـی لاوانـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـەوە گەرمتریـن پیرۆزبایـی خۆمـان ئاراسـتەی ئێـوەی بەڕێـز و سـەرجەم ئەندامـان و بەشـدارانی کۆنگرەکەتـان دەکەیـن.

هیواداریـن کۆنگرەیەکـی پـڕ دەسـکەوت بـۆ لاوانـی وڵاتەکەمـان بـە تایبـەت لاوانـی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات بـێ و بڕیـار و پەسـەندکراوەی ئـەم کۆنگرەیەتـان هەوێنێك بـێ بـۆ زیاتـر بەهێزکردنـی گیانـی هاوخەباتـی و هاوهەڵوێسـتی و هـاوکاری زیاتـر لـە نێـو ڕێکخراوەکانـی لاوانـی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا.

بـە هیـوای سـەرکەوتنی کۆنگرەکەتـان و بەکردەیـی کردنـی هەنـگاو و بڕیارەکانتـان لەراسـتای هاوهەڵوێسـتی و یەکدەنگـی ڕێکخراوەکانـی لاوانـی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات.

لەگەڵ ڕێزدا
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٨ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی

# وەڵامی پەیامی ڕێکخراوە سێنفی و لایەنە سیاسییەکان بۆ کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لەگەڵ دەسپێکی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامەکانتان بۆ کۆنگرەکەمان گەیشت کەهەمووی نیشانەی دڵسۆزی و پەرۆشی ئێوە بوو بۆ داهاتووی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆنگرەی ڕێکخراوەکەمان. سەرەتا سپاستان دەکەین و بەگەرمی دەستی دڵسۆزیتان دەگوشین.

بەڕێزان!

هەروەکوو هەموومان دەزانین نەتەوەی کورد لەئێستادا بەقۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت، هەروەکوو پێشووتریش وەکوو یەکیەتیی لاوان هۆشداری ئەوەمان بە رای گشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابوو کە قۆناغی ئێستای کوردانی هەرچوارپارچەی کوردستان لەبەردەم دووڕیانی قەیران و دەرفەتی گەورەدان، دەرفەتێک کە گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهانی بەگشتی لێ کەوتۆتەوە و هاوکات مەترسی ئەوەی کە لەئێستادا هەرچوار ناوەندی دژە کوردی تاران و دیمەشق و بەغدا و ئەنکەرە لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و باڵانسی دیپلۆماسی جیهانیدا پەراوێزخراون. هەر لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەلارێدابردنی، دیکتاتۆری مەزهەبی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانی دوورەپەرێزخراو ودیکتاتۆری باوک و کوڕ لە سووریاش ئەو شۆڕشە گشتییەی ئێستای لێکەوتەوە کە بەدەیان هەزار کەسی تێدا کوژرا و بەسەدان هەزار کەسی دیکەشی ئاوارە کرد و ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدی هەتاکوو ئێستا بەزەبری خوێن و خیانەت لەخەڵکی سوریا هێشتۆتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەغدا وەکوو پایتەختی وڵاتێکی ئازادکراو لەدەستی دیکتاتۆرەکان ئێستا بەرەو دیکتاتۆرییەکی دیکەدا دەڕوات، عێراق لەڕووی ئەمنی سەرکەوتوو نەبووە و بەشێکی زۆری خاکەکەی لەلایەن داعشەوە داگیرکراوە و هیچ هیوایەکی دیموکراسیشی لێ بەدی ناکرێت، هاوکات گەندەڵیش تەنگی لێهەڵچنیوە و ئەوەش وایکردووە لەهەموو کات زیاتر وڵاتانی جیهان بە ڕزگارکردنەکەشییەوە دڵی پێخۆش نەکەن. دوای ئەوەش دەوڵەتی تورکیا لەهەموو کات زیاتر لەلایەن وڵاتانی جیهاندا ڕجم کراوە و خاوی پرۆسەی ئاشتی دەوڵەتی تورک و کوردەکان و دەستبەسەرکردنی ڕۆژنامەنووسان و لەهەمووشیان گرنگتر گومانی ڕۆژئاوا لەیارمەتیدانی تورکیا بۆ تیرۆریستان هیچ متمانەیەکی بۆ تورکیا لەجیهاندا نەهێشتۆتەوە. هەربۆیەش ئەو دۆخە نوێیەی ناوچەکە وامان لێدەکات بەهەستیارییەوە مامەلە لەگەڵ ئێستا و قۆناغی داهاتوودا بکەین.

ئەو پێشەکییە وامان لێدەکات کە ڕێکخراوەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان لەسەر یەکهەڵوێستی و بانگەشەکردن بۆ یەکدەنگی نەتەوەیی لەهەموو کات پێداگرتر بین، چونکە لەڕاستیدا ئەو قەیرانە گەورەیەی لەناو دەرفەتە زێڕینەکەی ناوچەکەدا هەیە، بە دووبەرەکی قووڵتر دەبێتەوە و ڕەنگە کارەساتی گەورەتریش بەدوای خۆیدا بهێنێت. ئێمەی ڕێکخراوەکانی لاوان دەبێ بەراشکاوی داوا لە پارتە سیاسییە کوردەکان بکەن کە لەو قۆناغە هەستیارەدا نەکەونە ئەو بلۆکبەندیانەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کوردەکانیش لەبەرامبەر یەکتر دادەنێت.

هاوڕێیان !

لەبەشی زۆری پەیامەکانتان بۆ کۆنگرەی ڕێکخراوەکەمان باس لە یەکدەنگی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەنگی و پرۆژەی کرداری دیاریکراویان لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوێت. لەئێستادا ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بەقۆناغێکی سەخت و ئەستەمدا تێدەپەڕێت، هاوکات کۆماری ئیسلامی ئێران پشتیوانی تیرۆریسم لە ناوچەکە دەکات و لەگەڵ ئەمەش کۆبوونەوەکانی پێنج کۆ یەك لەگەڵ ئێران لەسەر پرسی ناوەکی بەئەنجام نەگەیشتووە کە بۆتە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی گەورەی ئابووری لەئێران و تەنگی بەخەڵکی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەڵچنیوە. هەموو ئەو قەیرانە نوێیانەی لەئێران هەن وایان نەکردووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران واز لە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریەتە کۆنەکەی بەرامبەر خاک و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بهێنێت، هەموومان دەزانین کە بڵاوکردنەوەی سیستماتیکی مادەی هۆشبەر لە ڕۆژهەڵات لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان و قەدەغەکردنی هەموو جۆرە چالاکییەکی سیاسیی و کلتووری و کوشتاری کۆڵبەرە کوردەکان هەر لەسەرەتای لەدایکبوونی ئەو ڕژێمە هەبووە و ئێستاش بەردەوامە. هەمووی ئەوانە وا لەئێمەی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کە گوشار بخەینە سەر حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی هەستیاری قۆناغەکە لەبەرچاو بگرن و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکردار بکەنە مێحوەری پلان و ستراتیژییەکانیان، بۆ ئەو مەبەستەش یەکەم هەنگاویان یەکدەنگی و یەکگرتووییان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت. قۆناغەکە هەستیار و چارەنووسسازە و دەبێ ئێمەی ڕێکخراوەکانی لاوان خۆمان هەنگاوێکی جیدی بەرەو هاوهەڵوێستی و یەکدەنگی لەڕۆژهەڵات بهاوێین.

هاوڕێیان!

جگە لەپرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین کێشەی دیکەی ئابووری وکۆمەڵایەتی و تەنانەت دەروونیشیان هەیە کەهۆکاری هەمووی ئەوانە پیلانی پێشوەختەی دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە. گیرۆدەبوونی لاوانی ڕۆژهەڵات بە مادە هۆشبەرەکان خەریکە هێڵە سوورەکانیش تێدەپەڕێنێت، ئەو ئەنفالە سپییە وایکردووە کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەیەك کاتدا بەربەرەکانی لەگەڵ سیستەمی سیاسیی و پیلانە ڕەشە کۆمەڵایەتییەکانی

ڕژێمیش بکەن، هەربۆیەش پێویستە هەموومان وەکوو ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی لاوان پلانی زانستی دیاریکراوی هاوبەشمان بۆ هۆشیارکردنەوەی لاوان هەبێت و پیلانی کۆماری ئیسلامی ئێران پوچەڵ بکەینەوە.

وێڕای هەموو ئەوانەش ئیرادەو داهێنانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر پتەو و بەهێزە، ئەوەش وادەکات کە ئێمەی ڕێکخراوەکان هەموو گرەوێك لەسەر لاوانی نیشتمانەکەمان بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی گەشی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بکەین. تەنیا دەبێ هەمووما‌ن بە یەکتر قەبووڵکردن و یەکدەنگی ژوورێکی فکریی هاوبەش بۆ بەدواداچوون بەپرسی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێین و پلانەکانمان لەڕێگەی ڕێکخستن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن جێبەجێ بکەین. لەکۆتاییدا جارێکیتر سپاسی پەیامەکانتان بۆ کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و هیواخوازیشین کە ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات لە دانانی ژووری عەمەلیاتی هاوبەش بۆ پرسە هەنووکەییەکان و هاوکات یەکدەنگی سیاسیی بۆ پرۆژەکانی داهاتوو پێشەنگ بن.

جارێکیتر سپاس











جەولەی ئەندامانی یەکیەتی لاوان بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

# کار و چالاکی



# بەشداری شاندێکی یەکیەتی لاوان لە سیمیناری «کەش و هەوا و کاریگەریەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان»

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢-١٠- ٢٠١٤ شاندێکی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییان کرد، لە کۆڕێك لە ژێر ناونیشانی گۆڕانکارییەکانی ( کەش و هەوا و کاریگەریەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان) کە لە لایەن دوکتور. لوقمان وسو عومەر سەرۆکی بەشی جوگرافیا لە زانکۆی کۆیە لە بارەگای حیزبی شیوعی کوردستان لە شاری کۆیە کە لە لایەن ڕێکخراوی یەکیەتی لاوانی دێموکراتیك بەڕێوە چوو.

سەرەتای کۆڕەکە بە ساتێك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و ئەمەگناسی پێشمەرگە دەستی پێکرد. دواتر کۆڕگێر بە پێناسەیەکی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا کە بریتیی بوو لە گۆڕان لە توخمی پێکهێنەرەکانی وەکوو بەرگی هەوا بە یەك ئاراستەی دیاریکراو کە هۆکارەکانی ئەو گۆڕانانەش دەبن بە دوو بەشی هۆکارە سرووشتییەکان و هۆکارە دەستکردەکان. گرکانەکان هۆکاری سرووشتین و دووکەڵی کارگە پیشەسازییەکان وەکوو هۆکارێکی مرۆڤ کرد، بەشێکی تری باسەکە سەبارەت بە دیاردەی گەرم بوونی جیهانی بوو ((Green house effect )) کە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری سەلبی لەسەر جیهان هەیە، بەشێکی تری باسەکەی کۆڕگێر تایبەت بوو بە کاریگەرییەکانی کەش و هەوا لەسەر کوردستان و چەندیەتی بەشداریکردنی کوردستان لەم گەرمبوونەدا کە بە پەرەسەندنی درهێنانی نەوت و سووتەمەنییەکان لە کوردستان و سووتانی دارستان و پاوانەکان و هەروەها شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و ماددە کیمیاییەکانی بەکارهاتوو لە عێراق بەشێکی زۆری هۆکاری تێکچوونی ژینگەی کوردستانن. لە کۆتایی باسەکەدا دوکتور لوقمان ڕێگا چارەکانی کەمبوونەوەی کاریگەریەکانی لەسەر کەش و هەوا خستە ڕوو کە لەوانەش بە هۆشیار کردنەوە و بە ئاگا هێنانەوەی تاکەکان سەبارەت بە پلانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی هاتوچۆی ئۆتۆمبیل و باج وەرگرتن و دانانی فیلتەر لە کارگەکان دا بە جێ بەجێکردنی پرۆژەی ریسایکلینگ و هەوڵ بۆچاندنی درەخت و سەوزایی وەکوو ڕێگا چارەیەك باس کرا. دواتر لەلایەن بەشداربووانی کۆڕەکەوە کۆمەڵێك پرسیار ئاڕاستەی دوکتور لوقمان کرا و لەلایەن بەڕێزیانەوە وەڵام درانەوە.







# سمینارێکی سیاسی بۆ شیکاریی کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرەبەری ساڵڕۆژی ٢٦ ی خەرمانان، ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی بە بەڕێوەبردنی سمینارێکی شیکاریی کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی، یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ٢٦ی تێرۆری میکۆنوسی بەرز ڕاگرت.

ئەو سمینارە ڕۆژی شەممە، ٢٢ی خەرمانان لە ژێرناوی « گرینگی و پێویستیی خوێندنەوەی کەسایەتی و کردەوەکانی دوکتور شەرەفکەندی بۆ لاوان و هێزە گۆڕانخوازەکان» بەبەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو و لەو سمینارەدا ئارەش لۆڕستانی باسەکەی لە چوار بەشدا پێشکەش کرد.

ئارەش لۆڕستانی، ئەندامی یەکیەتی لاوان و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان، لە بەشی یەکەمی باسەکەیدا هەل ومەرج و بارودۆخی سیاسی و خەباتی کورد لەو کاتەدا کە دوکتور شەرەفکەندی بەرپرسایەتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی گرتە ئەستۆ، شی کردوە.

ڕووداوەکان و هەل ومەرجی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق کە بووە هۆی فشاری چەند قاتی کۆماری ئیسلامی لە دژی دژبەرانی بەتایبەت جووڵانەوەی کورد، شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، لە بەرامبەر یەك وەستانی بۆچوونی چەپ لەگەڵ بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان، قۆناغی دەسپێکی دەسەڵاتی عەلی خامنەیی لە پلەی ڕێبەرایەتیی نیزامی ئیسلامیی ئێران و پەرەسەندنی توند و تیژی و سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە دژی کورد گرینگترینی ئەو سەرە باسانە بوون کە کۆڕگێر لە پێوەندی لەگەڵ ئەوان و سیاسەتکردنی دوکتور شەڕەفکەندیدا قسەی لە سەر کردن.

لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا ئارەش لۆڕستانی بە ئاماژە بە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی سکرتێریی دوکتور شەرەفکەندیدا، بەردەوامی و پێشکەوتنی خەباتی نەتەوەیی کورد لە دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو، بەردەوامی و ڕێکخستنی زیاتری پێوەندی و وتووێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانییەکان وەك دوو نموونە تیشکیان خرایە سەرو قسەیان لەسەر کرا.

ئارەش لۆڕستانی سێهەمین بەشی باسەکەی خۆی بۆ باس لەسەر کەسایەتی و تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی دوکتور شەرەفکەندی تایبەت کردبوو. خەڵکی بوون، سەربەخۆیی فیکری، کەڵك وەرگرتن لە زەرفییەتەکانی ڕێبەری و سکرتێریی حیزب، دەستی نووسین، پەروەردەی ئەندامانی حیزب و بەدواداچوون و چاوەدێریی ڕاگەیاندنی حیزب و بەڕێوەبەریی چالاك و وەڵامدەرانەی دوکتور شەرەفکەندی چەند تایبەتمەندییەك بوون کە لەلایەن کۆڕگێڕەوە تیشکیان خرایە سەر.

لە بەشی کۆتایی سمینارەکەشدا هەل و مەرجی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان و بارودۆخی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ڕێکارە کردەوەییەکان بۆ بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد قسەیان لەسەر کرا و دواتر لەلایەن بەشداربووانە سەرنج و تێبینییەکان لەسەر باسەکەی کۆڕگێر خرانە بەرباس کە دواتر لەلایەن خۆیەوە وڵام درانەوە.





## بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتی لاوان لە فستیڤاڵی یادی هونەرمەندی کورد تاهیر تۆفیق

کاتژمێر ۳ی ئێوارەی ڕۆژی سێ شەمە ڕێکەوتی ۲۰۱٤/۱۰/۲۰ شاندێکی یەکیەتی لاوان بەشداری کرد لە ڕێورەسمی یادی هونەرمەندی ناوداری کورد مامۆستا تاهیر تۆفیق. ئەم ڕێورەسمە لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە لە ژێر چاوەدێری جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە بەشداری دەیان شاعیر و هونەرمەند و ئەدیب، بە درووشمی (نەغمەی تایەر و سۆزی شاعیران) دەستی پێکرد و بڕیارە دوو ڕۆژ بخایەنێت، سەرەتای فستیڤاڵەکە بە ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان بەڕێوەچوو و دواتر وتاری سەرۆکی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە خوێندراوە، بڕگەیەکی دیکەی ئەم فێستیڤاڵە تەرخان کرابوو بۆ پەیامی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزیری ڕۆشەنبیری بەڕێز خالید دۆسکی خوێندراوە، لەبڕگەیەکی تری ئەم ڕێورەسمەدا چەند بڕگەی موسیقی لەلایەن هونەرمەند نەجمەدین غوڵامی پێشکەش کرا

ئەم فیستیڤاڵە بە هاوکاری لێژنەی ڕۆشەنبیری بەشی فاکڵتی پەروەردە زانکۆی کۆیە و بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ لقی کۆیە ئامادە کرابوو.

# ڕاگەیەندراو سەبارەت بە شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی کوردستان و ئەندامی یەکیەتی لاوان

ئەندامان و لایانگرانی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆهەڵاتی کوردستان
لاوانی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری کوردستان

هەروەك ئاگادارن لە تێکهەڵچوونێکی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچەی شنۆ، هاوڕێ هەژار قاسمی پێشمەرگەی دڵسۆزی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لەهەمانکاتدا ئەندامی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆهەڵاتی کوردستان شەهید بوو .

ئاشکرایە کە لاوان لە شۆڕش و جووڵانەوەکانی کورددا بەردەوام دەوری ئاوانگاردیان هەبووە و هەنووکە لەم قۆناغە نوێیەی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا لاوان وەك هەمیشە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری دان و لاوانی دیموکرات لەم قۆناغەشدا پشکی شێریان بەردەکەوێت.

هاونیشتیمانیانی ئازیز!

نەتەوەکەمان بە درێژایی مێژوو هەوڵی داوە لە ڕێگای ئاشتییانە پرسی کورد چارەسەر بکات و بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی ڕێگای دانووستان بگرێتە بەر، بەڵام ڕێژیمە یەك لەدوای یەکەکان کە باوەڕیان بە دانوستان و چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کوردنەبووە، کوردیان ناچار کردووە کە بۆ بەرگری لە ماف و کەرامەتی نەتەوەیی خۆی دەست بداتە چەك. بە پێی بڕیار و کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتییەکانیش خەبات کردن لە بەرانبەر حکومەتە ڕەگەز پەرەستەکان ، دیکتاتۆر و خۆسەپێنەکان خەباتیکی ڕەوایە و ئەگەر بێتە خەباتی چەکداریش ڕەوایەتی خۆی لە دەست نادا. بە باوەڕمەندنیمان بە ڕزگاری نەتەوەکەمان لە بندەستی و لە ژێر ڕۆشنایی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان، ئێمە وەك یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی خۆمان لە بەرگری لاوان و پاریزەرانی ڕۆهەڵاتی کوردستان دەردەبڕین و ئامادەی هەرجۆرە بەرنگاربوونەوەیەکی چەکدارانەین لە بەرامبەر دوژمنانی کوردستان.

خەڵکی مافخوازی کوردستان!

ئەندامانی یەکیەتی لاوان وەك چۆن بە درێژایی مێژوو شانبەشانی حیزبی دیموکرات و پێشمەرگە لە سەنگەرە جیاجیاکانی خەباتدا بەشداری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بوون، لەم قۆناغەشدا ئەندامانی یەکیەتی لاوان کە زۆربەیان پێکهاتوون لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، ئامادەی هەرجۆرە بەرگرییەکن لە خاك و نەتەوەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دڵنیاتان دەکەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەی کورد ناسرەوین. ئێمە دڵنیاین کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاوەدانتر کردنەوەی سەنگەری شەهید هەژار و شەهیدانی کوردستان، تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان کۆڵ نادەن و درێژە دەری ڕێگای شەهیدانی کوردستانن.

سڵاو لە هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان
سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد

هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆهەڵاتی کوردستان
۲۰۱٤/۹/۲٦



شەهید
هەژار
قاسمی

# یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# بەڕێوەچوونی کۆڕیادی شەهید هەژار قاسمی لەلایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڕیادێکی بۆ ڕێزگرتن لەیاد و بیرەوەریی شەهید هەژار قاسمی، نوێترین شەهیدی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامی ئەو یەکیەتییە پێک هێنا.

لەو ڕێورەسمەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٩ی ڕەزبەر بەبەشداریی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بنەماڵە و ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو، یاد و بیرەوەریی شەهید هەژار قاسمی بەرز ڕاگیرا و لاوان بەڵێنیان دا سەنگەری شەهید هەژار ئاوەدان بێڵنەوە.

ئەو ڕێورەسمە شایانە، بە ڕێزەی نیزامیی پۆلێک لە لاوانی دێموکرات و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد و پاش خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، تاجە گوڵێنەی وەفای یەکیەتیی لاوان پێشکەش بە یادی هەژار قاسمی و وێنەی ئەو شەهید سەربەرزە کرا.

لە بەردەوامیی بەرنامەکانی ئەو ڕێورەسمەدا کە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بۆنە و ڕێورەسمەکانی حیزب درێژەی پێدرا، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن شکۆفە قادرسووری، ئەندامی هەڵسووڕی ئەو یەکیەتییە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا بە ئاماژە بە پێشڕەو بوونی لاوان لە شۆڕش و جووڵانەوەکانی کوردا و نموونە هێنانەوەی شەهید هەژار وەکوو نوێترین شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەخت کرابۆوە لەسەر ئەوەی کە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان وەک چۆن بە درێژایی مێژوو شانبەشانی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە لە سەنگەرە جیاجیاکانی خەباتدا بەشداری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بوون، لەم قۆناغەشدا ئەندامانی یەکیەتیی لاوان کە زۆربەیان لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات پێکهاتوون ، ئامادەی هەرجۆرە بەرگرییەک لە خاک و نەتەوەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

لەو پەیامەدا ئاماژە و دڵنیایی ئەوە درابوو کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاوەدانتر کردنەوەی سەنگەری شەهید هەژار و شەهیدانی کوردستان، تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان کۆڵ نادەن و درێژە دەری ڕێگای شەهیدانی کوردستانن.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو بەرنامەیەدا سروودی «تۆ بەهێزی نامری» لەلایەن کۆڕسی هونەریی یەکیەتیی لاوانەوە بە هاوکاری کۆڕی هونەری حیزبی دێموکرات پێشکەش کرا و دواتر پەیامی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ ئەو بۆنەیە نێردرابوو، لەلایەن کاک خالید وەنەوشەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێک لەو پەیامەدا هاتبوو کە بۆ ئێمە پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جێگای سەربەرزی و شانازییە کە لەگەڵ ڕۆڵەی پێشمەرگە و تێکۆشەری بەتوانای وەک هەژار قاسمی، لە قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵات و لەباوەشی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا بۆ ماوەیەک هاوئەرک و هاوسەنگەر بووین. هەروەها پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژەیان کردبوو بەوە کە ڕێزگرتنی ئێوە لاوانی دێموکرات لە هەژاری قاسمی، پێشمەرگەی شەهید، مانایەکی بەرز و پیرۆزی هەیە. ئەم ڕێزگرتنە نیشان دەدا کە لاوانی کوردستان ڕێگای شەهیدەکان ون ناکەن، بەتایبەتی ئەو شەهیدانەی کە لە چەشنی ڕاخوشینی ئەستێرە لە تاریکە شەودا هەرێمێک ڕوون دەکەنەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو پەیامەدا هاتبوو ئێمە کە ناوی پڕ شانازی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان لەسەرە، هەروەک لە یەک مانگی ڕابردوودا نیشانمانداوە، لە سەرکوت و تاوان و ڕاورووتی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ و بێ هەڵوێست نابین، بەڵێن دەدەین لەسەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشمەرگە و پاسەوانی نەتەوە و نیشتمانەکەمان بین و هەرکات پێویست بوو، بەگژ دووژمنانی سەربەرزی و ئازادیی نەتەوەکەماندا بچینەوە.

لە بەردەوامیی ئەو کۆڕیادەدا شێعری پرسیاری چاوەڕوانان، هۆنراوەی فەرەیدوون ئەرشەدی بە دەنگی خاتوو سۆهەیلا قادری خوێندرایەوە و سروودی «بێلاچۆ» بە دەنگی هونەرمەند چیا مەدەنی کە بەرهەمی بەشی ڕاگەیاندنی لاوان بوو پیشان درا و لە کۆتاییدا سەبارەت بە ڕاهێنانی نیزامیی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان، لەلایەن یەکیەتیی لاوانەوە ڕێزنامەیەک پێشکەش بە مامۆستا خالید حەسەن خاڵی مامۆستای نیزامی کرا.

شایانی باسە کۆڕیادی ڕیزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهید هەژار قاسمی بە نوێکردنەوەی بەلێن و وەفا لەگەڵ ئەو شەهیدە سەربەرزە کۆتایی پێهات.














Lawan

Democratic Youth Union Of East Kurdistan







# ئۆردووی سیاسی لاوان لە دەرەوەی وڵات

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٤/١٠/٢٠١٤ ئەندامانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمیتەی نۆرویژ گەشتێکی سێ ڕۆژەیان لە یەکێك لە چیاکانی ئۆسلۆ بەڕێوە برد. بەشێکی ئەم گەشتە زانستییە تەرخان کرابوو بە هەلومەرجی ئێستای کوردستان کە بەڕێز هاشم ڕۆستەمی
تێکۆشەری دێرین و کادری حیزبی دێموکرات شیکاریی بۆ ئەم بابەتە کرد و هەروەها کۆمەڵێك مژاری دیکە لەلایەن ئەندامانی بەشدار لەم گەشتەدا ورووژێندران کە لەسەر بنەمای دیالۆگ و وتوویژی ڕاشکاو شرۆڤەیان بۆ کرا شایانی باسە ئەم گەشتە سێ ڕۆژی خایاند و ڕۆژی یەکشەمە ٢٦/١٠/٢٠١٤ کۆتایی پێهات.

## ڕاگەیەندراو سەبارەت بە خرۆشانی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە کۆبانی

---------------------------------------------------

خەڵکی نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ئەندامان و لایانگرانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
خەڵکی خۆراگری کۆبانێ لەرۆژئاوای کوردستان ئەوە نزیك مانگێکە لەژێر گەمارۆی گروپی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بەداعشدایە کە لەلایەن بلۆکە ناوچەییەکانەوە بە نوێترین چەك و تەقەمەنی تەیارکراوە،
بەڵام خۆڕاگری و نەبەزی خەڵکی کۆبانێ بەردەوامە و ڕێگەیان نەداوە پێی ڕەشی تێرۆریستان بەو شارە کوردستانییە بگات. گەمارۆی کۆبانێ و مەترسی داگیرکردنی ئەو بەشە لە خاکی ڕۆژئاوای کوردستان جارێکیتر لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هێنایەوە سەر شەقامەکان و ئەوە چەند ڕۆژە لە سەرجەم کۆڵان و شەقامەکانی ڕۆژهەڵات درووشمی ئازادی بۆ کوردستان و مەرگ و نەمان بۆ داگیرکەران دەگوترێتەوە.

لاوانی نیشتمانپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان !
دوێنێ پەیامی هاوخەمیتان بە هەست و بە کردەوە بۆ خوشك و براکانتان لەشەنگال لە باشووری کوردستان وەکوو هەستێکی کوردانە گەیشت، ئەمڕۆش لەپێناو پشتیوانیتان بۆ خۆڕاگری خەڵکی کۆبانێ لەرۆژئاوای کوردستان پەیامێکی دیکەتان بەگوێی کوردستان بەگشتی و نوخبەی سیاسیی ڕۆژهەڵات و ئێمەی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پەیامێك کە زۆر بەئاشکرا بەدرووشمەکانتانەوە دیارە. ئێوەی لاوانی ڕۆژهەڵات ئەوەتان دەرخست کە هێزێکی یەکجار گەورەی شاراوەن کە لەبچووکترین دەرفەتەکاندا حەماسەی گەورە دەخوڵقێنن و هاوکات دیسانیش شعووری نەتەوەیی و هەستی نیشتمانپەروەریتان نیشانی کوردستان و جیهان دا.
لاوانی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵات !
ئێوە داینەمۆی دوارۆژی ڕۆژهەڵات و هەڵگری داهێنانی گەورەن بۆ قۆناغی داهاتووی خەباتی ڕەزگاریخوازی نەتەوەیی و زۆر بەئاشکراش پەیامی «کۆبانێ ڕۆژهەڵاتە» بەئێمە گەیشت و ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە سیستەمی داپڵۆسێنەر و زاڵم و داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئێران بەوێنای داعشی تێرۆریست خەریکە بەشێوازی جۆراوجۆر لاوانی ڕۆژهەڵات تێرۆر دەکات، هەربۆیەش ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیهەویست و مەبەستییەتی خرۆشانی خۆڕسکی شەقامی ڕۆژهەڵات بە ئاراستەی سیاسەتە ناوچەییەکانی خۆیدا ببات، بەڵام ئێوەی لاوانی ڕۆژهەڵات بە درووشمەکانتان و بە نیشاندانی ماهییەتی نەتەوەیی خۆپێشاندانەکانتان پیلانەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرەست و دیکتاتۆری ئێرانتان پووچەڵ کردەوە، هەربۆیەش وەکوو یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سپاسی نیشتمانپەروەریتان دەکەین و ئاماژەکانیشتان دەکەینە هەوێنی خەباتێکی بەرفراوانی داهاتوو، هەروەکوو چۆن پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەسەر خواست و ویستی ئێوەی لاوانی ڕۆژهەڵات پارێزگاری لە هەموو چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵات دەکەن. با ئەوەش دەستپێکێکی لەبن نەهاتووبێ، بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەدەست و مەچەکی ئێوەی لاوانی ڕۆژهەڵات لەدەست داگیرکەران و داعش سیفەتەکان ڕزگار بکەین.
سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازی کوردستان
نەمری بۆ شەهیدانی کوردستان
کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢٧١٤/٧/١٩



# بەڕێوەچوونی خولێکی راگەیاندن بۆ ئەندامانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠١٤/١١/٢٨ یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان دەورەیەکی یەك رۆژەی راگەیاندنی بۆ ئەندامەکانی و هەروەها بۆ لاوانی ئۆرگانە جیاجیاکانی حزبی دێموکراتی کوردستان رێکخست، لەو دەورەیەدا کە ماموستایانی زانکۆ ماموستا هەژار و فیرووز مەیهەمی وانەکانیان دەوتەوە،

باس لە رۆلی راگەیاندنی سیاسیی و هاوکات شێوازی کاری ئەو راگەیاندنانە کرد کە لەقۆناغی خەباتی رەزگاری نەتەوەییدا خەریکی چالاکین. هاوکات لەلایەکی دیکەشەوە لە وانەیەکی دیکەدا ماموستای پسپۆری بواری هەواڵ و تیڤی شێوازی درووستکردنی هەواڵ و راپۆرتی رۆژنامەوانی بۆ ئامادەبووان شیکردەوە.

پانێلی یەکەم کە لەلایەن ماموستا هەژار، ماموستای زانکۆی سەلاحەدین پێشکەش کرا، تێیدا باسی لە رۆڵ و گرنگی راگەیاندنی سیاسی لەو قۆناغەدا بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان کرد و هاوکات جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەرێگەی سەدان تیڤی و خەرجکردنی ملیۆنان دۆلار هەوڵی چەواشەکردنی خەڵی ئێران و رۆژهەڵات دەدات، هەربۆیەش بە رای ماموستا هەژار پێویستە راگەیاندکاری کورد لەگەڵ پێدانی زانیاری دەبێ رۆڵی هۆشیارکردنەوەشی هەبێ و بۆ هەموو پرۆپاگەندەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەڵامی گونجاوی پێبێ. ئەو ماموستایەی زانکۆی سەلاحەدین ئاماژەشی بەوەدا کە کارکردن لەبواری کەلتوور، موسیقا، هونەر و لەهەموویان گرنگتر مێژوو و سەرکردەکانی کوردی رۆژهەڵات بۆ نەوەی نوێ زۆر گرنگە و دەبێ هەموو ئەو تەوەرانە بەزمانێکی نوێ و بەقالبێکی نوێ بۆ خەڵکی رۆژهەڵات بڵاوبکرێنەوە، بۆ ئەوەی لاوانی رۆژهەڵات کە لاوی سەردەمن و تێکەڵی دونیان تێکنۆلۆژیا بوونە، بتوانن وەریبگرن.

هاوکات لە پانێلێکی دیکەی ئەو دەورە زانستییەدا ماموستا فیرووز مەیهەمی ماموستای زانکۆ، باسی لە شێوازی وەرگرتنی زانیاری و توخمەکانی هەواڵ و راپۆرت بۆ ئامادەبووان کرد، بەرای ئەو ماموستایە بۆ راگەیاندکارێکی رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە جەخت لەسەر چەمکە ئینسانی و جیهانییەکان بکاتەوە. ماموستا فیرووز پێی وابوو میدیاکانی رۆژهەڵات دەبێ کاری جیدی لەسەر پرسەکانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی و مافی ژنان و ژینگەپارێزی بکەن، چوونکە هەموو ئەوانە رای گشتی دروست دەکەن. ئەو ماموستایەی زانکۆی سەلاحەدین ئاماژەی بەوەشکرد کە لەسەردەمی ئێستادا تەنیا خەباتی موومکین و پڕکاریگەری خەباتی راگەیاندنە، خەباتێك کە بەگوتەی ئەو دەتوانێ دەسەڵاتە سەرەڕۆکان بتۆقێنێت و بۆ ئەو بۆچوونەی چەندین نموونەی سەردەمیشی هێنایەوە.

جێگەی ئاماژەپێدانە کە یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە درێژەی کاروچالاکییەکانی خۆیدا لەبەڕێوەبردنی دەورەی زانستی و کۆڕوکۆبوونەوەی پەیوەندیدار بە لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەبێ و بۆ ئەوە مەبەستەش نەخشە رێگەیەك ئامادە دەکا و لەداهاتوودا بۆ لاوانی رۆژهەڵاتی بڵاودەکاتەوە.

## پەیامی یەکیەتیی لاوان بە بۆنەی جەژنی خاوەنکار

بەبۆنەی هاتنی جەژنی خاوەنکار، پیرۆزبایی گەرم ئاڕاستەی هەموو خوشك و برایانی یارسانیمان دەکەین. ئایینی یارسان وەك ئایینێکی مێژوویی و جێی بایەخی نەتەوەکەمان بۆتە چەقڵی چاوی دوژمنان و لە کوردستانی بن دەستی ئێراندا رێبازدارانی ئەم ئایینە جارێك بەهۆی ئەوەی کوردن لەلایان دەسەڵاتدارانی ئێران دەچەوسێندرێنەوە و جارێکیش بەهۆی ئەوەی رێبازداری ئەم ئایینەن بێڕێزیان پێ دەکرێت و لە بچووکترین ماف بێبەش دەکرێن.

کوردستانیانی ئازیز!

لەم قۆناغە هەستیارەدا کە کورد پێیدا تێپەڕ دەبێ، یەکگرتوویی کورد بە هەموو ئایینەکانەوە تاقە رێگای سەرکەوتنمانە. رژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر جار ویستوویەتی لە رێگای درووست کردنی کێشەی ئایینی، داخوازییە نەتەوەییەکانمان بەلاڕێدا ببا. هەر بۆیە پێویستە ئێمەی کورد بە شیعە و سوونە و یارسان و زەردەشتی و مەسیحی و گشت ئایینەکان لە داوی ئەو ململانە ئایینییە نەکەوین کە تەنیا کۆماری ئیسلامی نەفعی لێدەبا و پێویستە دەست لەناو دەستی یەك لە پێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانمان لە تێکۆشان بەردەوام بین.

جارێکی دیکەش پیرۆزبایی جێژنی خاوەنکار لە هەموو خوشك و برایانی یارسانیمان دەکەین و رۆژگارێکی خۆشتان بۆ بە ئاوات دە خوازین.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی
یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان
٢٠١٤/١١/٨



# نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەولێر پێشوازی لە شاندێکی یەکیەتی لاوان کرد

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ شاندێکی پایەبەرزی یەکیەتی لاوان سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانیان کرد لە شاری هەولێر

شاندێکی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتی ڕێکخراو، لەلایەن سۆکۆڵ کەندی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر و زەیتۆ سیانی بەرپرسی ئۆفیسی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازیان لێکرا.

لەسەرەتای دانیشتنەکەدا سکرتێری یەکیەتی لاوان وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ لە هەموو داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، باسی لە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و هەروەها دۆخی نالەباری زیندانیانی سیاسی بەتایبەت زیندانیانی سیاسی گرتووخانەی ورمێی بۆ بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر شی کردەوە.

سکرتێری یەکیەتی لاوان وێڕای ئاماژە بەوەیکە گۆڕینی سەرۆك کۆماری ئێران نەتەنیا هیچ ئاڵوگۆڕێکی لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دروست نەکرد بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئێعدام و ئەشکەنجە و دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی زیاتر بووە و هەنووکە ماوەی ٢١ڕۆژە ٢٧ گیراوی سیاسی کورد لە زیندانی ورمێ بەهۆی ئەوەی لەبەندی سیاسی را گواستراونەتەوە بۆ بەندی تاوانبارانی گەورە، مانیان لە خواردن گرتووە و دۆخی جەستەییان نالەبارە.

سەبارەت بە دۆخی زیندانیانی سیاسی گرتووخانەی ورمێ و بۆ ئاگادار کردنەوەی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان یەکیەتی لاوان ڕاپۆرتێکی ئامادەکردبوو کە لەم دانیشتنەدا پێشکەش بە بەرپرسانی نەتەوەیەکگرتووەکان کرا.

لە درێژەی ئەم دانیشتنەدا سۆکۆڵ کەندی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەولێر وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆی بۆ کورد و نەتەوەکانی تر لە ئێران، ڕایگەیاند کە ئێمە دەنگی ئێوە دەگەیەنینە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و داوا لە سەرۆکی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیۆیۆرك دەکەین کە دێسکی مافی مرۆڤ لە ئێران بەزووترین کات سەبارەت بە پرسی مانگرتنی زیندانیانی سیاسی ورمێ ئەرکدار بکا و هەروەها هەڵوێستیان هەبێ سەبارەت بە پێشێلکاری ئاشکرای مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران.

سۆکۆڵ کەندی هەروەها ڕایگەیاند:«ئێمە دەمێکە کورد دەناسین و باش دەزانین کە نەتەوەیەکی ئاشتی خوازن»، بەڕێزیان وێڕای ئاماژە بە قۆناغی زێڕینی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دامەزرانی کۆماری کوردستان، هیوای خواست کە لەداهاتوودا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووبارە ببێتەوە خاوەن دەوڵەتی خۆی و شانبەشانی کوردانی باشوور و ڕۆژئاوا لەبەرەوپێشبردنی دێموکراسیدا یارمەتیدەر بن.

لەکۆتاییدا سۆکۆڵ کەندی وێڕای پشتیوانی لە داواکانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆشحاڵی خۆی بە لەسەرهەست بوونی لاوانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە مافی مرۆڤ و پرسەکانی تری ناو کۆمەڵگا دەربڕی و هیوای خواست یەکیەتی لاوان لە بواری مافی مرۆڤدا بەردەوام بێ و چالاکانە کار بکا.

شایانی باسە شاندی یەکیەتی لاوان پێکهاتبوو لە پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتی و بەڕێزان خاتوو شەونم هەمزەیی و ئاگری شاریکەندی ئەندامانی چالاکیی یەکیەتی لاوان.



# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی شەوی یەڵدا لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات

ئەم ڕێوڕەسمە ئێوارەی رۆژی یەکشەمە ٣٠ی سەرماوەز بە بەشداریی سەدان کەس لە لاوان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و شاعیران و هونەرمەندانی میوان بەرێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی رەقیب» و ڕاگرتنی ساتێ بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای رزگاری کورستان دەستی پێکرد و پاشان پەیامی یەکیەتیی لاوان لەلایەن ئامانج زیبایی، ئەندامی دەستەی بەڕێوبەریی ئەم ڕێکخراوەیە خوێندرایەوە.

لەبەشێکی پەیامەکەی یەکیەتی لاواندا ئامانج زیبایی وێڕای پیرۆزبایی ئەمڕۆژە مەزنە وتی «ئەگەر شەوی یەڵدا بۆ وڵاتانی دیکە تەنیا شەوی درێژی ساڵە و بەو بۆنەوە جەژن دەگرن، بەڵام بۆ ئێمە گرینگایەتی و مانایەکی دیکەی هەیە و شەوی یەڵدا بۆ ئێمە جیا لە درێژترین شەوی ساڵ، شەوی لە دایکبوونی شەهید دوکتور قاسملوو شەو بەم بۆنەوە ئێمە لاوان پەیمانی لە گەڵ یادی بەرزی ئەو رۆحە نەمرە نوێ دەکەینەوە.»

ئەندامی دەستەی بەڕێوبەری لاوان لە پەیامەکەی لاواندا تیشکی خستبۆوە سەر رەوتی زیندانیانی سیاسی زیندانی ورمێ و مانگرتنەکانی ئەم دواییانە، ئاڵۆگۆڕەکانی رۆژئاوای کوردستان، ڕەوتی ئاشتی لە باکووری کوردستان و هەروەها هێرشی بەربڵاوی تێروریستانی داعش بۆ سەر خاکی کوردستان و لە دوایین بەشی پەیامەکەی لاواندا هاتووە کە لە چوارچێوەی ئامانجەکانی قاسملووی نەمردا داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە هەوڵەکانیان بۆ بەرەنگاری کردن لە لە پەڕاوێز خستنی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان چڕتر بکەنەوە و کار بۆ ئەوە بکەن کە کارتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هێزتر بکەن.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو بەرنامەیەدا شێعرێك لە وەسفی شەهید قاسملوودا لەلایەن ئەحمەد قازی خوێندرایەوە و مامۆستا عبدوڵلا حەسەنزادە لەلایەن دەفتەر سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وتارێکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

مامۆستا حەسەنزادە لە پەیامەکەیدا گوتی» دوکتور قاسملوو لە یەکەمین تێکۆشەرانی لاوان بوو، ئەو رەمزو سیمبولێك بوو بۆ لاوان کە لە کاتی لاوەتیدا وەك لاوێك خەبات بکەن و لە دواییدا ئەو هێز و پوتانسیەلەیان بۆ ئامانجێکی گەورەتر کە ئامانجی نەتەوەییە تەرخان بکەن.»

مامۆستا حەسەنزادە وێڕای دڵخۆشی بۆ لاوانی کورد گوتی «هەرچەند تا ئێستا لە ناو کورداندا تاکێکی دیکە وەك شەهید قاسملوو هەڵنەکەوتووە، بەڵام جەختی کردەوە کە بوون بە قاسملوو نە مەحاڵە و نە گوناح، بەڵکوو پێویستە و بە هەوڵدان هەر تاکێك دەتوانێ بگاتە ئەو ئاستە.»

مامۆستا حەسەنزادە لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا پڕژایە سەر تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە گوتی « شەهید قاسملوو مرۆڤێکی بە تەواو مانا هەڵکەوتە بوو. زانایی، تێگەیشتن، زانیاری، تێکۆشان و ماندوونەناسی تایبەتمەندییەکانی هەرە گرینگی شەهید قاسملوو بوون.»

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا د. هاوژین سڵیوە، مامۆستا وریا جەلیزادە، فازڵ شەوڕۆ و مامۆستا بابان بابانی شێعرەکانیان خوێندەوە و سروودێك لە لایەن تاهیر خەلیلی، هونەرمەندی دەنگخۆشی کورد پێشکەش کرا و خوێندنەوەی چەند کۆپلە شێعرێك لە لایەن مامۆستا هیوا حەلاق و ڕازاوە هەمزەپوور و عەباس حەق بین بەشەکانی دیکەی ئەم ڕێوڕسمە بوون و شەوی یەڵدای یەکیەتیی لاوان بە  چەند بڕگە گۆرانی لە لایەن سەرکەوت هەورامی و محمەد ئەمین کەریمی و کۆماری بەهاری کۆتایی پێهات.


















# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی شەوی یەڵدا

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!
لاوانی ئازا و بەهەڵوێست!
پێشمەرگە و خەباتکارە قارەمانەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات!

بەبۆنەی شەوی یەڵدا و ساڵڕۆژی لەدایکبوونی ڕێبەری مەزنمان «د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو» پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هیوادارین هەمیشە سەربەرز و سەرفەراز بن و لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی نەتەوە ژێر دەستەکەماندا شێلگیرانەتر لە جاران درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدەن. شەوی یەڵدا ئەگەر بۆ نەتەوە و وڵاتانی دیکە تەنیا شەوی درێژی ساڵە و بەوبۆنەوە جەژن دەگرن و لە دەوری یەکتری کۆ دەبنەوە، ئەوا بۆ ئێمە گرنگییەکی دیکە و مانایەکی دیکەی هەیە. شەوی یەڵدا بۆ ئێمە جیا لەوەی درێژترین شەوی ساڵە، هاوکاتە لەگەڵ ساڵڕۆژی لەدایکبوونی ڕێبەرمان دوکتور قاسملووی نەمر. لەم ڕوانگەوە شەوی یەڵدا بۆ کورد بەگشتی و بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات بەتایبەتی دەرفەتێکە کە تێیدا ناو و یادی دوکتور قاسملوو بەرز ڕابگرن و پەیمان لەگەڵ ئامانج و بیر و ڕێبازی ئەم ڕێبەرە مەزنە نوێ بکەنەوە.

لەکاتێکدا یادی شەوی یەڵدا و ٨٤مین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئاشتی دەکەینەوە کە ناوچەکە گەلێك گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و لەو نێوەشدا پرسی ڕەوای نەتەوە بەشخوراوەکەمان بۆتە فاکتۆرێکی کاریگەر و دیار. لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان زیندانیانی سیاسی و لاوانی ئازا و بەهەڵوێست لە ڕێگای مانگرتن و ڕێکارە مەدەنییەکانەوە داکۆکی لە پرسی ڕەوای نەتەوەکەیان دەکەن و هەوڵ بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو دەدەن. لە ڕۆژاوای و باشووری نیشتمان پێشمەرگە و شەڕڤانان دژی تیرۆریستەکانی داعش دەجەنگن و بە پێشکەش کردنی گیانیان، خاك و سنووری کوردستان دەپارێزن.

لە باکوور گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەیەکی دڵخۆشکەردا دەچێ و لە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی خەباتکارانی ئەو پارچەیەدا پرسی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە چارەسەر نزیك دەبێتەوە. بەپێچەوانەی خەون و ویستی دوژمنانی کورد، ئەم گۆڕانکاریانە وای کردوە کە کورد لە گەمە ناوچەیی و جیهانییەکاندا ببێتە کارتێکی گەورە و بە گوێرەی قورسایی و پێگەی خۆی دەور بگێڕێ.

لەم گۆڕانکارییە مەزنانەدا ناکرێ ڕۆڵی لاوان وەك توێژێکی ڕادیکاڵ و بەوزەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەبەرچاو نەگیردرێ و پێویستە بەبایەخەوە سەیری بەشداری لاوان لە پرۆسە جۆراوجۆرەکاندا بکرێ. بەشداریی بەربڵاوی لاوان لە بەرەکانی شەڕ و ڕۆڵی لاوان لە خۆپێشاندان و مانگرتنەکان و وشیار کردنەوەی خەڵکدا، سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم توێژە کۆڵەکەیەکی گرنگیی گۆڕانکارییەکانە و دەبێ بایەخیی زیاتر بە بەشداریان لە ناوەندەکانی بڕیار و بەڕێوەبردندا بدرێ.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە لەم بۆنەیەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە بەداخەوە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا ناتەبایی و پرش و بڵاوی نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی پرسی کورد لەو پارچەیە لە چاو پارچەکانی دیکە بکەوێتە پەراوێزەوە و کارتی کورد لەو بەشەی نیشتمان تا ڕادەیەك پاسیف بێ. ئەم دۆخە بووە هۆی دروست بوونی ململانێ ناسالم لە نێوان لایەنەکاندا و بەداخە زۆر جاریش دوور لە پرەنسیپە ئەخلاقییەکان مامەڵە لەگەڵ ڕەمز و سیمبۆلەکانی خەباتی کورد لەو پارچەیە کراوە. بۆیە لەم بۆنەیەدا داواکارین لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقگەرایانەوە بڕوانرێتە ڕەمز و سەرمایە نەتەوەییەکان و بە دوور لە چوارچێوەی گەمەکانی دونیای سیاسەت و حیزبایەتی، ڕێز لە سیمبولە نەتەوەییەکان و شەهیدەکان بگیرێ.

لە کۆتایی دا لە چوارچێوەی وەدیهێنانی ئامانجەکانی دوکتور قاسملووی ڕێبەرمان و سەرجەم شەهیدانی کوردستان، داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و توێژی لاوان بەتایبەتی دەکەین کە هەوڵەکانیان بۆ لە پەراوێز دەرخستنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چڕتر بکەنەوە و کار بۆ ئەوە بکەن کە کارتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهێز بکەن.

بەرز و بەڕێز بێ شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملووی ڕێبەر
سڵاو لە فیداکاریی و ئازایەتی پێشمەرگە
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی
٢١ی دێسامبری ٢٠١٤

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی شەوی یەڵدا لە شاری قەڵادزێ

کۆمیتەی پشدەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی شەوی یەڵدا ڕێوڕەسمێکی لە شاری قەڵادزێ لە باشووری کوردستان بەڕێوەبرد

لەو ڕێوڕەسمەدا کە شەوی دووشەممە ٣٠ی سەرماوەز بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەسانی میوان بەڕێوەچوو، یادو بیرەوەریی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا.

ئەو ڕێوڕسمە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان دەستی پێکرد و پەیامی یەکیەتیی لاوان بەو بۆنەیە لەلایەن کارزان شەباهەنگ، جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خوێندرایەوە و لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی کۆمیتەی قەڵادزێی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی شەوی یەڵدا لەلایەن بێستوون ئازەرییەوە پێشکەش کرا.

لە درێژەی بەرنامەکانی ئەو کۆڕیادەدا حەسەن شێخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبارەی کەسایەتی و ژیان و تێکۆشانی دکتور قاسملوو بۆ بەشداران دوا.

خوێندنەوەی پەیام و برووسکەی ڕێکخراوەکان، خوێندنەوەی شێعر لەلایەن فەرمان عەزیز و وەستا ڕەحمان خەیات و تەکژەنیی دەف لەلایەن یوسف کەڵەکاوێ چەند برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوو.

لایەنە بەشداربووەکانی ڕێوڕەسمی شەوزستان:

بزوتنەوەی گۆران، مەکۆی قەزای پشدەر

پارتی دێموکراتی کوردستان، لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ

حیزبی شیوعی کوردستان، کۆمیتەی قەزای پشدەر

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، کۆمیتەی ڕێکخستنی پشدەر

پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران، ناوەندی ڕێکخستنی پشدەر

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی گشتی قەڵادزێ

لێپرسراوی کۆمیتەی ئامادەییەکانی قەڵادزێ

گرووپی نواندی ژانی گەل


















# وتارەکان

# «سارا چیلد» دەروازەیەك بۆ دەستپێکێکی گەورە



نووسەر: تروسکە سادقی

«مافی ژن» بابەتێکی قسەهەڵگر و جێی گفتگۆ و جێی تێرامانی هەموو سەردەمەکان بووە و لەڕێگەی هەموو بزووتنەوە ئازادیخوازە پەیوەندیدارەکان لەهەموو جیهان کاری بۆکراوە، ئەو هەنگاوانەش لەڕێگەی ڕێکخرا و ناوەند و سەرجەم ئەو سەنتەرانەی کە چ بە شیوەی یاسایی چ بە شێوەی خۆرسك لە هەوڵی وشیار کردنەوەی کۆمەڵگاکان دان کار بۆ ئەم پرسە کراوە، بەڵام تا ئێستاش ئامار و ژمارە گەلێکی کارەساتباری پەیوەندیدار بەو تاوانانەی کە لە دژی ژنان، چ لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و مۆدێرنەکان وچ وڵاتە ناپێشکەوتوو و هەژارەکان هەن، کە مرۆڤ دەخاتە نێو نیگەرانییەکی تێکەڵ بە ترس لەوەی ئایا دوارۆژی ژن لەناو کۆمەڵگادا چۆن دەبێ؟!

بە درێژایی مێژوو یاسا و نەریتەکان هۆکاری پەراوێز خستنی ڕەگەزی مێینە بوون، کە هەمووشیان لە سەدەکانی ڕابردوودا بە شێوازی جیاواز جێێ نارەزایی ژنان بوون؛ هەربۆیەش ژنان بەردەوام لە دروشم و کردەوەکانیاندا خوازیاری یەکسانی لەگەڵ پیاو لە گشت لایەنەکان بوون.

لاپەرەکانی مێژوو پێمان دەڵێن کە ژنان لەقۆناغە جیاجیاکان چ لەسەردەمی ئایینەکان و چ پێش سەرهەڵدانی میتافیزیکی ئایینی هەر کاڵا بوون، ڕەنگە زۆرمان گوێ لێبووبێت کە لەکەوناردا ژنان پێگەوجێگەیەکی دیکەیان هەبووە، بەڵام لەراستیدا جیاوازیی پێگەی ژن لەکەوناریشدا زۆر جیاوازییەکی ریشەیی لەگەڵ سەردەمی ئێستادا نەبووە، تەنانەت هەرچەندە زۆرێك لەشرۆڤەکاران پەرەستنی ئاناهیتا وەکوو سیمبۆلێك وا وێنادەکەن، کە گوایا ئاناهیتا سیمبۆلی کۆڵەکەبوونی ژنان لەو سەردەم دەگەیەنێت، بەڵام لەراستیدا ئاناهیتا تەنیا لەرووی جوانیناسیی جەستەییەوە کراوەتە ئیلاهەی جوانی،و بەڵگەکانی ئەو سەردەمیش دەریدەخەن کە بەشێکی زۆر لەوانەی ئاناهیتایان دەپەرست پیاوان بوون. ئەوەش وادەکات ئەو ئیلاهەیەش کەژنان شانازی پێوەدەکەن و، زۆرجاران وەکوو ریفرێنس دەیهێننەوە، تەنیا رەهەندی فیزیکی هەبێت و مانایەکی مەعریفی و مەعنەوی لێ دەست نەکەوێت.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەرچی «پاکی» لەئاینی زەردەشتدا سیفەتێکی یەکسان بۆ ژن و پیاوان بووە، و ئەو ئایینە داوای پاکی «هزر» و» وتە» و «کردار» لەهەر دوو رەگەز دەکات، بەڵام لە ئایینی زەردەشتیشدا رووی قسەکان بەردەوام لەپیاوان بووە،و ئازایەتی و بوێری و تەنانەت جوانیش لەبەها گرنگەکانی پیاوانن. لەگەڵ ئەوەی زەردەشت یەکێك لەو ئایینانە بووە کە بە نیسبەتی ئایینەکانی دوای خۆی کەمترین دژایەتی لەگەڵ ژنان کردووە، بەڵام پاکیش نەبووە لەو نابەرابەریانەی بەسەر ژنانـدا سەپاندوویەتی، کەمتر دەرکەوتنی ژن لە ناوەندی دەسەڵات و کەمتر باس کردن لە خواستی ژن وەك ئەوەندەی کە تەنیا لە وێنەو نووسراوەدا پیاو زیاتر دێتە بەرچاو، جیاوازی چینەکانی کۆمەڵگا و ڕەوا کردنی چەند ژنی بۆ پیاوانی دەوڵەمەند، دژایەتی یاساکان لەگەڵ ژن لەکاتی جیابوونەوە لە هاوسەر، باوەڕ بە بیۆلۆژی تایبەتی ژن وەك شەیتان بوون و پیس بوونی ئەوان و جیاوازلە بیۆلۆژی پیاوان و بۆیە پاکبوونی پیاو...هتد.

ئەو دوو نموونەیەم بۆیە لە دەستپێکی پێشنیارەکەی وتارەکەمدا هێناوەتەوە، کە بڵێم لەئێستادا خوێندنەوەی مێژووییش ناتوانێ سەرخۆشییەکی کاتیمان بداتێ، کە ساڵانێکە زۆربەی نوخبەی مافی ژنان بەو نۆستالیژیایە زیندوون. هەر بۆیەش دەبێ دەرگایەك بدۆزینەوە، کە هەنگاوی کردەیی بۆ دۆخی ئێستای ژنانی ڕۆژهەڵات لێبێت، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا و بۆ هەموو لێکۆڵینەوەیەك پێویستە ئاوڕێك لەمێژوو بدەینەوە، تەنانەت پێداچوونەوە بەو پیرۆزانەشدا بکەین، کە ڕەنگە هەتاکوو ئێستا نەمانتوانیبێت یان بوێری ئەوەمان نەبووبێت، لێی دەربازبین. بەڵام وێرای هەموو ئەوانەش بۆ ئەوەی پرسی ژنان یان ئەو زوڵم و نابەرابەرییەی بەرامبەر ژنان دەکرێت، لەبازنەی خورافەو چارەنووس و ئایینەکان بهێنینە دەرێ و، مەودایەکی دەستپێراگەشتووی پێبدەین، پێویستە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەمان بۆ پرسەکە هەبێت، بەواتایەکی دیکە لەدیمەنی کۆمەڵناسییەوە لەو پرسە بڕوانین و لەو چوارچێوەیەوە شیکاریکۆمەڵناسی ژنانی ڕۆژهەڵاتیکوردستانبکەین.

کۆمەڵناسی “Sociology” بریتیە لە زانستێك کە تەرکیز دەخاتە سەر کۆمەڵگا و ڕێکخراوەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و، هاوکات تاوتوێی پێکهاتە و پراکتیکی گرووپە مرۆیەکان وەك نمونەیەکی ڕێکخراوی هەڵسوکەوتی گشتی دەکات. ئەو کۆمەڵناسیەی کە زیاتر پیاوانەیەو خاوەنداریێتی کردنی پیاوان لە جەستەی ئەو زانستە نەك بۆتە هۆی پەراوێز خستنی ژنان بەڵکوو روانگەیەکی پیاوانەی بەسەر بناخە جیاوازەکانی ئەو زانستە لە کۆمەڵگادا کێشاوە و ئەوەش بووە هۆی ئەوەیکە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠ بۆ ١٩٧٠ لە لایەن ژنانەوە نارەزایەکی زۆری لێ بکەوێتەوە. هەربۆیە هەستکردن بە بێتوانا بوونی کۆمەڵناسی لە وەڵامدانەوە بە کێشەی ژنان و لە ئەنجامدا کلۆڵ بوون لە دارشتنی تیۆریەکی پتەو، بووە هاندەری فیمینستەکان بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وردتر لەوەیکە بۆ کۆمەڵناسی لەگەڵ ئەوەی بێلایەنانە دەنوێنێ بەڵام لایەنگری لە پیاوان دەکات؟! ئەو لایەنگیری کۆمەڵناسی لەپیاوانیش وەکوو ئەو دژایەتییە وایە کەمێژوو لەژنانی دەکات، بەڵام بەو جیاوازییەی کە مێژوو تێپەریوە،و کۆمەڵناسی ڕێکارێکی دەستپێراگەیشتووی سەردەمە،و دەکرێ ژنان رامی بکەن، وەکوو چۆن پیاوان کردوویانە،و بگرە پاساوی زانستیشی بۆ دەهێننەوە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە لەناوەندە زانستییەکانیشدا بۆ پرسێکی وەکوو کۆمەڵناسی کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان دوو ڕەگەز تاووتوێ دەکات،و دەشکرێ ڕێکاری جیدیش بدات بەدەستەوە، لەئێران هەر پیاوان لەپێشەوە.

بە پێێ ئاماری دەستەی زانستی (هەیئەت علمی) زانکۆی کۆمەڵناسی تاران بۆ ساڵی ١٣٩٢، لە کۆی ٥٥ کەس تەنیا ١٠ پسپۆری ئەو بوارە ژن بوون، هەر ئەو دەستەیەش لە زانکۆی سنە هەر پیاوان بوون، لێرەدا راستیەکمان بۆ روون دەبێتەوە کە ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لەو بوارەدا خەریکی فێربوونن کە ئەوەش خەسارێکی گەورەیە. چونکە ڕەوشی ژنانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەت لەهەموو روویەکەوە بەستراوەتەوە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە.

ڕەوشی ژنان بە گشتی لە ئێران و بە تایبەتی لە پارێزگا کوردنشینەکان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لە دۆخێکی ئەوەندە خراپ دایە کە ئامارەکان جێی نیگەرانین. واتا ئەوە جگە لەوەیکە کۆمەڵناسی وەك بناخە دارێژەری کۆمەڵگا لە بوارە جیاوازەکاندا لە ئێران بە رادەیەك تێکەڵ بە باسی ئایینی و شیعە گەرایی و چرکردنەوەی ئەو زانستە بەر فراوانە لە کۆمەڵناسی ئیرانیدایە کە ئەو زانستە لە سانسۆرێکی گەورەدا و بە لادان لە ڕێڕەوی سەرەکی خۆی لە زانکۆکاندا دەگوترێتەوە و لە ئەنجامدا کۆمەڵگایەکی نا تەندروست و بەستێنێکی پەروەردەیی داخراو ...

بە تایبەت بۆ ژنان دروست بووە.

کار نەکردن لەسەر پرسەکانی کۆمەڵناسی و شینەکردنەوە و نەدۆزینەوەی ڕێگە چارەی زانستی بە تایبەت بۆ کۆمەڵناسی ژنان و دووربوونی ژنان لەو زانستە ڕەنگە هۆکاری سەرەکی نەبێت بەڵام بێبەش نیە لەو نەهامەتیانەی کە بەسەر ژنان دێت لەوانە بێکاری، نەخوێندەواری، لادران لەکار، تەندروستی، کێشەی خێزانیی و...هتد.

بە پێی ئاماری ناوەندە جیهانیەکان، ئێران سێیەمین وڵاتە کە تێیدا خۆکوژی ژنان بەردەوام ڕوو لە زیاد بوونە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش خەمۆکییە، بەڵام جگە لەم کێشەیە لە زۆربەی پارێزگاکانی ئێراندا کێشەی بنەماڵەیی کە ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە کیشەی کۆمەڵایەتی بە زۆرترین هۆکاری خۆکوژی ژنان زانراوە. هەر بە پێی ئەو ئامارە لە نێو پارێزگاکانی ئێراندا پارێزگای کوردنشینی (ئیلام) زۆرترین ڕێژەی خۆکوژی و شاری سمنان کەمترین ڕێژەی تێیدا ئەنجامدراوە.

لە لایەکەی دیکەوە بە پێی ئاماری نووسینگەی سەرۆککۆماری ئێران (کهگیلویە و بویر احمد)، (کرماشان) و پارێزگای (سنە) زۆرترین ڕێژەی خۆ کوژی تێدا تۆمار کراوە، لە بەرامبەرلەگەڵ (تاران)؛ ڕێژەی خۆکوژی لە پایتەخت لە ژێر١٠٪ دایە کەچی لەو ٣ پاریزگایە ئەو ڕێژەیە لە ٣٦-٣٨٪ لە بەرزبوونەوە دایە، کە خەریکە ئاستی پاریزگاکانی دیکە دەبەزێنێ و تەنانەت بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیشی تووشی شۆك كردووە.

خۆ ئەگەر سەرنج بدەین لە هەردوو ئامارەکەدا ئیلام، کرماشان، پارێزگای سنە ٣ شاری گرنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەونە بەرچاو کە زۆرترین ڕێژەی خۆکوژی ژنانی تێدا تۆمار کراوە.

نا یەکسانی چینایەتی، نائومێد بوونی بەردەوام بە ژیان و ڕەشبینی، و بە تایبەت بەرزبوونەوەی دژایەتی لە نیوان نەریت و بەها کۆمەڵایەتیە مۆدێرنەکان سەرەڕای ژێر دەستە بوون بە دەسەڵات و یاسایەکی دژە ژن بۆتە هۆی ئەوەیکە خۆکوشتن و توندوتیژی دژ بە ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕۆژهەڵات بەرز بێتەوە و گرنگتریش ئەوەیکە بە پێێ ئامارەکان ژنان زیاتر لە پیاوان خۆیان دەکوژن. هەمووی ئەوانەش بەر لەوەی خوێندنەوەیەکی سیاسیی و ئاینییان بۆ بکرێت، لەخۆیاندا هەڵگری کۆمەڵێك دیاردەی کۆمەڵایەتین، و هەر دەبێ لەو دەروازەشەوە لێی بڕوانین.

بە پێێ ئاماری ئاژانسی هەواڵدەری کوردپا لە هاوینی ١٣٩٣ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە مەحکموم کردنی ١١ ژن بە هۆکاری جیاوازی سیاسی و کوژران و بریندار بوونی ٣ ژن بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی ڕێژیم و مین، کە ئەوانەش شێوەیەکی جیاواز لە توندوتیژی دژی ژنانن، ١٣ حاڵەتی خۆکوژی، ٦ حاڵەت کوشتن، ١ حاڵەت سووتاندن تۆمار کراون.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەگەرچی بەپێی ئەو داتایانەی کە دەست من کەوتوون ڕێژەی دەرچوانی زانکۆ و خوازیارانی خوێندن لە ناو ژناندا زۆرە و لە زۆر حالەتدا لەسەرووی ڕێژەی پیاوانەوەیە؛ ئەوە دەرەنجامێکمان دەداتە دەست کە ڕەنگە ئەگەر بەشێك لە ژنان لە بواری کۆمەڵناسیدا خۆیان بدۆزنەوە و بە کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ئەو زانستە واتە سەرچاوە سەرەکیەکە، خۆیان تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵگا بکەن و دەتوانن خۆیان ڕزگارکەری خۆیان لەو دۆخە نالەبارەی ئێستایان بن.

ژنانی خوێندەوار، فێرگە و ناوەندە فێرکاری و ئەدەبییەکان کە بەگشتی لە ڕۆژهەڵات ڕۆڵێکی بەرچاویان بووە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پرسی ژنان و بنەماڵە، بە گشتی لە هەوڵی ئەوەدابن کە بۆ بەرەنگاری لەگەڵ تونوتیژی دژی ژنان بە شێوەیەکی زۆر جدی ڕوبەڕووی ئەو مەسەلەیە بنەوە و کاری لەسەر بکەن و بەتایبەت شارەگی ئەو زانستە کە بێگومان کەم کاریگەر نابێت، بەدەستەوە گرن و لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕێگای جیاوازی دیکە هەوڵ بە پێشگرتن یان کەم کردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕووی زانستی و پەروەردەیی و شیکاری تایبەت بدەن.

ئەو تیۆری و شیکاریانەی کە لەلایان پیاوانەوە بەتایبەت بۆ کۆمەڵگای ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەگشتی بۆ ‹کۆمەڵگا› دەکرێت لەڕووی زانستی کۆمەڵناسیەوە هەرچەندە کە کاری بۆ کرابێت، بەڵام دیسانیش لە ئەنجامدا ئەوانە کەموکورتیان هەیە چونکە بێگومان نەیانتوانیەوە ڕوانگەی ژن و ژنانە بوون لەناو کۆمەڵگا بە شێوەیەکی زانستی بخەنە ڕوو و لە کۆتاییدا دۆزینەوەی ڕێگە چارەکان بۆیان یان زۆر بە کەمی دەبیت یان ڕەنگە هەر چارەسەرێکی باشیش نەبێت.

بۆیە وەك پێشنیارێك بە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێکخراوەکانی چالاك لە بواری خێزانی و بەتایبەت بە ژنان چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە بگەڕێینەوە سەر بیرۆکەکەی «کێتی ساراچیلد» و کار کردن لەسەر «بەرزکردنەوەی هۆشیاری» یاخود “consciousness_raising”بە مەبەستی نزیك بوونەوە لە یەکتر و پتەو کردنی هەستی یەکریزی و دۆستایەتی لە زیاتر لە نێوان یەك و دواتر بە شێوەیەکی کردەیی شیکردنەوەی هۆی بێ دەسەڵاتی ژنان، ترس، دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی دژی ژنان و لە ئەنجامدا دۆزینەوەی ریگە چارە و پراکتیزە کردنی.

لەبەر ئەوەی بیرۆکەی «کیتی سارا چیلد» کارکردن لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی-سیاسی یەکانی ژنان بوو، پێموایە ئەوە پەنجەرەیەکی نوێیە بۆ لێك نزیك کردنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵات لەیەکتر. ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕەچاوکردنی ئەو بیرۆکەیە دەتوانن ئەلقەیەکی گرنگ تەنانەت لە گۆڕینی یاسا و نەریتە داسەپاوەکانی دژی ژن لە ڕۆژهەڵات بن. هەربۆیەشە لەو ڕوانگەیەوە پێموایە ئەرکی ژنانی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بەوەی چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکی هاوبەشیان هەیە، بە وەلانانی فکری سیاسی-شەخسی خۆیان، بەتایبەت هاوکار و هاوپشتیوانیان بن لە ئاڵوگۆڕ کردنی بیرورا و دۆزینەوەی ڕێگە چارە و پێشنیاری گونجاو بۆ کێشەکان و گەیاندنی دەنگی ژنانی ڕۆژهەڵات بە کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە خێزانی و بنەماڵەییەکانی جیهان و دواتر دروست کردنی بەستێنێك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی چەوساندنەوەکانی دەسەڵاتی ناوەند بەوەیکە لەپاڵ کێشەی ڕەگەزی، هۆکاری دووهەمی چەوساندنەوەی ژنی ڕۆژهەڵات کێشەی سیاسیە. ئەو گرێیەی کە بە گرینگیدان بە کۆمەڵناسی و خۆدۆزینەوە لەو زانستە سەرەتایەك دەبێ بۆ چارەسەری کێشەی ژنان لە تاکێکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ تاکێکی سیاسی. ئەو بیرۆکەیە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی زایینی توانی کەشێکی ئارام بۆ ژنان پێکبهێنێت، بۆ ئەوەی لە دانیشتنە ئاساییەکانی خۆیاندا باس لەکێشە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بکەن و دواتر بە گرێدانی ئەو کێشانە بگەنە ئەو دەرەنجامەی کە چارەسەری ئەو کێشانە چارەسەری بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی پیاوانە دارێژراوی دەسەڵات و کۆمەڵگایەك لە دژی خۆیانە و ئەوەش دەکرێ یەکەم هەنگاوی ژنانی ڕۆژهەڵات بۆ دیتنی پرسەکەیان وەکوو خۆی بێت.

کێتی ساراچیلد: لە دەیەی ٦٠ی میلادی، کۆمەڵێك گروپی بچووك و خۆرسکی ژنان بە ئامانجی نزیك بوونەوە لە یەکتر و یەکگرتوویی زیاتر لە نیوان ژنان، بە کۆبوونەوە لەدەوری یەکتر و لێکۆڵینەوە لە هۆکاری بێدەسەلاتی ژنان و شیکردنەوەیان، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو درا. ئەم گروپە بچوکانە بە باس کردنی کێشەی کۆمەڵایەتی-سیاسی، ئەزموونی شەخسی، وترس و دڵەراوکێ شاراوەکانیان لە بەستێنێکی دۆستانەدا باس دەکرد، و لە کۆتاییدا دەگەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە هەموویان کێشەیەکی هاوبەشیان هەیە. ئەو زانیاریە گشتییانە و دۆزینەوەی ڕیشەی کێشەکان و هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانیان بووە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەندامانی گرووپ لە ترس و دڵەڕاوکێ و تووڕەیی و هاوفکری هەموان بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گشتی. کێتی سارا چایلد چالاکوانی بواری ژنان یەکەم کەس بوو کە ناوی ئەم بیرۆکەیەی گۆڕی بۆ consciousness_raisingو لە کۆتایی دەیەی ٦٠ و سەرەتای دەیەی ٧٠ یەکێك لە کاریگەرترین شێوازەکانی خەبات لە بواری ژنان بوو.

# پەیامەکەتان گەیشت و قۆناغێکی نوێ بەرێوەیە



نووسەر: ژیوار ڕەسووڵی

لەرۆژانی رابردوودا رۆژهەڵاتی کوردستان خرۆشانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوەو خرۆشانێك کە بەلای هەندێك کەس و تێروانینەوە بەهەڵە لێکدراوەتەوە. یان ئەوەیکە لەسەر بنەمای حەماسەو سۆزی هەنووکەیی لێکدانەوەی بۆ دەکەن. ئەو تێروانینەش لەلایەك تێنەگەیشتن لە سایکۆلۆژیای تاکی رۆژهەڵاتەو لەلایەکی دیکەشەوە خۆبواردن لەمێژوو و باکگراوەندی ئەو خەڵکەیە کە بۆ پشتیوانی کۆبانێ رژانە سەرشەقام.

بۆ ئەوەی نرخی راستەقینە بە نیشتمانپەروەری ئەو خەڵکانەی سەرجەم شارەکانی رۆژهەڵات بدەین کە تاکوو ئێستا بۆ پشتیوانیکردن لەکۆبانێ نەچوونەتەوە ماڵەکانیان، دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە سادەیە بدەینەوە، کە چی وادەکات خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شنگال و کۆبانێ هەڵوێست بگرن، بەڵام بۆ شارێکی دیکەی ئێران و لەدەرەوەی جوگرافیای رۆژهەڵاتی کوردستان بەو خۆرسکییە لەسەرپێ نەبن؟ ئەوەش دەشێ دوو هۆکاری سەرەکی هەبێت:

یەکەم: بەئاوردانەوەیەك لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبینین کە هەموو پراکتیکە نەتەوەییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك دەبن. پێکهێنانی یەکەم حزبی مۆدێرن کە حیزبی دیموکراتی کوردستانە، دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە ئالاهەڵگریی پێشەوای نەمر قازی محەممەد هەر لە رۆژهەڵات لەدایکبووە، و هاوکات لەگەڵ هاتنی شەپۆلی چەپی رادیکاڵ و سووننەتی بۆ ئێران کە دونیای دووکەرت کردبوو، ئەوە هەر نوخبەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەنگیی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، کە خوێندنەوەیەکی لەچەپ هێنایە گۆڕەپانی نوخبەوی کە نەك لەبەرامبەر مافی نەتەوەیی گەلی کورددا نەبوو، بگرە بەهەموو مانایەکەوە خستییە خزمەت پرسی نەتەوەیی کورد،و دوای ئەویش بەشێکی زۆر لە حزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش پەیرەویان لێ کرد. ئەو باکگراوەندە مێژووییە وایکردووە کە تاکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئیلامەوە بگرە هەتا ماکۆ نەك کێشەی نەبوونی شوناسی نەبێت، بگرە شانازیشی پێوەدەکات،و لەو دیوەی سنووره دەستکردەکانەوە بەئازاری هاونەتەوەییەکانییەوە دەناڵێنێ،و بە سەرکەوتنەکانیشیان گەز گەز باڵا دەکات. کەواتا خەڵکی رۆژهەڵات هەڵگری شوناسێکی پتەوی نەتەوەیین، هەربۆیە خۆرسك بۆ شنگال و کۆبانێ دەرژێنە سەر شەقامەکان.

دووەم: ئەگەر لەدروشم و ماهیەتی دروشمەکانی سەرجەم خەڵکی پشتیوانیکەر لە کۆبانی وردبینەوە، زۆر بەئاشکرا نەوتراوەکانمان بۆ دەردەکەوێت، زۆر کۆدی گرنگ لە دروشمەکاندا دەبینرا، کە هەموویان پەیامی ئاشکرابوون کە بەرەورووی نوخبەی سیاسیی رۆژهەڵات و لەسەروو هەمووشیانەوە حزبە سیاسییەکان کرایەوە. ئەگەر تەنیا دروشمی " کوردستان یەك وڵاتە کۆبانی رۆژهەڵاتە" وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە جەماوەری رۆژهەڵاتی کوردستان خەریکە بەنوخبەی سیاسیی کوردستان دەڵێت، کە ماهیەتی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو داعش وایە،و هەرچییەکی ئێستا لەکۆبانی دەکرێت، لەناوەرۆکدا وەکوو خۆی بەڵام لەشێوازدا بەجیاواز لەرۆژهەڵاتیش دەکرێت. گەنجانی خوێن گەرمی رۆژهەڵاتی کوردستان بەو دروشمانە پەیامی ئەوەیان پێ داینەوە کە ئەگەر داعش ساڵێکە تیرۆریستە، ئەوا کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوە ٣٥ ساڵە تیرۆر دەکات، و تیرۆر هەناردە دەکات. ئەگەر داعش بەناوی سەلەفییەتی تەکفیرییەوە هەموو ئازادییە شەخسییەکان ناهێڵێت، ئەوا ٣٥ ساڵە کۆماری ئیسلامی ئێران لەژێر ناوی ئیسلامی شیعەی ئەسنا عەشەری دا ئەو ئازادییانەی لەدار داوە. ئەگەر داعش بەناوی ئۆممەی ئیسلامییەوە نایهەوێ کیانی سیاسی دیکە هەبێت، ئەوا دەسەڵاتدارانی ئێران لە پەهلەوییەوە بگرە بەناوی میللەتی ئێران و ئیمپراتۆرییەتی شیعەوە ڕێگەی هەناسەدانی سیاسیش بە کورد و نەتەوەکانی دیکە نادەن. کەواتا دروشمی "کۆبانی رۆژهەڵاتە" پەیامێکی ئاشکرایە،و ئێمەش وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیامەکەمان پێگەیشتووە،و بەرپرسیاریەتیشمان زۆرتر بووە.

بەرپرسیارییەتییەك کە دوێنێ هەڵمانگرتووە،و ئەمڕۆش بەپشتیوانی جەماوەری رۆژهەڵاتی کوردستان و حزووری پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەت و دیپلۆماسییەتی جیهانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەنجام دەگات، هەر ئەوەش دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تەنگەتاو کردووە،و کۆبوونەوەکانی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان، کاك خالید عەزیزی لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەمەڕ پرسی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تووشی هیستریایەکی گەورە کردووە. ترسێك کە هەرخۆیان دەزانن چەندە راستەقینەیە. کۆماری ئیسلامی ئێران باش لەوە تێگەیشتووە پیلانەکەی بۆ نقوورچگرتن کە ئەمریکا و هەندێك وڵاتی ناوچەی لەشەقامەکانی کوردستان پووچەڵ بووەتەوە،و ئەمرۆ دیپلۆماسییەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاوکات لەگەڵ خرۆشانی جەماوەری رۆژهەڵات و حزووری پارێزەرانی رۆژهەڵات هاوکێشەکەی بۆ ئێران پێچەوانە کردۆتەوە، و هەربۆیەش لەم چەند رۆژی رابردوودا خەڵکانێکی زۆری قۆڵبەست کرد،و لەئیلام و ورمێ مۆڵەتی خۆپیشاندانی نەدا.

زۆر ئاشکرایە کە هاتنی خەڵکی رۆژهەڵات بۆ شەقامەکان پشتیوانییەکی ئەخلاقی و نەتەوەییە بۆ خوشك و برا کوردەکانیان لە کۆبانی، بەڵام وەبیرهێنانەوەی هێزێکی کارامە و خوێندەواری شاراوەیە، کە دەکرێ گرەوی گەورەی لە رۆژهەڵات لەسەر بکرێت. ئەو گرەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەپشتیوانی خەڵکی رۆژهەڵات دەیکات، بەڵام پێویستە دوای کۆبانیش هەر لەشەقامەکان بمێننەوە، بۆ ئەوەی جیهان لەو هاتوهاوارەی ناوچەدا کوردی رۆژهەڵات لەبیر نەکات،و لەوەش دڵنیا بن کە پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان پارێزگاری لە تاك تاکی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، و بەدڵنیاییەوە ئێستا لەقۆناغێکی نوێی خەباتی رزگاری نەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان داین، و ئەمجارەیان حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکردەوە میحوەربوونی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشەکانی ناوچە دەسەلمێنێت.

# پشتیوانی لە مانگرتنی بەندییە سیاسییەکان، دەرفەتێك بۆ چالاکییەکی هەمەلایەنە



نووسەر: عەولا بەهرامی

مانگرتنی بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ پێی نایە سێیەم حەوتووی خۆیەوە. بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ ٢٩ بەندیی سیاسیی کورد لە ڕێکەوتی ٢٩ی خەزەڵوەرەوە مانیان لە خواردن گرتوە. مانگرتنی ئەو کۆمەڵە لە بەندییە لە کاتێك دا درێژەی هەیە کە بەرپرسانی بەندیخانە بەندییە مانگرتوەکانیان خستۆتە ژێر فشارو هەڕەشەی جۆراوجۆری وەك دوورخرانەوە بۆ بەندیخانەی شارە دوورەکان، پێکهێنانی پەروەندەی نوێ بە تاوانی ئاژاوەنانەوەو سەرکوتکردنی مانگرتووان.

ئەم مانگرتنە لە پێناوی مافە سەرەتاییەکانی وەك جیاکردنەوەی بەندی بەندییە سیاسییەکان لە تاوانبارانی کۆمەڵایەتی کە لە نێویاندا کەسانی مەترسیدارو قاچاخچیەکانی مادده هۆشبەرەکان بەدی دەکرێن، کۆتاییهێنان بە هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە لەگەڵ بەندییە سیاسییەکانو بەگشتی دۆخی خراپی بەندیخانە وەڕ خراوە.

لە سێبەری ڕێژیمە سەرەڕۆو پاوانخوازەکاندا بوونی بەندیی سیاسیو بیروباوەڕ شتێکی ئاساییە. ئاسایی لەو بارەیەوە کە لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانو یاساکانیانەوە تێکۆشان لە پێناوی ئازادیداو دژایەتیی سەرەڕۆیی دەسەڵاتدار تاوانێکی نەبەخشراوەو لە سەرووی قورسترین تاوانە باوەکانیشەوە پلەبەندی دەکرێ. دیاردەی بەندیی سیاسیو تاوانە دژە مرۆڤانەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە بەندییە سیاسییەکان هەر لەگەڵ دامەزرانی ئەم ڕێژیمە سەری هەڵداوە. بۆیە دەتوانین بڵێین بەندییە سیاسییەکان هێماو ڕووناکیی بڵێسەی ئەو خەباتە ئازادیخوازانەیەن کە بە درێژایی تەمەنی ئەم ڕێژیمە لە ئێرانو بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا بووەو هەیە.

بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ بەم مانگرتنەیان کە لەگەڵ پشتیوانیی هاوچارەنووسەکانیان لە بەندیخانەکانی دیکەی ئێرانیش بەرەوڕوو بوە، پەیامێکی ڕوونو گرنگیان گەیاندە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەلایەكو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کورستان لەلایەکی دیکەوە. ئەوان بەم هەنگاوە خەباتکارانەیەیان جارێکی دیکە ئەم ڕاستییەیان بە دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە سەلماندەوە، کە سیاسەتی سەرکوتو سێدارە پاش ٣٥ ساڵ نەك سەرکەوتوو نەبوە، بەڵکوو ئیرادەی خەباتکارانەی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەی کوردی پتەوتر کردوە. بە چەشنێك کە ئێستاش پاش ٣٥ ساڵ سەرکوتو سێدارە ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوە مافخوازە لە گیانبازیو بەندیخانەو سێدارە ناپرینگێنەوە. پەیامی بەندییە مانگرتوەکان ڕوو لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە کە کاتی ئەوەیە بە شێوازی جۆراوجۆر خۆیان لەوان، کە لە ڕاستیدا مەشغەڵدارانی مافو ئازادییەکانی ئەوانن، بە خاوەن بکەنو بە هەر شێوەیەك لە دەستیان دێ پشتیوانییان لێبکەن. ئەوان بەم مانگرتنەی خۆیان ئەم ڕاستییە وەبیر هەموو لایەکمان دێننەوە کە ئەگەر ئەوان لە بەندیخانەکانی سەرەڕۆیانو پاوانخوازانی دەسەڵاتداردا دەتوانن مایە لە خۆیان دانێنو شەوەزەنگی بێدادی بشکێنن، بۆیە سروشتییە کە چاوەڕوانییان لە کۆمەگەی کوردستان ئەوە بێ بە پشتیوانی لەوان دڕ بەو شەوەزەنگی سەرکوتو دمکوتکردنە بدەن کە کۆماری ئیسلامی پێی وایە توانیویەتی بە سەر کوردستاندا بیسەپێنێ.

هەر چەند بەداخەوە تێچووی تێکۆشانی سیاسی لە ژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە قورس بوەو داکۆکی لە زیندانیانی سیاسییش دەچێتە خانەی دژایەتیی ئەم ریژیمەوە، بەلام ئەوە بەم مانایە نیە کە کۆمەڵگەی کوردستانو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هیچ ڕێگایەکیان بۆ پشتیوانی لەو ڕۆڵە خەباتکارانە لە بەردەمدا نەمابێتەوە. بۆیە زۆر پێویستە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانو چالاکانی سیاسیو مەدەنی وەك دینامیزمەکانی ڕێکخستنی کۆمەلانی خەڵك زۆر جیدیتر لەوە کە تا ئێستا بینراوە وڵامی ئەم پەیامەی بەندییە سیاسییە مانگرتوەکانی بەندیخانەی ورمێ بدەنەوە.

چونکە ئەزموونەکانی پێشوو دەریانخستوە مانگرتنی بەندییە سیاسییەکان لە نێو بەندیخانەکاندا کاتیك دەتوانێ دەسکەوتی زیاتری هەبێو لانیکەم دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە ناچار بکا داخوازەکانی بەندییە سیاسییەکان قبوڵ بکەن کە کەوتبێتنە ژێر فشارەوە.

پشتیوانی لە بەندییە سیاسییە مانگرتوەکان بە تایبەت لەم هەلومەرجەدا کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونێکی سەرکەوتووی لە پشتیوانی لە هاونەتەوەکانمان لە باشوورو ڕۆژئاوا لە خۆی نیشان داوە، دەتوانێ نیشانەی ئەم ڕاستییە بێ کە ئەم کۆمەڵگە لەسەر وەدەستهێنانی مافو ئازادییە زەوتکراوەکانی خۆیشی هەر وا پێداگرە.

وەڕێ خستنی کەمپەینو چالاکیی مەدەنیی گونجاو لە شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەردانی بنەماڵەی بەندییە سیاسییەکان، بە میدیایی کردنی هەرچی زیاتری پرسی بەندییە سیاسییەکان، وەڕێخستنی خۆپێشاندان لە بەردەم باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جۆراوجۆری دنیاو گەیاندنی دەنگی بەندییە سیاسییەکان بە کۆڕو کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤو وڵاتانی ڕۆژئاواییو میدیا جیهانییەکان بەشێك لەم چالاکییانەن کە دەکرێ بە کەلك وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێك بخرێن.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین مانگرتنی بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ ئەگەر لەلایەك نیشانەیەکی بەرچاوی خۆڕاگریی بەندییە سیاسییەکانە لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا، تاقیکارییەکی دیکەشە بۆ حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو چالاکانی سیاسیو مەدەنیی نێوخۆی وڵات. ئەوان کاتێك دەتوانن تاقیکارییە بە سەرکەوتوویی تێپەڕ بکەن کە جیدیتر لە هەر کات ئاوڕ لە ڕۆژهەڵاتو خەم ئازارەکانی، کە بەندییە سیاسییەکان بەشێکی گرنگی ئەوانن، بدەنەوە. چونکە پشتیوانی لە بەندییە سیاسییەکان لە ڕاستیدا بە واتای وەدەنگ هاتنە لە سەر مافی ڕەوای ئازادیی بیروڕاو تێکۆشانی سیاسی. ڕێکخستنی پشتیوانی مەدەنیو جەماوەریو شێوازەکانی دیکەی پشتیوانیی هەمەلایەنە تەنیا ڕێگای سەرکەوتنە لەم ئەزموونەدا.

# دۆخی زیندانیانی سیاسیی کورد




نووسەر: مەنسوور مروەتی

بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ مانگرتنی زیندانیانی سیاسیی کوردی بەندیخانەی ورمێ کە لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ ی خەزەڵوەرەوە دەستی پێکردوە ئەوڕۆ پێی ناوەتە چاردەهەمنین ڕۆژی خۆی

و تا ئێستاش لە لایەن بەرپرسانی قەزایی کۆماری ئیسلامیەوە هیچ وڵامێك بە داخوازیەکانیان نەدراوەتەوە.

ئەو زیندانیە سیاسییانە خوازیاری ئەوەن کە زیندانیەکان بە پێی جۆری تاوان یا تۆمەتەکانیان لە یەکتر جیا بکرێنەوە و ئەو کۆمەڵە لە هاوڕێیەکانیان کە بۆ بەندەکانی دیکە ڕاگوێزراون بهێنرێنەوە جێگای خۆیان و ئەوانەش کە لە بەندەکانی دیکەوە هێنراونەتە لای ئەوان بگەڕێندرێنەوە بەندی خۆیان. دەوترێ کە کۆمەڵێك لەو زیندانیە سیاسییانە بۆ بەندەکانی تایبەت بە تاوانبارانی کۆمەڵایەتی وەکوو دزی و قەتڵ و مادەسڕکەرەکان براون و لە بەرانبەریشدا کۆمەڵێك لەو تاوانبارانەش کە باس کران هێنراونەتە بەندی سیاسییەکان. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی ماددەی"١ی" ئاییننامەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی، شێوەی جیاکردنەوە و ڕاگیرانی زیندانیان بریتیە لە؛ "جیاکردنەوە بە پێی جۆری ڕەگەز و تەمەن و جۆری تاوان و تەندروستی زیندانی."

ئەوەی کە لەم ٣٥ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا ڕێی کەوتبێتە زیندان، بەچاوی خۆی دیویە کە ئەو سیاسەتە تەنیا تایبەت بە زیندانی ورمێ نیە و لە هەموو زیندانەکانی ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان ڕەچاو دەکرێ. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەم، زیندانیانی سیاسی تەنانەت



لە کاتی تێپەڕکردنی ماوەی حوکمەکەیاندا لەو جۆرە بەندانەدا هەست بە ئەمنیەت نەکەن و بەردەوام لە ژێر فشاری ڕەوانیدا بن. دووهەم ئەوەیکە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە دنیای دەرەوە و ناوەندە نێودەوڵەتیەکان بڵێن کە لە ئێراندا زیندانیی سیاسیمان نیە. ئەم وتەیەش بەردەوام لە زمانی بەرپرسانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامیەوە بیسراوە.

بە پێی ئاماری چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێستادا نزیکەی بە نیوەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران کوردن، کە دۆخی زیندانیانی کورد بە بەراورد لە گەڵ زیندانیانی دیکە جێگای لێوردبوونەوە و هەڵوەستە لە سەر کردنە.

١- زۆربەی هەرە زۆری زیندانیانی سیاسیی کورد لە مافی گرتنی پارێزەر بێبەشن و ئەگەریش پارێزەریان هەبێ هیچکات لە ڕەوتی دادگایی کردندا گوێ بۆ پارێزەرەکانیان ڕانەگیراوە.

٢- بە پێی یاسای دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی تۆمەتبار دەبێ لە نزیکترین شوێنی ژیانی واتا شارەکەی خۆیدا زیندانی بکرێ، لە حاڵێکدا کە زۆربەی زیندانیانی سیاسیی کورد بۆ زیندانی شارەکانی دیکەی ئێران وەکوو یەزد، کاشمەر، میناب، تاران، تەبرێز و ئەردەبیل و.... هتد دوور خراونەتەوە.

٣- یەکێکی دیکە لە مافەکانی زیندانی کەڵك وەرگرتن لە ئیزنی مورەخەسی و چاوپێکەتن لە گەڵ بنەماڵەیە، کە زۆرێك لە زیندانیانی سیاسیی کورد کە حوکمی درێژخایەنیان بە سەردا سەپاوە، نەتەنیا ئیزنی چونەمورەخەسییان پێ نادرێ، تەنانەت ئیزنی چاوپێکەتن لە گەڵ بنەماڵەکەشیان پێ نادرێ.

٤ یەکێکی دیکە لەو مافانە کە لە زیندانیانی کورد زەوت کراوە، چارەسەریی پزیشکیە کە بەداخەوە بە پێی ئامارەکان ٤٠ زیندانی کورد تووشی نەخۆشیی درێژماوەی بێ چارەسەر هاتوون و هیچ کارێك بۆ دەرمان کردن و چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەیان نەکراوە.

٥ - زۆرێك لە زیندانیانی سیاسیی کورد لە بەر ناوبەدەرەوە نەبوونیان تا ئێستاش نەناسراون و یا کەمتر باسیان کراوە، هەربۆیە هەموو ئەمانە کە باس کران دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە دۆخی زیندانیانی سیاسیی کورد لە خراپترین حاڵەتی خۆیدایە و ئەرکی هەموو ناوەندەکان و چالاکانی ماڤی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان ئەوەیە کە ناوەندە نێونەتەوەییەکان لەم دۆخە خراپە ئاگادار بکەنەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە بوترێ کە زۆربەی ئەم زیندانییانە بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبە سیاسیەکانی کوردستان تووشی زیندان و ئەو دۆخە نالەبارە هاتوون، کەوایە بۆ یارمەتی کردن و بە هاناوە هاتنی ناوەند پێوەندیدارەکان، ئەرکی سەرەکی و قورستر دەکەوێتە سەرشانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.


# پیلانێك بۆ کوژاندنەوەی وشیاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



نووسەر:
سامان فەقێ نەبی

حه و تو و نا مه ی "ڕۆژان" کە لە شاری سنەی چاپ دەکرێ لە دوایین ژمارەی خۆیدا وێڕای ئاماژە پێکردن بە ڕووداوەکانی شەنگال و کۆبانی، هۆکاری دژایەتی ڕێکخراوی تڕۆریستی "داعش" لەگەڵ کوردانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانی، بۆ ئێرانی بوونی خەڵکی ئەو ناوچانە و گرێدراوی جوگرافیایی شارەکانی شەنگال و کۆبانی بە خاکی ئێران زانیوە و لەو چوارچێوەیەوە هاوتەریب لەگەڵ گۆشەنیگای کلووپە یان ئێرانیستییەکانەوە سەیری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نافینی کردووە.

ئەم هەڵوێستەی نووسەر و کارگێرانی ئەم حەوتوونامەیە جیاواز لەوەیکە دەریدەخا کە ئەم جۆرە بڵاوکراوانە، تەنیا بە مەرجی پڕۆپاگاندا و پەرەپێدان بە ڕوانگەی ستراتێژییکی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئیزنی دەرچوونیان پێ دەدرێ، هاوکات هەڵگری ئەم سیگناڵەشە کە هێشتا هێندێك لە بەناو نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرهاویشتەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و یان ئێرانیزم دەرباز نەبوونە و لە چوارچێوەی کولتووری زاڵی داگیرکارییدا قەتیس ماونەتەوە. هەرچەند بەشێك لەو نووسینانە دەکرێ وەك پەرچەکردارێك لەهەمبەر تەوژمی شۆڤێنیزمی ئازەری لە دژی کورد لەدوای پشتیوانی نێودەوڵەتی لە گەلی کورد لە ڕووداوەکانی شەنگال و کۆبانی پۆلێن بەندی بکرێ، بەڵام لە ڕاستییدا لەو قۆناخەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشن لە ڕێگای برەوپێدان بەو جۆرە نووسینانە لە دوو گۆشەنیگایەوە ئامانجە درێژخایەنەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن.




یەکەم، لە ئاستی نێوخۆییدا هزر و ڕامانی گەلی کورد بەوە پڕ بکەنەوە کە لە نێو وڵاتانی عێراق و سووریە و تورکیە و ئێراندا، کورد تەنیا لە چوارچێوەی ئێراندا بەهۆی نەژادی ئارایییەوە خاوەن ماف و غرووری نەتەوەییە و لە باقی ئەو وڵاتانە کورد بەهۆی هاوپێوەندی لەگەڵ نەژادی ئێرانییەکان ڕووبەڕووی ستەم و چەوسانەوە دەبێتەوە.

دووهەم، لە ئاستی دەرەکییدا بە لەبەرچاوگرتنی هێندێك فاکتی ڕاست یان ناڕاستی مێژوویی لە نێو هەست و دەروونی تاکەکانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان وەها وێنا بکرێ کە بە هۆی ئارایی بوون و ئێرانی بوونی کوردەکان، ئەم گەلە لە وڵاتانی تورکیە و عێراق و سووریە دەکەوێتە بەردەم پەلاماری تورانی و سامی ییەکان.

هه لو یسته کر د ن لەسەر ئەم ئامانجانەی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی یان ئێرانیست لە دەرەوەی وڵات، دەریدەخا کە عەقڵییەتی خودمێحوەربینی لە نێو ئەم سیستەم و کولتوورەدا بووتە نەریتێکی زاڵ کە پێدەچێت تەنانەت هێندێك لە نووسەر و ڕوناکبیرانی کوردیش تێیدا نووقم بووبێتن. ئەگینا کام قەڵەمی بەویژدان دەتوانێ دۆخی تراژیدی کوردستانی ئێران نەهێنێتە سەر کاغەز و لە جیاتی ئەوە لە پێناوی خۆش خزمەتی بۆ ڕژێم، فرمێسك بۆ کورد لە پارچەکانی تری کوردستان هەڵبڕێژێ و ئاواتی خستنەسەری پارچەکانی تر بۆ سەر خاکی ئێران بخوازێ. لە کاتێکدا کە زۆربەی چاودێرانی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ، وڵاتی ئێران بە گەورەترین زیندانی ئازادیخوازان و کوشتارگای گەلانی بندەست پێناسە دەکەن، مەدحی وەها وڵاتێك لە لایەن بەشێك لە بەناو نووسەرانی و بژاردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ واتایەك دەگەیێنێ؟!

ئەگەر ڕەهەندەکانی ئەم کردارە خزمەت بە گەل و نیشتمان، بۆچی لە بەرامبەر تواندنەوەی کولتووری و ئەنفالی سپی و بە ئەمنییەتی کردنی فەزای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕژێم و کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەران و گرتن و ئەشکەنجەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەنگ هەڵنابڕن و جارێك لە جاران مۆدێلی فیدراڵی لە باشووری کوردستان و خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژئاوا و یەکێیچی چارەسەری کێشەی کورد لە باکوور بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە نموونە ناهێننەوە؟!

ئەم بەڕێزانە ئەگەر خۆیان لە ڕاستییەکان نەدزنەوە، دەبێ ئەو واقیعەیان دەرك پێکردبێ کە مێکانیزمی چارەسەری دۆزی کورد لە باقیی پارچەکانی کوردستان بە بەراورد لە گەڵ ئێران بەرەوپێشچوونی خێراتری بەخۆیەوە دیوە، کەچی بەداخەوە ئەمان سازێك لێدەدەن کە بە مەزاقی "تاران" خۆشە، نەك مییله ته که یا ن .

# کورتەیەک لەسەر مێژووی ئاڵا



نووسەر: عەلی لەیلاخ

وەک دەزانن مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەوە، هەر لە مێژە تا ئێستا بە کۆمەڵ ژیانیان بردۆتە سەرو هەمیشە پێکەوە ژیاون. هەر گرۆپێک لە مرۆڤ هەمیشە قەڵەمڕەوی تایبەت بە خۆیانیان دیارکردووە، جاروباریش بۆ پەرەپێدان بە جوغرافیا
و ژینگەی خۆیان و بەدەست هێنانی پێداویستیەکانی ژیان هێرشیان کردۆتە سەریەکترو جەنگو شەڕەکانیش بەشێکی جیانەکراوەیە لە رەوتی مێژووی گەلان.

هەربۆیە هەر قەبیلەوعەشیرەیەک بۆ پێشاندان و پێناسەی خۆی چ لەسەر شوێنی نیشتەجێ بوونی وچ لە کاتی شەڕەوپێکدادانەکان هێمایەکی لە خوی بە ناوی ئاڵا هەڵکردووە.

وەک لەبەڵگە مێژووییەکاندا هەیە تەمەنی سازکردن وهەڵکردنی ئاڵا دەگەڕێتەوە بۆ(٤٠٠٠) ساڵ لەمەو پێش، بۆ یەکەمجار هەر لە میزۆپۆتامیا واتە کوردستانی ئەمڕۆ، ئاڵا هەڵدراوە و هەروەها لە خاکی ئێرانیش ئەمپیراتۆرییەکان هەرکام خاوەنی هێمای تایبەت بە خۆ بوون. لە سەرەتا شارستانیەتی سۆمەرییەکانو ئاسۆرییەکان ومیدیاکان، ئاڵایەک وەکوو نیشانەیەک لە دەسەلاتداریەتی هەڵداوەو دواتریش لە ئێران هەخامنشیەکان، ساسانیەکانیش بە هەمان شێوە.

میسرییەکانی کۆنو ئیمپراتۆریرکانی چین و ژاپۆنیش مێژوویێکی دووریان هەیە لە هەڵکردنی ئاڵا.

بە پێی زانستی ئاڵاناسین Vexillology تەواوی رەنگ و نیشانەکانی ئاڵا چ لە ئێستا چ لەکۆن هەڵگری باری مانایی تایبەتن و زۆربەی هەرەزۆری ئاڵاکان چونکە هەڵقوڵاویی مێژووی هەر گەلێکەو بۆتە پێناسەی ئەوان لە دونیا هەربۆیە وەکوو هێمایەکی نەتەوەیی چاوی لێکراوەو رێزی لێگیراوە. ئەوەندە جێگای بایەخە کە لە رابردوو لە کاتی شەڕەکان ئەرکی سەرشانی یەک لە پاڵوانە بوێرەکان هەڵگرتنی ئاڵاکە بووە، لە کۆتایی شەڕەکە بە نیشانەی سەرکەوتن لەسەر خاکی خۆیان لە کاتی بەرگریی یان لەسەرخاکی لایەنی بەرامبەر بە مانای سەرکەوتن و فتح دوای داگرتنی ئاڵای ئەو وڵاتە ئاڵای خۆیانیان دادەکوتا.

هەرلەمێژە ئاڵاکان لە باری رەنگ و نیشانەکانەوە لە گەڵ یەک جیاوازییان هەبووە و هەر هۆزودەسەڵاتێک رەنگ و نیشانەیەکی بۆ ناساندنی خۆی دەست نیشان کردووە. زۆرێک لە ئاڵاکان لە نیشانەکانی سرۆشت وەکوو، خۆرو مانگ وباڵدارو ئەستێرە ودارو گوڵ و...هتد) پێکهاتوون. هەر بە گوێرەی زانستی ئاڵا ناسین هەر رەنگ و نیشانەیەک لە نێو ئاڵا هەڵگری باری مانایی تایبەت و باس لە باوەڕو رووداوەکان ومێژووی ئەو وڵاتە دەکات! ئاڵا هەروەکوو زۆر شتی دیکە رەوتێکی تەکاموولی بەخۆیەوە بینیوە .

ئاڵاکانی سەردەمی کۆن لە پەڕی باڵندەکان یان لە پارچە ئاسنێک یا لە مۆی ئاژەڵەکان سازکراون. هەرکام لە رەنگەکانی ئاڵاکانی ئەمڕۆکە مانای خۆیانیان هەیە بۆ نموونە

رەنگی سوور (ئازایی، خوێن ڕژان لە شەڕ، هێز و یەکسانی)

رەنگی سپی (ئارامی، ئاگربەست، ئاشتی)

رەنگی زەرد (ئاگر، وریایی، درەوشانەوە، رووناکی)

رەنگی رەش ( مەرگ، پرسە، نەمری)

رەنگی شین (ئاوەدانی، ئاو، ئازادی)

رەنگی سەوز(لاویەتی، وڵات، پاراستن و سەوزایی)

کۆنترین ئاڵای سەردەمی سۆمرییەکان لە جینسی «برۆنز» دروست کراوە کە بە هۆی ئەوەی لە دوورەوە لە بەر تیشکی هەتاودا بدرەوشێ. هەر بە پێی ئەم ئاڵا دوور لە راستیی نیە کە واتای ناوی «درفش» کە لە ئێرانی کۆن بە ئاڵا گوتراوە ریشەی و بنچینەی ئەم وشە کە «درەوش» و درەوشانەوە رِا، هاتبێت کە وشەیەکە بە بنەڕەت کوردییە. هەروەها ئەگەر هێندێک لە وشەی «پرچەم»یش بکۆڵینەوە تێدەگەین کە ئەویش زاراڤەیەک لە زمانی زاگروس نشینەکانە. کە لە «بەر» واتە پێش وبەر +چەم»، پێکهاتووە.

ئەوەی کە ئێستاکە پێ دەگوترێت ئاڵای نەتەوەیی لە جیهان ونزیک بە ١٩٥ وڵات ئاڵایە ناسراویان هەیە. کۆنترین ئاڵای نیشتمانی هی وڵاتی «دانیمارکە» کە ساڵی١٢١٩دروست کراوە. بەسەرهاتی سازکردن وهەڵکردنی ئاڵای هەر وڵاتێک خاوەنی مێژوویێکی دوورو درێژە کە لێرەو بە بۆنەی ٢٩سەرماوەز وەک ناوزەد کردنی ئەمڕۆژە بە ناوی رۆژی ئاڵای کوردستان ئاوڕێکی کورت لە مێژووی ئاڵای کورد بەگشتی دەدەینەوە.

ـ ئاڵای ئیمپراتۆری مادەکان

لێکۆلێنە مێژووییەکان دەرخەری ئەوەیە کە سەرجەم هۆزوخێڵەکانی کۆنی میزۆپۆتامیا خاوەنی ئاڵا بوون، بە تایبەت دەوڵەتی ماد کە ٧٠٠ساڵ پێش زایین دامەزرابوو و لە کاتی شکست دانی ئاسورییەکان ئاڵای تایبەت بە خۆیایان هەڵکردووە کە دەگوترێت لە سێ هێڵی سوورو زەردو سەوز پێکهاتبوو هەرچەند تا ئێستا بەڵگەیەکی بەهێز ئەمەیەی پشت راست نەکردوتەوە.

ـ ئاڵای دەوڵەتی ئەییوبیەکان

ـ ئاڵای دەوڵەتی زەند کە لەساڵی (١٧٥٠-١٧٩٤) دەسەڵاتی ئێرانیان بەدەستەوە هەبوو ئاڵای تایبەت بە خۆیانیان هەبووە.

ـ ئاڵای میرنشینەکانی کوردستان (شەدادی، مەروانی، بابان، ئەردەڵان، بێدلیس، سۆران، هەکاری، بادینان، لوری گەورە، لوری بچووک، حەسەنکێف، بۆتان.... هتد )

ـ ئاڵای راپەرینی قۆچگیری ١٩٢١

ـ ئاڵای حکوومەتی کوردستانی خواروو١٩٢٢(شێخ مەحمودی حەفید)

ـ ئاڵای راپەرینەکەی ئاگری١٩٢٩-١٩٣٠

ـ ئاڵای کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٤٦

ئێستا تەنیا ئاڵایەک کە بە ناوی کوردستان واتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراقی فیدراڵدا بە فەرمی ناسراوە بەسەرهاتێکی دووردورێژی هەیە و بێجگە باری مانایی رەنگەکان کە باسمان کرد وەکوو ئاڵا لە پارچەکانی کوردستان تەمەنی زیاتر لە٩٠ساڵی هەیە هەر لە ساڵی ١٩١٩ لە سەردەستی چەندین رێکخراوە وشۆرشی کوردیی هەڵکراوە، تادەگاتە (کۆمەڵەی ژێکاف١٩٤٢زایینی) لە شاری مەهاباد کە لە بۆنە و یادەکان دا هەمان ئاڵایان هەڵکردوە . بەڵام بە هێندێک دەستکارییەوە ئەم ئاڵایە لە ساڵی١٩٤٦زایینی وەکوو ئاڵای کۆماری کوردستان بەرەسمی دەناسرێت ولەسەربانی سەرجەم دامودەزگاکانی ئەوکات هەڵدەکرێت. دوای رووخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠ بەم لاوە ئەم ئاڵایە کە لە سێ هێڵی (سوورو سپی وسەوز+ خۆرەتاوێک لە ناوەڕاست) پێکهاتوە لایەن زۆربەی هەرزۆی رێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە ئاڵای گەلی کورد ناسراوەو پەسەند کراوە.

سەرچاوەکان:
ماڵپەڕی کتێبخانەی کوردی ئەوین
سایتی ئاڵای کوردستان
اطلاعات عمومی

# بۆ ٢٦ی سەرماوەز
# «هەر ماڵەو ئاڵایەك»



نووسەر: ژیوار ڕەسووڵی

چەند رۆژی دیکە، واتا ٢٦-ی سەرماوەز لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو رۆژی ئالا و پێشمەرگە دیاریکراوە، ئەوەش وەفایی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پێشەوا و کۆماری کوردستان دەگەیەنێت.

لای هەموومان ڕوون و ئاشکرایە کە لەو رۆژەوە ژێکاف بریاریدا وەکوو حیزبێکی مۆدێرن درێژە بەخەباتی سیاسیی بدات،و حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند، پیرۆزی خاك و ئالای کوردستان تان و پۆی ئەو حیزبەی پێکهێنا،و هەر لەو سەردەمەدا بۆ یەکەمجار حیزبێك بۆ بەرێوەبەری دەوڵەتی کوردی دامەزراند،و هەر لەسەر ئەو پێویستی و بنەمایەش دامەزرا. حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆماری کوردستان دامەزراندو بەڕێوەی برد، کەواتا فەلسەفەی سیاسیی لای دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە لەسەر بنەمای سەربەخۆی خاك و خەڵکی کوردستان کە لەدەوڵەت—نەتەوەدا خۆی دەبینێتەوە، دامەزراوە. هەربۆیەش پێش ئەوەی کۆماری کوردستان رابگەیەندرێت، لە٢٦-ی سەرماوەزی ١٣٢٤-دا بەسەرپرشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر شارەبانی مەهاباد هەڵکرا، ئەوەش یەکەم لۆگۆی نەتەوەییبوونی کۆماری کوردستان پێش راگەیاندنی بوو، هاوکات لەو رۆژەوە دەستکرا بە بڵاوکردنەوەی ئاڵای کوردستان بەهەموو رۆژهەڵاتی کوردستاندا،و ئەوەندەی کات دەرفەتی دا لەبەشێکی زۆر لەشارو بگرە گوندەکانیش ئالای کوردستان بەرزکرایەوە.

دوای ئەوەش پیرۆزی ئالای کوردستان لای پێشەوای کۆماری کوردستان گەیشتە لوتکەی پیرۆزی خۆی و لەسوێندەکەیدا پێشەوا سوێندی بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان خوارد کە هەموو هەوڵی خۆی بۆ بەرزراگرتنی ئەو ئاڵایە بدات و، بەگیانی خۆی سوێندەکەی بردە سەر، هەربۆیەش لای حیزبی دیموکراتی کوردستان وەکوو میراتگری پێشەواو کۆمار، ئالا ئەو پیرۆزییەی هەرماوە،و بۆ ئەوەی نەوەکانی پێشەوا خاوەنداریەتی لە فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات و کۆمار بکەن، رۆژی پارێزەری خاك و ئاڵای کوردستانیان لەگەڵ رۆژی ئاڵا کرد بە یەك رۆژ، بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە کە پێشمەرگە هەر پارێزەرە بەوەفاکەی ئالای کوردستانە. هەربۆیەش لەئێستادا کە بەپیر ٢٦-ی سەرماوەز رۆژی ئاڵای کوردستان و پێشمەرگەوە دەچین، دەبێ هەموو کوردستان بەگشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت جارێکیتر لەفەلسەفەی ئالا و پێشمەرگە وردبینەوە، و بیکەینە هەوێنی یەکگرتووی و یەکێتی نەتەوەیی، چونکە لای هەموومان ئاشکرایە کە هەر چوارپارچەی کوردستان بە قۆناغی رەزگاری نەتەوەییدا تێدەپەرێت،و دەبێ بەها پیرۆزەکانی وەکوو ئالا و پێشمەرگە وەکوو پارێزەری ئەو ئالایە سەرەتاییەکی بەهێزی یەکدەنگی کوردان بێت.

هاوکات لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیان سەڵماندووە کە رێز لە بەها نەتەوەییەکان دەگرن و بەرژەوەندی نەتەوەییش دەخەنە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی تاکە کەسی، ئەوەشیان بۆ شەنگال و کۆبانێ لەسەر ئەرزی واقیع سەلماند، هاوکات ئەو میراتگرانەی کۆماری کوردستان پشتیوانییەکی بەهێزی جەماوەریان لە پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان کردووە،و بەهەموو شێوەیەکیش بەربەرەکانی لەگەڵ پیلانە سیستماتیکەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی و جوغرافیی بەتایبەت لە ورمێ و ئیلام دەکەن، لەگەڵ ئەوەش دا چالاکییە مەدەنییەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ژینگەپارێزی و رێزگرتن لە سەرمایە هونەری و کلتوورییەکانی رۆژهەڵات ئەوە دەردەخات کە ئەوان لەم قۆناغەشدا خاوەنداریەتی لە خاك و خەڵکی رۆژهەڵات دەکەن.

ئێستاش کە لە ٢٦-ی سەرماوەز وەکوو رۆژی پێشمەرگەو ئالای کوردستان نزیك دەبینەوە، پێویستە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو ئەرکەی پێشەوامان، قازی محەممەد لەسەر شانی داناوین، لەرۆژهەڵاتی کوردستان هەڵمەتی " هەر ماڵەو ئاڵایەك" دەستپێبکەین، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوومان سەریان بەرز بکەنەوەو بەهەستکردنی ئاڵای کوردستان لە ماڵەکەیاندا شوناسی خۆیان پتەو بکەن،و ئەو باوەرەشیان لەناخیاندا بچەسپێت کە زوو یان درەنگ دەبێ ئاڵای کوردستان لە ئیلام و ورمێ و سنەو کرماشان و مەهاباد هەر دەبێ بشەکێتەوە. ئەگەر "لەهەر ماڵێك ئالایەك" هەبێت، بەدڵنیاییەوە ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەیی دەکەوێتە سەر شانمان بۆ ئەوەی پێشمەرگەئاسا پارێزگاری لەو ئالایە بکەین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان سەربەرزە بەوەی خاوەنی پێشمەرگەو ئاڵایەکە کە ئێستا هەموو جیهان وەکوو داینەمۆی ئازادی و دیموکراسی و پارێزەری ئاشتی لەجیهاندا دەیناسن. ئەوە سەربەرزیشە بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەناخی ئەواندا ئەو دوو سیمبۆلە نەتەوەییە باڵایان کرد،و ئێستاش بەباڵای جیهاندا دەدرەوشێنەوە. هەر بۆیەش بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو نوستالژیایەش بێت، نابێ هیچ ماڵێکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بێ ئالا بێت، چونکە ئێوە خاوەنی راستەقینەی پێشمەرگەو ئالای کوردستانن،و دایك و باوکان و خوێندکارو لاوانی رۆژهەڵات بەرپرسیاریەتی ئەوەتان دەکەوێتە سەرشان کە بە هەبوونی ئالایەکی کوردستان لە ماڵەکانتاندا بەردەوام بۆ منداڵەکان و خوشك و برا بچووکەکانتان باس بکەن، کە مێژوو و ئێستایان چەندە تەژییە لە حەماسەو سیمبۆلی نەتەوەیی و هەستی نیشتمانی کەئێستا بەهۆی بارودۆخی ناوچەیی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوە شانازیان پێوە دەکەن،و بەو ئالا و پێشمەرگەیە لەگەڵ جیهان قسە دەکەن.

هەربۆیەش لەئێستاوە چالاکانی سیاسیی و مەدەنی، لاوان و خوێندکاران، ماموستایان و کارمەندان و کرێکارو جوتیارانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ سەروەرییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەناخیاندا بچەقێنن،و بەو باوەرە بژین کە ئەو ئاڵایەی لە ماڵەکاندا دانراوە، رۆژێك هەر دێت کە بەبازوو و هیمەتی پارێزەرانی کوردستان وەکوو پێشمەرگەی رۆژهەڵات هەر دێتە دەرێ و بەسەر دەرگای ماڵەکاندا هەڵدەدرێت.

# سەحراروودی ئەو کەسە نەبوو پێ بنێتە سەر فەڕشی سووری کورد

نووسەر: ئاهۆ زێتا

ڕۆژی هەینی ٢٦ ی دێسامبری ٢٠١٤ی زایینی، هەیئەتێکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران بە سەرۆکایەتیی عەلی لاریجانی سەرۆکی پارلمانی ئێران لە چوارچێوەی سەفەرێکی چەند ڕۆژەدا بۆ

عێراق، پاش سەردانی بەغدا بەمەبەستی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتە سلێمانی و پاشانیش سەردانی هەولێری پێتەختی باشووری کوردستانی کرد. لاریجانی و وەڤدی هاوڕێی لەو سەفەرەدا لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و حیزبیی هەرە پایەبەرزی باشووری کوردستان دیدار و چاوپێکەوتنی ئەنجام دا و هەردوولا ئەم سەردانەیان بە ڕووداوێکی گرینگ لە تۆماری پێوەندییەکانی نێوان باشووری کوردستان و کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دا.

ئەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی ڕەسمی و دانپێدانراوی سیاسی پێوەندیی ڕەسمیی لە ئاستی هەرە باڵادا لەگەڵ جیهانی دەرەوە و دەوڵەتانی دراوسێدا هەبێ، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستای ناوچەدا کە باشووری کوردستان نەخشی هەرە گرینگی لە شەڕ بەدژی داعشدا لەسەر شانە، نەك هەر شتێکی سروشتی و ئاسایی، بگرە پێویست و بەجێشە. کۆماری ئیسلامییش لەگەڵ ئەوەدا کە سیاسەتێکی دەغەڵکارانە و تێکدەرانەی لە ناوچەدا هەیە و ڕابردوویەکی دووورودرێژیشی لە سەرکوت و دژایەتی و پیلانگێڕی بەدژی گەلی کورد هەیە، لەبەر ئەوە کە دراوسێیەکی گرینگی هه ر ێمی کوردستانە لەو قاعیدەیە ئیستسنا نیە و بوونی پێوەندی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێران، تا ئەو کاتەی ئەو پێوەندییە بەزیانی بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوەی کورد یان لەسەر حیسابی بەشێك لە کورد نیە، شتێکی ئاساییە. تەنانەت بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا نەبێ، بابەتێکە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لێپرسراوانی کورد لە باشووری کوردستان بۆخۆیان لێی بەرپرسیارن و هەروەك گوترا خودی دیدار و سەردانەکەی لاریجانییش بۆ هەرێمی کوردستان شتێکی ئاساییە.



لەبەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکە کە لە وڵاتی خۆیدا حاشا لە پرسی کورد وەك پرسێکی سیاسی دەکا و نەیارانەترین و نائیسانیترین سیاسەتی سەرکوت و تەبعیز بەدژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەڕێوە دەبا، ئەوە کە بەرپرسانی هەرە پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی لە دیدار و سەردانەکانیاندا بۆ هەرێمی کوردستان دان بە دامودەزگا شەرعییەکانی کورد دابنێن و بەڕەسمی لەژێر ئاڵای کوردستان دابنیشن، جێگای سەرنج و بەقازانجی پرسی کورد بەگشتییە.

ئەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی ئەو بەشە لە کوردستان لەپێوەندییەکانیاندا لەگەڵ ڕێژیمێکی وەك کۆماری ئیسلامی بەچەشنێك مامەڵە بکەن کە ئەو پێوەندییانە بە قازانجی جێگە و پێگەی خۆیان تەواو بێ و زیانیشی شتێك کە بەڵام ئاسایی و جێگای پەسند نەبوو، پێکهاتەی هەیئەتی کۆماری ئیسلامی و بوونی محەمەد جەعفەریی سەحراروودی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو هەیئەتەدا بوو کە لانیکەم بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك ناهەقی و ناڕەواییەك دێتە بەر چاو و سەرچاوەی پرسیار و گلەیی نیشتمانپەروەران و بەگشتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حکومەتی هەرێمە.

ڕاستە کە سەحراروودی ئێستا ڕەئیسی دەفتەری سەرۆکی پارلمانی ئێرانە و بەو جێگە و پێگەیەشەوە کە وەك خەڵاتی خۆشخزمەتییە دژە ئینسانییەکانی ڕابردووی بە نسیبی بووە، سەیر نیە کە بۆ ئەو جۆرە سەفەر و سەردانانە یاوەریی عەلی لاریجانی بکا، بەڵام ئایا سەحراروودی ئەو کەسە بوو کە ڕێگای پێ بدرێ پێ بخاتە سەر فەڕشی سووری حکومەتی کوردی و ئایا ئیمکانی ئەوە نەبوو کە پێش بە بەشداریی ئەو لەو سەفەرەدا بگیرێ؟

سەحراروودی کە پێشتر یەکێك لە فەرماندەرانی سوپای پاسداران و پاشان جێگری ئەمنیەتی نێوخۆیی شورای عالیی ئەمنیەتی میللیی بووە، هەر ئەو کەسەیە کە لە جێبەجێ کردنی پیلانی تێرۆری ڕێبەری خۆشەویست و لێوەشاوەی حیزبی دێموکڕات، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوودا نەخشی پلە یەکی گێڕاوە. بەو جۆرە کە لێکۆڵینەوە پۆلیسی و ڕۆژنامەوانییەکانی ئوتریشی ئاشکرایان کرد و بەپێی ئەو ئاکامگیرییەی لە کاسێتەکانی دوایین وتوویژی دوکتور قاسملوو لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامی دەکرێ، سەحراروودی هەم لە گفتگۆکاندا بەرپرسایەتییەکی پلە یەکەمی هەبووە، هەم بۆخۆیشی یەکێك لەو کەسانە بووە کە تەقەی لە دوکتور قاسملوو کردووە و ڕاستەوخۆ دەستی لە شەهیدکردنیدا هەبووە. تەنانەت سەرباری هەموو ئەو سات و سەودایە کە پاش تێرۆرەکە مەقاماتی دەوڵەتی ئوتریش بە خوێنی دوکتور قاسملوو و کاك عەبدوڵڵا قادریی هاوڕێیان کرد، ڕۆژی ٢٢ی دێسامبری ١٩٨٩ بەرپرسانی قەزایی و پۆلیسیی ئوتریش حوکمێکی جەلبیان بۆ سەحراروودی کە بۆخۆی لەکاتی تێرۆرەکەدا بریندار ببوو، دەرکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر پێشتر ناوبراو بەرەو تاران ئیسکۆرت کرابوو و بەهۆی هەموو ئەو کەین و بەین و شانتاژانەوە کە لە مانگ و ساڵەکانی دوای تێرۆرەکەدا ...

باڵی بەسەر پێوەندییەکانی ئوتریش و ئێراندا کێشا، ناوبراو هەرگیز رادەستی پۆلیس و راپێچی عەدالەت نەکرایەوە، بەڵکوو پاش گەڕانەوەی دەرەجەی سەرتیپیی سوپا و دواتریش کۆمەڵێك مەنسەبی بەناو سیاسی و مەدەنیی لەنێو دەزگای کۆماری ئیسلامیدا وەرگرت بەچەشنێك کە ئەمڕۆ لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە بێباکانە سەردانی وڵاتانی دیکە و یەك لەوان هەرێمی کوردستان بکا.

بە حزووری سەحراروودی لەو سەفەرەدا نەك هەر دڵی بریندراری خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە کولایەوە، بەڵکوو بەم شێوە دەرکەوتن و پێشوازییە کە لەو سەفەرەدا بە نسیبی ناوبراو بوو، خەڵك و هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو وانیشدا بەتایبەتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕات ئەو هەستەیان تێدا دروست بوو کە شعور و غرووری ئازادیخوازانە و خەباتگێڕانەیان نادیدە و بەکەم گیراوە. ئەو حزوور و دەرکەوتنە زەق و رووهەڵماڵاوەی سەحراروودی لەو سەفەر و سەردانەی هەیئەتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەرێمی کوردستاندا لەبەرئەوەی هەروەها بە مانای دەمەلاسکەی کۆماری ئیسلامی بۆ رابردووی خەبات و خوێندانی کوردی ڕۆژهەڵات و تەنانەت عیزەت و سەرووەریی باشووری کوردستان بوو، دەتوانێ کاریگەریی خراپیشی لەسەر هەستی هاوسۆزی و هاوپێوەندیی نێوان دوو پارچەی کوردستان هەبێ و پەرە بە گومان و دڕدۆنگی لەنێوماڵی کورددا بدا.

ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە پێش کە ئایا بەڕاستی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمکانی ئەوەیان هەبوو کە پێش بە حزووری سەحراروودی لە سەفەرێکی لەم چەشنەدا بگرن؟ بەداخەوە دەبێ بڵێین وڵامی ئەو پرسیارە پۆزەتیڤە. لەلایەك، بەپێچەوانەی ئەو بیرۆکەیە کە لە ساڵانی پێشوودا باو بووە، ئەمڕۆ بەهۆی هەلومەرجی نوێی ناوچە و مەوقعییەتێکی زۆر تایبەتی کە باشووری کوردستانی تێدایە و بەهۆی هاوکاری و پشتیوانیی دەوڵەتانی هەرە دەسڕۆیشتووی جیهان لە حکومەتی هەرێم، ئەو حکومەتە کوردییە دەرەتانی ئەوەی هەیە کە لە پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و یەك لەوان کۆماری ئیسلامییش نەك هەر بە قازانجی کورد لە باشوور بەڵکوو بە قازانجی کوردی پارچەی تری کوردستانیش کەڵك وەربگرێ، یا لانیکەم ئەوەندە کارتی فشاری بەدەستەوەیە کە پێش بەوە بگرێ کە لەو جۆرە حاڵەتانەدا هەست و غرووری کوردی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بریندار بکرێ.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر لایەنی قانوونی و دیپلۆماسیی مەسەلەکەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامراز و تەکنیکی قانوونیی پێشگیری لە حزووری کەسێکی لەم چەشنەی لە هەیئەتێکدا کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکا لەبەردەستدایە. لە سەردەمی ئەمڕۆدا نەك هەر هەرێمی کوردستان کە بەشێوەی دوفاکتۆ نیمچە سەربەخۆیە و مۆدێلێکی لە چەشنی خۆیدا بێوێنە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندایە، بەڵکوو هەرێمە فێدراتیوەکانی دیکەی دنیاش لە چوارچێوەی ئەو چەمکەدا کە پێی دەڵێن "پاراڕدیپلۆماسی" لە کردەوەدا زۆر لە تەکنیك و ڕێکارەکانی قانوونی دیپلۆماسی و کۆنسوولی لەپێناوی





بەرژەوەندییە هۆوییەتیەکانی خۆیان بەکار دەبەن. یەکێك لەو تەکنیك و ڕێکارانەش چەمکی "پێرسۆنا نۆن گراتا" یان شەخسی نامەتلۆوبە، کە چ لە کاتی بوونی نوێنەرانی دائیمیی دەولەتێك لەسەر خاکی دەوڵەت و قەوارەیەکی تر و چ لە کاتی هەماهەنگی سەبارەت بە پێکهاتە و پرۆتۆکۆلی سەردانە دیپلۆماسی و کۆنسولییەکان، حکومەتی گەل یا وڵاتی میواندار بۆی هەیە کە سەبارەت بە بوونی کەسێکی نەخوازراو لەنێو هەیئەتی دەوڵەتی میواندا تێبینی بداتە ئەو دەوڵەتە و کارێك بکا کە پێش لە هاتنی ئەو شەخسە نامەتلۆوبە بگیرێ.

بەدڵنیاییەوە ئەگەر ڕێکخەرانی سەردانەکەی لاریجانی لە لایەنی کوردەکانەوە هەست و چاوەڕوانیی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیان لەبەرچاو گرتبا، نەك هەر خاڵێکی جێگای دڵخۆشی و شانازی لەسەر تۆماری عیزەت و غروور و هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد دەچەسپا، بەڵکوو کۆماری ئیسلامییش تەنیا لەبەر ئەو داوا و تێبینیەی حکومەتی هەرێم نەك هەر سەردانەکەی لاریجانیی هەڵنەدەوەشاندەوە، بەڵکوو بە چاوێکی دیکەوە سەیری حکومەتی هەرێم و بەگشتی ئیرادە و هەستیاریی نەتەوەیی کوردەکانی دەکرد.

لە سەردەمێکدا کە ئەوەندە باسی یەکگرتنی کورد و هاوپێوەندیی نەتەوەیی دەکرێ، زۆر گرینگە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك تاقە قەوارەی کوردیی دانپێدانراو و خاوەن جێگە و پێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئاگاداری روانین و چاوەڕوانیی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بێ.

ئەگەر هەرێمی کوردستان بێگومان لە هەلومەرجێکدا نیە کە سەحراروودی دەسگیر بکا، لانیکەم دەیتوانی پێش بەوە بگرێ کە پیاوکوژێك بەو پرۆفایلە ناسراو و بێزراوەوە کە ناوبراو هەیەتی پێی پیسی بخاتە سەر فەڕشی سووری حکومەتی کوردی، سوور لە ڕەنگی رووباری خوێنی شەهیدانی ڕێی رزگاریی کوردستان، سوور لە ڕەنگی خوێنی دوکتور قاسملوو.

# لە پەراوێزی هاتنی سەحراروودی بۆ هەرێمی کوردستان



نووسەر: سامان فەقێ نەبی

حوزوور و بەشداربوونی مۆرەی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران ،جەعفەر سەحراروودی، لە دیدارەکانی وەفدی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هەڵگری چەند پەیامێکی گرینگ بۆ کورد لە ٢ پارچەی ڕۆژهەلات و باشووری کوردستانە.

لە پێوەندی لەگەڵ باشووری کوردستان ،ڕێژیمی ئێران بە ئانقەست بە بەشداری پێکردن بە سەحراروودی ئەو سیگناله دووبارەیەی بۆ کاربەدەستانی کورد لە هەرێم ناردەوە کە ئەزموون و ستاتۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە روانگەی ئێرانەوە فەرمییەتی نییە و لە تەعاموول لەگەڵیدا زیاتر کەسایەتییە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم پێوەندییە دیپلۆماسییەکان لە باشووری کوردستان هیدایەت دەکەن.

لە لایەکی تر، کاربەدەستانی ئێرانی بە هۆی ئاشنایەتی لە مێژینە لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، تێدەکۆشن بە هێنانە کایەی مۆرە تێرۆریست و ئەمنییەتیەکانی خۆیان لە ڕووداوو و هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان،بەردەوام ترس لە ئۆختاپووسی سپای قدس و وەزارەتی ئیتلاعات لە زەینی سەرکردەکانی باشوور زیندوو ڕابگرن و لە کاتی پێویست لەو فۆبیایە وەکوو کارتی گوشار لە بەرامبەر هەرێمدا کەڵك وەرگرن.

ئامانجێکی تری ڕێژیمی ئێران تێکدانی هەستی هاوسۆزی و هاوهەلوێستی نەتەوەیی لە نێوان کوردانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانە،حوزووری بکوژی یەکێك لە گەورەترین ڕێبەرانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان واتە دوکتور قاسملوو و بەشداری وەها تێرۆریستێك لە تەشریفات و تەعاروفاتی دیپلۆماتیك کە هەر حکوومەتێك یەك لەوانیش حکوومەتی هەرێم وەك عورفی دیپلۆماسی پێرەوییان لێدەکا،هاندەری تەریك کەوتنەوەی ٢ پارچەی کوردستان لە یەکترە کە ڕێژیمی ئێران لە بەرێوە بردنی ئەم جۆرە شانۆ و پیلانانە خاوەن ئەزموونێکی دوورو درێژە. لە واقیعدا کۆماری ئیسلامی لە تێزی رووشاندی هەستی کوردایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای تێوەگلاندنی پارچەکانی تری کوردستان لەو جۆرە سێناریۆیانە خاوەن بەرنامە و پلانێکی درێژخایەنە.

بەلام لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێژیمی ئێران بە دەرخستنی سیمایەکی رەش و قێزەونی خۆی لە روانگەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە ،واتە سەحراروودی رووی ئەسڵی لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستانە. بەو مانایە کە هەول دەدا هەم حیزبی دێموکرات و هەمیش باقیی لایەنەکان لەوە ئاگادار بکاتەوە کە چارەنووسیان لە داهاتوودا لە خاکی هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لە خاکی عێراق،لە گرەوی چۆنێتی تەوافقی کاربەدەستانی باشوور و مۆرە نیزامی و ئیتلاعاتییەکانی ئێران دایە.

ئەگەر ئەم گریمانەیە بە هێند وەربگرین،پێویستە لە ئێستاوە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی خۆیان بۆ ئەم پیلان و شەرە رەوانی و مەترسیدار لە داهاتوودا ئامادە بکەن. لە راستییدا فۆرمولێکی سادە لەبەردەم حیزبی دێموکرات دا هەیە،ئەویش بریتییە لە هەولدان بۆ چالاك بوونەوەی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حوزووری راستەقینە نەك مەجازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هاوکێشەیەکی سادە لەو نێوەدا دەردەکەوێ کە ئەویش بریتییە لەوە کە بەهێزبوونی حیزبی دێموکرات واتا بەهێز بوونی باشووری کوردستان و فاکتەرێك بۆ ڕێگری لە بەهێزبوونی هێژموونی ئێران بەسەریدا و رواندنەوەی ترس و فۆبیایەك کە لەهەمبەر ئێران دا لە نێو کاربەدەستانی باشووردا دەبیندرێ.

مێکانیزمی بەهێزبوونی حیزبی دێموکراتیش تەنیا و تەنیا لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مودیرییەت کردنی پتانسییەلە ئینسانی و مادییەکانی ڕۆژهەڵات واتا پەیدا دەکا و دەدۆزرێتەوە.لە قۆناغی هەنووکەییشدا پێکهاتنی هێزێکی شۆرشگێر لە کەسانی نیشتمانپەروەر بە نێوی "پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە نێوخۆی ولات دەرفەتێکی زێرینی خستۆتە بەردەم حیزبی دێموکرات کە لەو کانالەوە بەهێزی خۆی و تواناکانی لە پاشەکشەپێکردن بە پیلان و سێناریۆ مەترسیدارەکانی کۆماری ئیسلامی بسە لمێنێ.